یادەوەری

# هەورازەکانی کاروانی تەمەنم

## حەسەن کاکە

دارشتنەوەی

فازیل شەورۆ

٢٠١٥

**له سـەر ئەركی -ڕەهبەر سـەید برایـم-**

**چا پكراوەتەوە**

| | |
|---|---|
| ناوی كتێب | هـەورازەكـانی كـاروانی تـەمـەنـم |
| بابەت | یادەوەرییەكانی حەسەن كاكە |
| دارشتنەوە | فـازیـل شـەوڕۆ |
| پێداچوونەوەی | ئارام ساڵح |
| بەرگ ودیزاین | فـازیـل شـەوڕۆ |
| تیراژ | ٥٠٠ دانـه |
| چاپ | چاپی دووەم – ٢٠١٥ |
| چاپخانه | چاپخانەی شەهاب – هەولێر |

له بەرێوەبەرایەتی گشتیی كتێبخانه گشتییەكان

ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠١٣ ی دراوەتێ

پێشکەشە بە...

- گیانی دایك و باوکم .
- نەجیبەی هاوسەرم و بەیانی کچم.
- تابلۆ و گەزۆ .
- گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان.

## *سەربووردەی تێکۆشەرێك*

### *شێخ سەلاح شێخ شەرەف*

**( سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە)**

**ڕووداو ەکانی مێژوو ، هەڵگەڕانەوە بەرە و پێش چوون ، گۆڕینی ژیانی مرۆڤ ، بنیاتنانی شارستانییەت ، خەبات هەر لەسەر دەستی پیاوەمەزنەکان و سەرکردە لێهاتووەکان، فەرماندە ئازاکان، دانا و زانا گەورەکان نایەتە دی .بەڵکو حەشیمەت ، ڕەش و ڕووت ، ئاپۆڕەی خەڵك ، کەسانی ماندوو و ژیان پڕ لە زەحمەت ، بنیات نەری مێژوون، زۆر جار سەربازی ونن دەڵێن وەستاکارانی مێژوو بزرن .**

**لە جولانەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازیی عێراق دا ، مەسەلەی رزگار نەتەوایەتیی کوردیش هەزاران خۆبەخش و فیداکار و تێکۆشەری ئەم مەسەلەیە لەسەر شان و ماندووبوون ئارەق و خوێنی ئەوان کە ڕشتویانە ئەڕوا بە ڕێوە ئەوان سووتووی ئەم کاروان و ڕێبازەنەن . کاك حەسەن کاکە سەربازی ڕێبازی کومونیست و ئازادی لە یەکێك لە مەڵبەند سیاسی و پێشکەوتوخوازی ئۆپۆزسونی کۆیە ، لەسەر دەمێکی زووی لاویەتییەوە لە گەڕەکی بایزاغا کە بە مۆسکۆی کۆیە ناوزە دەکرا ، تێکەڵی خەباتی شیوعییەکانی کورد بووە، خۆشی پیاوێکی زەحمەتکێش و کرێکار و لە ژیاندا زۆر هەژار بوو .**

**هەردەم ووتومە هەموو تێکۆشەرو لێهاتوو وسەرکردە و هونەرمەندی ئەم دەڤەر قەرزاری کەش و هەوای زانستیی و ئەدەبیی و هۆشیاریی و کوڕەی خەباتی ئەم شارە دێرینەن، ئەوەی گرنگە خوێندنەوەی ژیان و سەربووردەی ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرە دیوی ناوەوەی ئەم جولانەوە سیاسییەی لە شارێکی زیندووی وەك کۆیە لە چل و**

پەنجاككانی سەدەی ڕابردوو تا شۆڕشی نوێ گەلەكەمان نیشان دەدا هەر یەكێ بیەوێ دەرس و پەندی لێوەربگرێ .

باسەكە لەم بارەوە دەوڵەمەندە بە ئەزموون و تاقیكردنەوەی ورد ، مێژوویكی شیوعییەكانیش بەسەركەوتن و شكستەكانەوە دەبینی، وەك ئاوێنەش زوڵم و چەوساندنەوەش كە داگیركەران لە كوردستان دا پیادەیان كردوە ئەبینی و دێنە تۆماركردن لە كوشتن و سووتاندن و و زیندانیكردن و ئاوارەكردن و دەربەدەركردنی كوردان .

كاك حەسەن لە گێڕانەوەی سەربووردەكەی سادە و ڕاستگۆیی دەرخستنی حاڵەتە دەروونییەكانی خۆی و هاوڕی تێكۆشەرەكانی نیشان دەدات .

لە سەنتەری لێكۆڵینەوەی كۆیە ئەم سەربووردەی خەباتی كەسایەتییەكەی كۆیە چاپ و پەخش دەكەین وەك وەفایەك بۆ تێكۆشەرانی ڕاستەقینە لەهەر لایەك بێت وەك ڕێزگرتن و نرخ دانان و پێزانینی هەوڵ و ماندووبوونی جەماوەر بۆ ڕۆڵە دڵسۆزەكانی كە ئەمەش تاكە پاداشتی تیكۆشەرانە تا بیسەلێنین میللەت خزمەت و ماندووبونیان لە بیر ناكات وحورمەتیان دەگێری .

بە دڵ دەخوازین ئەم خزمەتە بچكۆڵەی سەنتەرەكەمان ببێتە تەواوكەری كاری تێكۆشەران، مێژوو شاهیدی ڕووداوەكانە .

٢٠١٣/٢/١٢

كۆیـە.

# دارشتنەوەی چی؟

## فازیل شەورۆ

گەورە ڕۆماننووسی عەرەب (عەبدول رشەحمان مونیف) ، لە ڕۆمانی (ڕۆژهەڵاتی ناوەرشاست)دا ، لەسەر زاری قارەمانەکەی ، کە تازە لەزیندان دەرچووە دەڵێ : " توخوا کوڕینە، ئەشکەنجە و مەرگەساتەکانی خۆتان بنووسنەوە ، با رشۆماننووس و ئەدیب و نووسەریش نەبن . تا خەڵکانی تر بزانن ئەو دڕندانە لە زیندانەکاندا ، چییان بەئێوە کردووە !" هەمیشە ئەم گوتەیە لە بن گوێی ئەو کەسانە دەچرپێنم کە ڕۆژگارێکی تەمەنیان لە کونجی بەندیخانە و لە نێو سەنگەری خەبات و لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا بەسەربردووە و هانیاندەدەم کە یادەوەری و بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە و لە فەوتان رزگاریان بکەن.

چەند جارێك ئەمەم لەبن گوێی هاوڕێ (حەسەن کاکە) خوێند ، ئەوە بوو ڕۆژێك تۆمارکراوێکی ، نزیکەی سی لاپەڕە (A4) ی ، کە دەربارەی ژیاننامەی خۆی نووسی بووی ، نیشاندام بەمەبەستی پێداچوونەوە.

پێم حەیف بوو ئەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارنەی ژیانی ئەو ، وا بە کورت و موختەسەری کۆتایی پێبێت ، بۆیە کە بە یەکەوە بەرنامەیەکمان دارشت ، بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان بەتێروتەسەڵی ، بە پێخۆشحاڵییەوە قبوڵی کرد . ئەوە بوو لە زنجیرەیەك دانیشتنی دوو سێ سعاتی ، ڕۆژانە یادەوەرییەکانی خۆی بۆ دەگێڕ امەوەو منیش تۆمارم دەکردن و شەو جارێکی تر دامدەڕشتەوە . لە سەرەتای دانیشتنی داهاتوو دا ، تۆمارکراوەکەم بۆ دەخوێندەوە و کەم و کوڕییەکانمان ، بەزیادکردن و قرتاندنی زانیاری پێویست ڕاستدەکردەوە ، بەم شێوەیە هەموو ڕووداو و بیرەوەریی ەکانی ئەوم تۆمارکرد .

دوای تایپکردنی جارێکی تر دەقی نووسراوەکەم پێداوە تا وردترو باشتر پێیدابچیتەوە . ئەوە بوو لەسەر ڕەزامەندی خۆی ، ئەم کتێبە بەم شێوەیەی بەردەستی ئێوەی ئازیز هاتە بەرهەم . لێرەدا نابێ ڕۆڵی نەجیبەخانی هاوسەری فەرامۆش بکرێ ، لە بەیاد هێنانەوە و ڕاستکردنەوەی هێندێ بەروارو وردەکاری ڕووداوەکان ، چونکە تێکۆشەر (حەسەن کاکە) ، لە ئاکامی ئەشکەنجەو ناخۆشییەکانی ژیان و چوونە ناو ساڵانەوە ، زوین و زاکیرەو بەرەو کزی چووە و زۆرشتی لەبیرنەماوە ، تەنانەت لە گێڕانەوەی شێوەی ئەشکەنجەدان و وەسفی زیندانەکاندا ، ناتوانێ وەك کەسێکی ئاسایی ، ورد ورد باسەکان بگێڕێتەوە . وەك خۆی دەڵێ لە بەر ئازارو بێهۆشی زۆر ئاگاداری دەوروبەری خۆی نەبووە .

نووسینەوە و بەچاپگەیاندنی ئەو جۆرە یادەوەری و بیرەوەرییانە ، کەلێنێکی باش لە کتێبخانەی کوردی پڕدەکەنەوە . ڕشاستە هێندێ لە نووسەرو شاعیرو تێکۆشەران یادەوەرییەکانی خۆیان ، لەژێرناونیشانی جیاجیا دا وەك : یادەوەری ، یاداشت ، بیرەوەری ، ڕۆژژمێر یان ژیاننامە چاپکردوە ، بەڵام هێشتا کتێبخانەی کوردی لەم ژانرە ئەدەبییە کە دەچێتە ژێر تایتلی ژیاننامە ، (Autobiography) (السيرة الذتية) زۆر هەژارە ، خۆزیا قەڵەم بەدەستەکانمان ئەم شەختە بەندەیان دەشکاند و بەجورئەتەوە ژیاننامەی خۆیان تۆماردەکرد ، گرنگ نییە تا چ ڕادەیەك پەیرەوی بنەما ئەدەبییەکانی ئەم جۆرە نووسینە دەکەن، با قسەکردن و ڕەخنەگرتن لەم بوارە ، بۆ توێژەر و پسپۆڕانی ئەم ژانرە ئەدەبییە بەجێبهێڵین . وەك نووسەر ( پشکۆ نەجمەدین) لە کتێبی (لە سێبەری و ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا) دەنووسێ: " گێڕانەوەی یادەوەری ، گەر نەبێتە بەشێکیش لە مێژوو ، ئەوا دەبێتە سەرچاوە و هەگبەیەکی دەوڵەمەند ، بۆ کۆڵەرن و مێژوونووسێك کە خوازیاری وردینەی ڕووداوەکانن و دەخوازن لەو رەگەزە بنجینەییانە ورد بنەوە و لەوێڕا کەرستەو سەرمایە ، بۆ نووسینەوەی مێژوو دەست بخەن / خوێندنەوەی ئەو یادەوەرییانە ، دەبنە چەپکە کلیلێکی گرنگ و دەکارن دەرگەی زۆر مەسەلەمان بۆ واڵا بکەن و جۆرێك لە بەر چاوڕوونیمان پێ بدەن."

٢٠ – ١ – ٢٠١٣

کۆیە .

## *وتـەیـەکی پێویـست ...*

زۆر بە وردی ناوەرۆك و بڕگەكانی پاكنووسی ئەم كتێبەم خوێندەوە ، كە مامۆستا و شـاعیر ( فـازیـل شـەوڕۆ ) دایڕشتۆتەوە . من لە هەموو وشـەیەكی ئەم كتێبە ڕازیم و خۆم بە بەرپرسی هەموو ئەو زانیارییانە دەزانم كە تۆماركراون .

سوپاس بێ پایانی مامۆسـتا ( فـازیـل شـەوڕۆ ) دەكەم كە خۆبەخشانە ئەم ئەركە قورسەی خستە ئەستۆی خۆی . سوپاسی شاعیرو ڕۆژنامەنووس ( ئـارام سـاڵح )یش دەكەم كە لە رووی زمانەوانییەوە ، پێداچوونەوەی بۆ كرد .

حەسـەن كاكە

١ / ٢ / ٢٠١٣

كۆیە.

## ســـوپاس و پێــزانیــن

**هاوڕێیانی ئازیزم، دۆستانی ڕۆژگارە سەختەکان، خۆشـەویســتەکانم....**

**خۆتـان شاهیدحاڵی ژیان و سەربووردەو گوزەرانی زیندەگی من بووین و تەواو خەبەرداری چالاکیی سیاسی و خەباتی چەکداری و کاری خێرخوازی و نیشتمان پەروەری من بوون. ئێوە چاك دەزانن هەر لە تەمەنی هەرزەکارییمەوە تا دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩٩١) یش، بەندە هەر بەرد سەرینی بووە و ئاسمان لێفە. کۆڵیت و کوخ و کەپرو ژێرزەمینەکانی ئێوەی ئازیز نە بووایە، حوجرەیەکی تاریکم شك نەدەبرد، وەك موختەفی سیاسی، لە ترسی چەپۆکی گورگ و چەقەڵەکانی دەژمن، خۆمی تێدا بشارمەوە. ئەوەی برا بۆ برا دەیکات، ئەوەی ئازیز پێشکەشی کەسی ئازیزی دەکات، ئێوە بۆ منتان کرد و من زۆر منەتم پێیە، وەلێ یەك داوای بچووکم هەیە حەز دەکەم لێم قبوڵ بکەن ، ئەویش ئەوەیە کە گەردنم ئازاد بکەن کە من ناتوانم ناوی ئەو هەموو هاوڕێ و دۆست و ئازیزانەی منیان حەواندوتەوەو پشتیوانیان کردووم ، لێرەدا تۆمار بکەم ، حەتمن، هەمووم وەبیر نایەنەوەو زەین و زاکیرەم کاڵ بۆتەوە. جا نامەوی کەسێك لەسەر کەسێکی تر تەفزیل بکەم .من قەرزاری هەمووتـانم و ئەوی کردومە بۆ خاتری چاوی منداڵ و ژن و پیرو لاوی ئەو وڵاتە خۆشەویستە بووە و منەت بەسەر کەس دا ناکەم.**

.

**زۆر سوپاس بۆ هەمووتـان.**

**حـەسـەن کـاکـە**

**١٢-١٢-٢٠١٤**

**کۆیە**

## هەورازەکانی

## کاروانی

## تەمەنم



***له خانووه قوڕێکی گەڕەکی (بایزاغا)وه...***

هۆدەیەكی دارەڕێژكراو ، لە خانوویەكی قوڕ ، لە پشت (تەكیەی مام خەلیفە) هەموو ماڵەكەمان بوو . هۆدەیەك بۆ دانیشتن و نان خواردن و میوان و خەوتن و چرپ و چۆپی ڕۆژانەی خۆمان و دەرو دراوسێمان ! خانووەكەی ئێمەش وەك هی هەرە زۆری دراوسێكانمان ، لە قوڕو خشت دروستكرابوو . بە ماڵی باوكمەوە ، سێ كرێچی لەو سێ هۆدە دا دەژیان ، كە نزیك (قوولەتێنی خێراتان) بوو ، لە گەڕەكی (بایزاغا) لە كۆیە . ئەو كات ، لوولەكیشی ئاو كەم هاتبوو بۆ ماڵان ، ژنان ڕۆژانە سێ چوارجاران دەچوونە قوولەتێنان بۆ ئاو هێنان و دەستنوێژ هەڵگرتن . هەر گەڕەكەی قوولەتێنی خۆی هەبوو : (قوولەتێنی گۆرانان) لەپشت مزگەوتی (منارە) و قوولەتێنی (سیسە) لە نزیك مزگەوتی (قامیش) و قوولەتێنی (بیرۆكە) لە گەڕەكی بەفری قەندی، بەرانبەر مزگەوتی (مەلا مەعصوم) بوو.

نازانم باوكم ئەو هۆدەیەی لە (وەستا مەعروفی دەلاك) بە چەندی بە كرێ گرتبوو ، بەڵام لە بیرمە ماڵی (مەلا ئەسعەد و ماڵی حەسەن فەقێیانی ) ، لە دوو هۆدەكەی دیكەدا دەژیان.

باوكم كە بە ڕەچەڵەك كۆییە ، ناوی (سمایل) بوو ، بەڵام چونكە تاقانە بووە ، هەر بە (كاكە) ناویان دەبرد ، تا وای لێهات جێگای ناوەكەی گرتەتەوە و هەر بە (كاكە) ناسرا. ئەو باوكی خۆی نەدیتبوو ، بۆیە هەر بە ناوی باپیرمەوە ناونرابوو (سمایل) لەجیاتی (ئیسماعیل). باپیرم دارتاشێكی ناسراوی سەردەمی خۆی بوو . خوالێخۆش بوو وەستا (سوورەی نەجار) شاگردی ئەو بووە .

دایكم خەڵكی گوندی (سوسێ) بوو ، كچی (حاجی محەمەدی كاڵەك درەو) بووە ، هەرچەندە ناوی (زەهوە) بووە بەڵام هەر بە (یازەوە) بانگ دەكرا . لە شاری كۆیەش ، بە باوكمیان دەگوت (كاكەی عەمبار).

بۆم ساغ نەبۆتەوە لە چ ڕۆژ و مانگێك لە دایك بووم ، بەڵام ئەوە دەزانم ساڵەكە ساڵی (١٩٣٥) بووە . من كە لەو هۆدەیە لە دایك بووم ، نۆبەرە بووم ، دەیانگوت كە

خەبەری لە دایکبوونی منیان بە باوکم داوە ، هاتۆتەوە لە حەوشەی ماڵ کردوویەتی بە چەپڵە ڕێزان و سەماکردن . جگە لە دوو خوشك ، برایەکیشم هەبووە : (حەمدیە و کیفیە و حوسێن) بەڵام سێ براو خوشکەکی تریشم هەر بە منداڵی مردوون.

لە تەمەنی چوار پێنج ساڵی دا ، باوکم خستمیە سووختەخانەی (مەلا کەمال)ی ، کە هۆدەیەکی ماڵی خۆیانی کردبووە حوجرە بۆ دەرس و دەور . ئێمە شەش حەوت منالی گەڕەکی بایزاغا بووین ، کە ڕۆژێ دەچووین بۆ خوێندن ، دەبوایە دۆشە گۆڵەیەکیش لەگەڵ خۆمان بەرین لەسەری دانیشین . مانگانەی سووختەخانەکەم ، کە دەماندا بە مامۆستا، یەك دەرهەم بوو . کتێبەکەمان هەر جزولعەمە بوو . دەرس و دەورەکەی مەلا زۆر سەیر و سەمەر بوو ، ڕۆژانەی ئەو شتانەیان پێ لەبەر دەکردین ،

وەك :

*لامەل ئەلا ، هێژەر هوو*

زار بـەرزوو ، ئەعـووزوو .

شەش حەوت ساڵان بووم چوومە مەکتەب . قوتابخانەکەمان کە پێیان دەگوت (قوتابخانەی سانیە) ، خانوویەك بوو سەد مەترێك لە مزگەوتی منارەوە دوور بوو . دواتر بوو بە ماڵی (حەمەشینی چاچی ) ، خانووەکە پێنج شەش هۆدە بوو : پۆلی یەك و دوو و سێ و چوار لە خوارەوە بوو ، پۆلی پێنجەمیش لە هۆدەکەی سەر کۆشکی بوو . هەر پۆلەی، یانزدە - دوانزدە قوتابی تێدابوو . ئەوانەی ناوەکانیانم لەبیر ماوەو بە عومر لە من گەورەتربوون و لە پۆلی بەرەو سەرتر بوون : ( فاتیح ڕەسووڵ و مەحمود اغای کاکە زیادی و حوسێن مەحمودی باڵەکی و بەکر شەریفی چاوەش و مەلا عەبدەی کوڕی مەلا زاهیری مەلا سادقی ) بوون. بەڕێوەبەرەکەمان - گەر بە هەڵە نەچوو بم - ناوی مامۆستا

(مستەفا) بوو ، وابزانم کۆیی نەبوو ، بەڵام مامۆستا (شەفیق سابیر) یەکەم دامەزراندنی لە مەکتەبی ئێمە بوو . دوو کارگوزاریشمان هەبوو بە ناوی (فەرەجوڵا و مام تەهای برای سابیری ئەحمەلیلە ) . هەر ئەو مەکتەبە ، بە شەویش دەرسی تێدا دەخوێندرا و مەکتەبی شەوێ بوو .

لە جێی خۆیەتی ، کە ئاماژە بەوە بکەم ، کە باری بژێوی ژیانمان لەسەردەمی منالێمەوە هەر سەخت و قات و قڕی بووە . لەبەر هەژاریی و کەمدەرامەتی، باوك و دایکم هەموو ساڵ بۆ تووتنەوانی دەچوونە بیتوێنێ ، بێگومان ئێمەشیان لە گەڵ خۆیان دەبرد . ساڵ نەبوو لەوێ بە دەیان کەس ، بە نەخۆشی مەلاریا و دەردوبەڵا گیان لە دەست نەدەن .لەماوەی چوار ساڵدا ، سێ براو خوشکێکم هەر بە منداڵی لە بیتوێن بە نەخۆشی مردن . جا تەمەنم هەر شەش حەوت ساڵان بوو ، کە یەکیك لە براکانم لە بیتوێنێ مردو ئەوسا باوکم لە ئیمە دوور بوو ، کە جوابی بۆ چوو و هاتەوە ، هیچمان نەبوو بیکەین بە کفن بۆ برا جوانەمەرگەکەم ، ناچار باوکم قۆڵێکی فەقیانییەکەی خۆی لێکردەوەو جەنازەکەی تێ وەرپێچاو ، بە سواری گوێدرێژێك بردیان بۆ گۆڕستانی گوندی ، خۆشم لەسەر پشتی گوێدرێژێکە سوارببووم و جەنازەی براکەشم لە پێشمەوە ، لە بەردەمم دانرابوو .

زۆربەی هاوینان ، تووتنەوانییەکەمان لە گوندەکانی (گرجان و گردی تلێ و میێوژێ و کەلکان) بوو . جا سەیرەکە لەوە دابوو ئەو سێ برایەم کە بە نەخۆشی مەلاریا مردن ، هەسێکیان ناویان (حوسێن) بوو .

لە چلەکانی سەدەی رابردوو ، خەڵکانێکی زۆری شاری کۆیە هەژار و بێ کاربوون. ئەو ئیش و کارەی کە بژێوی ژیانی بۆ دابین دەکردن ، هەر سێ مانگەکەی هاوین بوو . وەختەکانی تر ، دەست لەسەر دەست بێ ئیش و کار دادەنیشتن . دوای سنفی چوار ، مەکتەبم لە بەر هەژاریی تەرك کردو دەستم کرد بە کارکردن . چونکە من کوڕی گەورەیان بووم ، باوکم ناردمی بۆ لای (کەریمی لبادچی)، کە خاڵی بابم بوو. دوو ساڵی

ڕێك شاگردی بووم و زۆر شتی ئەو سنعەتە فێر بووم ، بەڵام هیچ ئارەزوو و سەلیقەتی ئەم کارەم نەبوو ، بۆیە وازم لێهێنا . ئەوەی ڕاستیش بێ دەستکەوتەکەشی زۆر کەم بوو ، بە چوار حەفتە ، نزیکەی یەك دەرهەمم دەدرایە.

هێندەی پێنەچوو لە لای وەستا (حەمەدەمینی وەستا شاکر ) بەننا، بوومە گێچگرەوە و ڕۆژانەکەم حەفتاو پێنج فلس بوو، لە گەڵ شەش حەوت کرێکاری تر گێچکاریمان دەکرد . زۆری نەبرد وەستا زۆر ڕای دەست و کارەکەم بوو ، کردمی بە تۆپ - هەڵدەر ، کە ڕۆژانەکەی باشتر بوو . ئەو کات ڕۆژانەی کرێکار، بە گوێرەی جۆری کارەکەی بوو ، خەلفە، کە بەردی بۆ وەستا هەڵدەدا ، دەرهەمێکی زیاتربوو . دوو سێ ساڵ لە گەڵ وەستا (حەمەدەمین)ی کارم کرد. زۆر جار زستانانیش لە گەڵ باوکم دەچوومە چاڵەبەفران ، لە چیای باواجی . لە بیرمە ئەو کات هەشت نۆ چاڵ هەبوو ، هەر چاڵەی خاوەنی خۆی هەبوو ، هەر بەناوی خاوەنەکانیشیان دەناسرانەوە ، وەك چاڵی (مام ڕەزای مام یەحیا و چاڵی کاکە عەبدەی مام ڕەزا و چاڵی ڕەشیدی یازەوەی ناسراو بە - ڕەشەکەچەڵ- چاڵی حەمەدی مەیتەر)ێ.جا چونکە من منداڵ بووم ، ئیشی من ئەوە بوو لەناو چاڵەکە لەسەر بەفرەکە هەر هەڵبەزم و دابەزم بۆ پەستانەوەی و دەبوایە پووشەکەو مۆشکەش لەناو بەفرەکە دەربێنم و فڕێبدەمە دەرەوە . ئێمە چوار پێنج منداڵ بووین کە دەیانبردینە چاڵەبەفران. ئەم چاڵە بەفرانە زستانان یەك دوو جار پڕدەکرانەوە بە بەفر .

لە جێی خۆیەتی ، لێرەدا ، ڕۆڵی کاریگەری جموجۆڵی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و سیاسیی شاری کۆیە لەو سەردەمەدا بخەمەڕوو .جگە لەوەی کە شاری کۆیە ناوەندێکی بازرگانی دیاربوو، لە نێوان شارەکانی موسڵ و کرکوك و سلێمانی و سنەو مەهاباد ، پێگەو مەڵبەندێکی دیارو و درەوشاوەی ئەدەب و هونەریش بوو .بە شاری شاعیران ناسرا بوو ، چالاکیی و جموجۆڵی ڕێکخراوەکان و کۆڕو کۆبونەوە ئەدەبی شاعیر و نووسەران، کاریگەری باشیان لەسەر هۆشیارکردنەوەو هاندانی خەڵکی شارەکە هەبوو . من بۆ خۆم ئێواران دەچوومە سەیری ئەو قوتابیانەی پاش نیوەڕۆیان لە قوتابخانەی (سانیە) ،

پرۆڤەیان بۆ ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ دەکرد . ڕۆژی نەورۆزیش ، وەك سەدان خەڵکی تری شار، بۆ بەشداری کردن و هاوکاری ، دەچووینە (تاتوکان) ، بۆ بینینی ئاهەنگەکە ، کە دەستەیەك لە چالاکوان و ڕۆناکبیرانی ئەو سەردەمە دەیانگێڕا .چاکم لە بیرە لە شانۆگەری –کاوەی ئاسنگەر – (حەمە عەلی مەلا ساڵح و موحسیناغای حەوێزی و عەبدولڕەحمان مەحموود حەوێزی ناسراو بە عەبدولڕەحمانە شێتە و واحێد حەمکوول) بەشداریان تێدا کرد . هەروەها لە نمایشی ئۆپەریتی – گوڵی خوێناوی – یش ، (عاریف ڕەئوف) ڕۆڵی بووك و (جەمال عەبدولکەریم) ڕۆڵی زاوای دەگێڕا .

ئەوسا چەند ڕۆژێك پێش نەورۆز خۆ ئامادە دەکرا ، تەنانەت لەسەر گردی (تاتوکان) ، کەپریان دروستکردبوو ، شەو پاسەوان و ئێشکچییان دانابوو . نەکو ناحەز و پیاو خراپ ، سەکۆ و شانۆیەکە تێك بدەن و گێ ڕەشێوێنی بنێنەوە .

پێش روخانی ڕژێمی پاشایەتی دوو ئاهەنگی نەورۆزم لە یادە ، کە بەڕاستی سۆزی کوردایەتیی و هەستی نەتەوایەتیی جەماوەر ، بەتایبەتی گەنجانی خرۆشاندو گڕی حەماسەتی لە دەروونمان بەردا.

## یەکەم مانگرتن و یەکەم سەرکەوتن

ئەو ساڵانەی لە لای وەستا (حەمەدەمینی وەستا شاکر ) ی کرێکار بووم ، هێندێ لە گەنجەکانی کۆیە ، کە لە ئێمە گەورەترو چاوکراوەترو رشۆشنبیرتربوون ، ناوە ناوە کۆیان دەکردینەوەو دەربارەی زۆر باس و خواس و ڕووداو قسەیان بۆ دەکردین ، وەك هۆشیارکردنەوەی کرێکاران ، لە ئەرك و مافەکانیان ، ئەوەشیان لە بن گوێماندا دەخوێند کە ئەوان پارێزگاری لە مافەکانی کرێکاران دەکەن و ئامادەن لە کاتی نەخۆشی و پێویستیشدا ، دەستی یارمەتییان بۆ درێژکەن . تا وای لێهات ڕێکخراوێکیان دروستکرد بەناوی (هەیئەتی کرێکاران ) ، ئەوانەی سەرپەرشتی ئەو هەیئەتەیان دەکرد ، ئەو گەنجانە بوون کە سەر بە حزبی شیوعی بوون ، وەك (مەولودی ڕەسووڵ پاراغی و تۆفیقی

سمایل زریانی و تۆفیقی مەلا کەریمی بەننا و عومەری ئەحمەدی باپیری و عەلی مام حەمەدەمینی حاجی ) . مانگانە یەك دەرهەم ئابوونەمان دەدا بۆ یارمەتی نەخۆش و لێقەوما و بێکاران . نزیکەی هەموو مانگێك کۆبوونەوەیەکی نهێنیمان ، لە یەکێ لە ماڵی ئەو هاورێیانەی ناوم بردن ، دەکرد . هێندی جارانیش ئەگەر ئاووهەواکەی خۆش بووایە ، دەچووینە ناو ڕەزەکانی دەووری شاری کۆیە . زۆرجار (مەولودی ڕەسووڵ پاراغی) ، کە پۆلی سێی ناوەندی تەواوکردبوو ، سەرپەرشتی کۆبونەوەکانی دەکرد . ئەو کات ، ڕێنمایی و زانیارییەکانی هەر بە زار پێدەگوتین ، چونکە ڕۆژنامە و بلاوکراوە نە دەگەیشتە دەست ئێمە.

دوای ماوەیەك ، وەستا (حەمەدەمین)م بەجێهێشت ، بووم بە کرێکار لە دروستکردنی بینای (سانەویەی کۆیەی کوڕان) و لەوێ دەستم کرد بە ئیش کردن .ئەو بینایە ، کە بەرانبەر دائیرەی ئینحسار (تووتن) بوو ، بە قۆنتەرات درا بوو بە (ئەندازیار عەلی عەبدوڵڵا و مەجیدی حاجی کاکەمین و کەمالی حاجی مەجید)

من یەکەم کرێکار بووم کە لە گەڵ چەند کرێکارێکی تر ، بناغەی ئەم خوێندنگەیەمان لێدا . پانزدە بیست کرێکارێك ڕۆژانە خەریکی بناغە لێدان بووین ، وەستا (حەمەدەمین) سێ چوار ڕۆژێك ئیشی وەستایی کرد ، بەڵام نازانم بۆ بەجێیهێشت و چیتر نەهاتەوە . ناچار چەند بەننا-یەکیان لە موسڵ هێنا بەناوەکانی وەستا (سەعیدی موسڵاوی و وەستا قەدوریی ئامۆزایی و وەستا هادی) ، دە پانزە نەقارێکیش خەریکی داتاشین و ڕێکخستنی بەردی نەقاربوون .

لە ڕاستیدا ماوەی کاتی ئیشکردنی کرێکاران زۆر درێژبوو ، لە سعات شەش، یان حەوتی بەیانی دەستی پێدەکرد ، تا نزیکەی سعات حەوتی ئێوارە . لە کۆبونەوەکانی ( هەیئەتی کرێکاران) یش هۆشیار کرابووینەوە کە نابێ ئەو زوڵمە قبوڵ بکەین و دەبێ چالاکییەك ئەنجام بدەین .

سەر لە بەیانییەکی زوو ، سی چل کرێکار بووین و چووینە بەردەم بینایەکەی سانەوی کۆیە و داوامان لە ئە ندازیار کاك ( عەلی عەبدوللا ) کرد ، کە دەبێ کاتی کارکردنمان بۆ هەشت سعات کەم بکرێتەوە . بوو بە دەنگە دەنگ و هەرا ، دیار بوو رازی نەبوو ، ئێمەش بڕیارماندا ئەو ڕۆژە ئیش راگرین و کەس نەچێتە سەرکار ، بۆیە هەمووومان ، جگە لە دوو سێ کرێکار نەبێ، دەستمان بە کار نەکرد و ئەوێمان بەجێهێشت و چووینە بن دارەکەی (کەندە کوخ) ی لە (حەمامۆك)ێ . ئەوەی راستی بێ قۆنتەراتچییەکان هیچ قسەی ناشیرینیان نەکردو پۆلیس و مەفرەزەشیان بانگ نەکرد . دیاربوو چەند کرێکارێکی خۆشمان تێرو پڕیان لەو دوو و سێ کرێکارە دابوو ، کە چووبوونەوە سەر کارەکە و سەرپێچی مانگرتنەکەیان کرد بوو.

بۆ ڕۆژی دواتریش نەچووینەوە سەر کارەکەمان و بڕیارمان دا کە مان بگرین ، بەلام لە ڕۆژی سێیەم بانگیان کردینەوەو بڕیاریاندا کە هەشت سعات کارمان پێبکەن و ئێمەش مانگرتنەکەمان شکاند . لە وە بەدواوە بوو بە دەستوور کە لە شاری کۆیە دەبێ کرێکار هەر هەشت سعات کار بکات . چەند ڕۆژێکی پێنەچوو لە بلاوکراوەکانی حزبی شیوعی دەنگوباسی مانگرتنەکەی کرێکارانی کۆیە بلاوکرایەوە . خەبەرەکە لە هەولێر و شارەکانی تری عیرا قیش دەنگی دایەوە .

ئەمە یەکەمین بەشدار بوونم نەبوو لەبەرێوەبردنی مانگرتن ، بەڵکو پێشتریش هەروەك کەسێکی چالاکوان لە خۆپێشاندانەکان ناسرابووم . لەبیرمە ساڵی (١٩٤٦) ، هاوڕێ(کەریم ئەحمەد) ، کە مامۆستای وەرزش بو لە قوتابخانەی نلوەندی کۆیەی ، هانیداین بۆ سازدانی خۆپێشاندان . ئەوە بوو سەدان خەڵك لە هەموو کون و کۆڵانێکی گەڕەکەکانی کۆیە کەوتنە رێ بەرەو سەرای کۆیەی کۆن ، کە ئێستا دوکانەکانی نزیك (تەکیەی تاڵەبانی) یە ، ژنێکی ئازاو ڕووسوور لەپێشەوەی خۆپێشاندانەکە دەڕۆیشت و نانێکی رەقی بە دەستەوە بوو هوتافی دەکێشاو هاواری دەکرد :"برسیمانە ، نانمان دەوێ ، برسیمانە ، نانمان دەوێ ". ئەو خەڵك و حەشاماتەش دوو بارەو سێ بارەیان دەکردەوە . ئەو ژنە کە دۆستی حزبی شیوعی بوو ، بە (کوڕە دەروێش ) ناسرابوو . منیش ڕۆڵێکی

بەرچاوم لەو خۆپیشاندانە گیرا ، هەرچەندە پۆلیس هات و پەرت و بڵاوی بە خەڵکەکە کرد ، بەڵام کەسیان بۆ دەستگیر نەکرا .

تاکو بینای قوتابخانەی دواناوەندی کۆیە تەواو بوو ، هەر لەوێ کرێکاربووم ، ئەمەیش نزیکەی سێ ساڵی خایاند . بەڵام دوای تەواو بوونی ، وەستا موسڵاوییەکان هەرمانەوە ، چونکە دەستیان کرد بە دروستکردنی ڕیزە خانوویەك لە تەنیشت قوتابخانەی دواناوەندی کۆیە ، بەرەو خوار بۆ ماڵی قایمقامی کۆن ، (عەبدولرەحمانی حاجی ئەسعەدی ) ئەو خانووانەی بۆ خۆی دروستکرد .

لە تەمەنی حەڤدە و هەژدە ساڵیدا ، تا ڕادەیەك باری گوزەرانمان نەختێ لە چاو جاران باشتربوو ، بابم بە حەمباڵ لە دائیرەی ئینحساری تووتن لە کۆیە دامەزرا - (حەوێزی مام یەحیا) واستەی بۆ کردبوو - مانگانەی باوکم شەش دینار بوو ، خۆشم کە کرێکاریم دەکرد ڕۆژانەکەم سێ دەرهەم بوو ، هەموو ڕۆژێك دوو دەرهەمم دەدا بە دایکم و یەك دەرهەمم بۆ خۆم دەگێڕایەوە ، لەو دەرهەمەش دە یان بیست فلسم خەرج دەکرد . لە ژوورێکی تاریك دا، لینگە جزمەیەکم شاردبۆوە ، بە نیازی پاشەکەوت کردن، ڕۆژانە باقی پارەکەم ، بە دزییەوە تێدەکرد.

ڕۆژێك دایکم ، لەکاتی گەسك لێدان، دەستی بە لینگە جزمەکە دەکەوێت و تەماشای دەکا پڕ پڕە لە پارە ، کە دەیژمێری ، سەیر دەکا دینارێك و سێ دەرهەمی تێدایە .یەکسەر لە گەڵ باوکم دوو مەڕی پێدەکرن و بۆ زستان دەیانکەنە قاورمە . کاتێ بەوەم زانی زۆر پەرێشان بووم و پێمناخۆش بوو ، بەڵام خۆم بێ دەنگ کرد، چونکە هەرگیز قسەی نابەجێم لە ڕووی دایکم نەکردووە . جا هەر ژەمێك گەر چێشت و نانەکە ، گۆشت یان قاورمەی لەگەڵ بوایە ، دایکم پشکێکی زیادی بۆ دادەنام ، دەیگوت "توخوا بیدەنێ پارەی گۆشتەکە هی ئەو بووە ."

کە وەستا موسڵاوییەکان ئیشیان نەما ، کۆێیان بەجێهێشت و گەڕانەوە شاری موسڵ ، منیش کەوتمە گەڕان بەدوای وەستایەکی تر کاری لە گەڵ بکەم .لەو تەمەنە

هاوڕێو برادەری زۆر نزیکم ( ئەحمەدی مەحموودی ناسراو بە ئەحمەدی یاروقیایە ) و (محەمەدی کاکە مەلا) بوون ، کە دراوسێی خۆشمان بوون . با ئەوەش بڵێم چونکە هەمیشە کرێچی بووین خانووی خۆمان نەبوو ، ساڵی وابوو دوو جارماڵمان دەگواستەوە ، ڕەنگ بێ ، نۆ دە خانوومان تا ئێستا کردبێ ، هەرچەندە زۆربەشیان هەر لە گەرەکی ( بایزاغا) بوون .

## *خۆپێشاندانەکەی کفن لەبەر*

با بێینەوە سەر چالاکی و ئیش وکاری حزبایەتی ، هەرچەندە جارێ پلەم نەگەیشتبووە ئاستی ئەندام ، بەڵام وەك دۆست و لایەنگری حزبی شوعی، هەمیشە خۆبەخشانە لە ریزی پێشوەی چالاکییەکان دابووم . جگە لە کۆکردنەوەی زانیاری و هاندانی کرێکار و جوتیار و کاسبکار و خوێندەوارەکانی دەڤەری کۆیە ، بەشداری بەرچاوم لە چالاکییەکانی تریشدا هەبوو . خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کە لەسەر دیوارەکانی شاردا ، دروشم و پەیامەکانی حزبم دەنووسی ، ئەوەی ڕاستی بێ، بۆ هەر گەڕەکێك، سێ کەس بۆ نووسینی ئەو دروشمانە داندرا بوون .

من و دوو هاوڕێی تر ، بەرپرسی گەڕەکی (بایزاغا) بووین ، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ، لەپێشان بۆیاغەکەمان بە نەوت لەناو قووتێك دەگرتەوەو ، بەتەلیش دەسکێمان بۆ هەڵگرتن لە قووتوەکە دەخست ، یەکێکمان قووتوکەی هەڵدەگرت و یەکێکی خەت

خۆشیش لەسەر دیوار دەینووسی و کەسی سێیەمیش یاوەر و ئاگادارمان دەبوو ، لەو ڕۆژگارە ئێمە هەر بە ڕەنگی سوور دیوارەکانمان دەنەخشاند ، هەموو جارێ، بۆ سبەینێ پۆلیس دەهات و بە بۆیاغی ڕەش نووسینەکەی ئێمەی ڕەشدەکردەوە .

لە ڕۆژی ١٩٥٣/١/١٧ بەشداریم لە خۆپیشاندانەکەی شاری کۆیە کرد ، کە بە خۆپیشاندانی — کفن لەبەر ناسراوە — . ئەوە بوو کە میری بڕیاری هەڵبژاردنێکی تازەی ئەندامانی پەرلەمانی دابوو . سەرکردایەتی حزب داوای لێکردین کە دەبێ ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بکرێت .ئەوە بوو دوای کۆبونەوەیەکی پێشوەخت ، بریارمان دا کە نەهێڵین ئەو کارە ئەنجام بدرێت . نوێنەری میری بۆ ئەم هەڵبژاردنە خوالێخۆش بوو (مەلا حوێزاغای غەفوری) بوو ، پارتی دیموکراتی کوردستانیش — خوالێخۆشبوو (مەسعوود محەمەدی جەلیزادە)ی — کاندید کردبوو . هەر چەندە برادەرانی حزب شەو پەیوەندیان بە کاك (مەسعوود)ەوە کردبوو کە خۆی بکێشێتەوە ، بەڵام دیاربوو ئەو ڕا یەکی تری هەبوو .

ئەو ڕۆژە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی شار ، لە مەیدانی خوارێ گردبوونەوەو بەرەو مزگەوتی گەورە بە ڕێ کەوتن - کە یەکێك لە سندووقەکانی هەڵبژاردنی لێبوو . من خۆم کورتەك و شەرواڵەکەم بەرەواژ لەبەر کردبوو ، خوالێخۆشبوو مام (ئەسعەدی محەمەدی حەوێزی) ، کە لە حکومەت مختەفی بوو ، لە ڕێگای حزبەوە لە گوندی (یارەمیش ) هاتەوە کۆیە — ئەم (مام ئەسعەد)ە برای (حەمە ڕەئووف حەوێزی) باوکی (چەتۆ حەوێزی) بوو .

لەناکاو پیاوێکی کفن لەبەر ، کە بە خەتی سوور لەسەری سینگی نوسرابوو (انا لله وانا الیه راجعون) و دەرپێکی سپی لەبەر بوو ، هاتە ناو ئاپوورەی خەڵکەکەو ئەو حەشاماتە خرۆشا ، کە گەیشتینە ناو حەوشەی مزگەوتی گەورە ، پۆلیس هەر دوو دەرگای لەسەر کلۆمداین . مووقەدەم ئەمنێك بەناوی ( قەرەنی )و معاون شورتەیەکی هەولێری کە ناوی (شاکرباجی ) بوو ، بەرپرسی کۆنترۆڵکردنی شوێنەکە بوون ، ئەوە

بوو لەویّ بە تۆبزو دارو مەترەق بووە شەڕو پێکدادان ، جەماوەرە تووڕەکە بەوە نەوەستان ، شاڵاویان بۆ سندووقی دەنگدان هێنا و تێکیان شکاند و کاغەز و ماغەزیان هەمووی سووتاند . دەرگای لای سەری مەیدانییان کردەوەو بەرەو مزگەوتی (بایزاغا) چووین ، تا سندووقەکەی ئەویش بسووتێنین . لە نزیك دەرگای مزگەوت ، جاسوسێکی کۆیی خۆی

مەڵاسدابوو ، یەك دوو مەترەقیان لێداو خستیانە سەر زەوی و هێرشکرایە سەر سندووقەی تریش و نەخشەکەی میری پوچەڵکرایەوە . (مام ئەسعەدی کفن لەبەر) یش بەرەو گۆڕستانی (دەروێش خدری) تێیتەقاندو ون بوو .هێندێك لە خەڵکی دەیانگوت ئەوە مردووەو زیندوو بۆتەوە و گەڕاوەتەوە گۆڕستانی خۆی . ژمارەیەك لە خەڵك گیران و بۆ قشڵەی کۆییان بردن ، ئەمن خۆم بەردەست نەدا و خوم شاردەوە . لەئاکامدا هەر خوالێخۆشبوو (کاکە زیاد غەفووری و کاك مەسعود) بە نائب دەرچوون .

دوای دوو ڕۆژ (فاتیح ڕەسووڵ) و کەسێکی تر گیران و بۆ بەردەم دادگای شار ڕاپێچدران ، ئەو کاتە کاك (جەوهەر عەزیز پاشا) حاکم بوو ، بەڵام گیراوەکانی ئازاد کرد ، چونکە لە ڕاستیدا ، ئەو حاکمە دۆستێکی نزیکی پارتی بوو .

لەم سەردەمەدا، باری ئابووری و سیاسی کوردستان ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر و دژوارتر دەبوو ، چالاکییەکانی حزب و جەماوەریش هەر لە خرۆشان و بەردەوام بوون دا بوون.

ساڵ نەسوڕایەوە ، لە ١٩٥٣/١٢/١٥، ئەو جارە لە شاری کۆیە مانگرتنێکی سەرتاسەریمان ڕاگەیاند ، بە مەبەستی ناچارکردنی میری بۆ بڕینی ڕێگای نێوان کۆیە – ڕانیە .ئەوە بوو هەموو دوکان و بازار داخران و ڕێگای هاتووچۆی کۆیە – کەرکوك داخرا ، خەبەر گەیشتە کاك( مەسعود)ی نائب لە هەولێرو ئەویش یەکسەر داوای لە ئەنجومەنی وەزیران و نائیبانی پەرلەمان کرد پشتی داوا ڕەواکەی شاری کۆیە بگرن ، ئەوە بوو هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە ، رادیۆی بەغدا بڕیاری وەزارەتی بڵاوکردەوە کە پارە

تەرخانکراوە بۆ دروستکردن و بڕینی ڕێگاکە ، زۆری نەخایەند دەست بە ئیشکردن ، لە ڕێگاکە، کرا .

لە سەرەتای ساڵی ، ١٩٥٤ دوو ڕووداو بوون بە بیرەوەریم ، یەکێکیان ئەوە بوو کە بەرپرسی لێژنەی شار کە کاك (مستەفا خۆشناو) بوو هاتە لام و فۆرمێکی دەرهێنا ، موژدەی ئەوەی پێدام کە حزب بە ئەندامبوونی منی قبوڵکردوە . سێ کەس، جگە لە خۆم ، هاوڕێ (مستەفا خۆشناو و فاتیح ڕەسووڵ و سەعیدی مەلا ئەحمەد)ی بەرپرس لێژنەکە بوون .

## سینەما سووتاندن

با باسی سووتانی سینەماکانی ئەو دەمەی کۆیەشتان بۆ بکەم . لەسەردەمی (نوری سەعید)، سینەمای گەڕۆك هەبوو ، بە ئۆتۆمبیل دەهاتە شارەکان و فیلمی، دەربارەی شەڕی جیهانی دووەم نمایشدەکرد . دوو جار ئەو سینەمایە هاتە کۆیە ، ئەوەی ڕاستی بێ حزب وای ئاگادارکردینەوە کە ئەگەر ئەو فلیمانەی ئەوان نمایشت دەکەن ، هێرش و پەلامار و سووکایەتی کردنی بۆ سەر شۆڕشگێرانی کۆمۆنیستی تێدابێ ، ئەوا دەبێ ڕێگای لێبگیرێ. ئەو فلیمانە وەردەگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، وەختێ زانیمان وا قسە بە حزب دەڵێ و هێرش دەکات ، بڕیارمان دا کە بەربارانی بکەین و بیسووتێنین . سەر لە ئێواران ، سینەماکە لە حەوشەی سەرای کۆیە نمایشدەکرا ، بەڵام هەر دوو جار نمایشکرا ، چالاکوانەکانی حزب ڕێگەیان لێگرتن و نەیانهێشت بتوانن سووکایەتی بە حزبەمان بکەن . هەر ئەو دوو جا ڕەش ئەوان هاتنە کۆیە .

## چۆن لە عەسکەری کڕامەوە؟

ڕووداوی دووەم ئەوە بوو تەمەنم بوو بە هەژدە و لەگەڵ چەند لاوێکی هاوتەمەنی خۆم، کراین بە عەسکەری لە هەولێر . بۆ ماوەی سێ مانگ عەسکەریم کرد ، بەڵام دایکم زوو بە پەنجا دینار منی کڕیەوە . جا ئەو سەردەمە ئەم بڕە پارەیە بۆ خێزانێکی هەژاری وەك ئێمەمانان یەكجار زۆر بوو ، دایکم لەلایەك و باوکم لەلایەکی تر کەوتبونەو قەرزوقۆلە . دایکم (دە) دیناری لە خزمێکی گوندی (مێرگە) قەرز کرد . پێشتر خزمەکانمان هێندێ ڕەزو بەراویان لە گوندی (سووسێ) فرۆشتبوو ، دایکیشم پەنجاویەك دیناری وەك پشك بەرکەوتبوو ، خانوویەکیان پێ رەهن کردبوو ، بۆ پەیداکردنی پارەی بەدەلی عەسکەری من ، دواتر ڕەهنەکەیان وەرگرتەوەو قەرزەکانیان پێ داوە . لە بیرمە کە بە ڕێگای دائیرەی بەریدەوە ، تەلەفۆنم بۆ دایکم کرد کە ئەگەر زوو پارەکە نەنێرێت، ئەوا نەقلمان دەکەن بۆ شارێکی تر ، ئەویش لەسەر تەلەفۆنەکە هەر دەیگوت "وەی ، بەقوربانی خۆت و نەقلت بم ، وەی ، بەقوربانی خۆت و نەقلت بم ."

## (پەیمانی بەغدا) و خۆپێشاندان و ڕووداوەکان

لەم قۆناغە دا ، کارو چالاکییەکانی سەرشانم زۆرترو قورستر دەبوو ، ئەرکی سەر شانی ئەندامانی حزب، ڕۆژ بە ڕۆژ داخوازی و فەرمانی پتردەبوو . ئەوە بوو لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩٥٥ ، حوکومەتی عیراقی ویستی (پەیمانی بەغدا) مۆربکات ، تا چوار دەوڵەت ( ئێران و تورکیا و پاکستان و عێراق) ، بە فەرمانڕەوایەتی ئینگلیزەکان لە بەریتانیا، لە پەیمانێکی سەربازیدا کۆبونەوە . حزبی شیوعی ئەوەی بە مەترسییەکی گەورە زانی . لە ڕوانگەی دیدی حزبەوە مەبەست لەم پەیمان بەستنە ، هەم بۆ ئەوە بوو بە ئاسانی دەست وەردەنە کاروباری ئەو وڵاتانەو هەم بتوانن بە یەکەوە بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان سەرکوت بکەن . ئەوە بووحزب بریاری دا کە خۆپێشاندان لە ڕۆژی ١٩٥٥/٢/٢٣ لەشاری کۆیە و سلێمانی و حلە و نەجەف و بەسرا بکرێ و هەموو کار ئاسانییەکی بو مەیسەر بکرێ و تەنانەت گەر پێویستی کرد، چەکی سووکیش وەك دەمانچە بەکاربێنین .

ئەوە بوو سعات سێی پاشنیوەڕۆ ، جەماوەر ڕاپەڕی و خۆپێشاندانیان سازکرد . حەشاماتێکی زۆر لە کرێکارو جوتیارو کاسبکار و چین و توێژەکانی تری شارو دێ ، ڕژانە سەر شەقام و بوو بە تەقەو هەراو فەرتەنە چەند کەسێك لە خۆپێشاندەرەکان بریندارکران ، لە ناویان دا (محەمەدی حەیدەری و وەستا حەسەنی نەجار) بوون ، چەند پۆلیسێکیش بریندابوون ، تەنانەت یەکێکیشیان بە برینەکەی بۆ بەیانی مرد . خۆپێشاندانەکە هێندە گەورەو خرۆشا بوو ، بە مەبەستی سەرکوت کردنی ، پۆلیس لە (هەلێر و کەرکوك)ەوە هاتن و کەوتنە ڕاودونان و گرتنی خەڵکەکە ، لە وانە (فاتیح ڕەسووڵ )و چواردە کەسی تر دەسگیر کران و درانە دادگا ، ئەو کات حاکمی کۆیە، حاکم (حەمەدەمین غالب ) بوو. زۆربەی گیراوەکان بە ساڵێك حوکم و ساڵێك مراقەبە حوکمدران و ڕەوانەی (هەولێر) کران .

لەکاتی بریندابوونی (محەمەد حەیدەری) ، کە گوللەیەکی تفەنگ بەسمتی کەوتبوو ، من و (سەید حەمیدی شانازێ) هەڵمانگرت و بەرەو (قازیلان )مان برد ، تا گەیشتینەماڵی مامۆستا (بیلال بەهائەدین) ، لە تەنیشت مزگەوتی (موفتی )، لە گەڕکی (بایزاغا). ڕۆژانە شەهید دکتۆر (خالیدی حەمە سەعیدی)، کە ئەو کات برینپێچ بوو ، بە دزییەوە دەهات و تەداوی دوکردو دەرمانی بۆ دەهێنا .لە ترسی ئاشکرابوونی دوای هەفتەیەك گواستمانەوە ماڵی (خانەی حەمەساڵحی –دایکی مامۆستا جەهەنگیر)، دواتریش بۆ ماڵی دایکی (جوهری خدری هێرانی) .

نزیکەی دوای دوو مانگ لەسەر داوای حزب ، خوالێخۆشبوو (مامە ڕوووتە)، کە ئەوسا قاچاخچی بوو ، بە سواری ئێسترێك، لە گەڵ کارواندا لە ناو فەردە تووتنان (محەمەد حەیدەری) شاردەوە و گەیاندیە (هەولێر)ێ . من (محەمەد حەیدەری) م نەدیتەوە تا دوای شۆڕشی ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨ .

بەم شێوەی لە هەڕەتی گەنجایەتی خۆمدا، ڕۆژانی پڕ دەردو ئێش و ماندوو بوونم ، بە دووبارەکردنەوەی دوو شت بە سەر دەبرد : ڕۆژانە جگە لە ڕۆژی هەینی ، لە تاریك و ڕوونی بەیانییەوە لە ماڵ دەردەچووم بۆ کرێکاری و پاش عەسران ماندوو و کەنەفت دەگەڕامەوە ، ئەو دوو سێ دەرهەمەی پەیدام دەکرد لە مست داکمم دەنا ، دایکم هەر کەیبانۆی ماڵ و بەخێوکەری منداڵەکانی نەبوو ، کە ژمارەیان بۆتە چوار کەس (کەیفیە و حەمدیە و حوسێن و بەندە) - هەرچەندە (حەمدیە)ی خوشکیشم شووی کردبوو - بەڵام هەموو ئیش و کاری بازاڕ و شت و مەك کڕین ، لەسەر شانی ئەو بوو ، قەت بە بیرم نایی باوکم ڕۆژێك کیلۆ تەماتەیەك یان شووتییێکی لەگەڵ خۆی هێنابێتەوە. جا سەیرەکە لە وەدابو ، مانگانە، باوکم مووچەکەی خۆشی دەدایە دایکم ، تا مەسرەفی لەگەڵ خۆی ۆژانەی ماڵەوەی پێبکات ، ئەویش ڕۆژانەی بۆ بەر باغەڵی خۆی، لە دایکم وەردەگرتەوە.

دیوەکەی تری ژیانی لەگەڵ خۆی ڕۆژانەم ، کاری و چالاکی حزبایەتی بوو وەکو ئاماژەم پێدا ، ئەرك و ئیش وکاری ئەندام ، زۆر گران و پڕ کێشمەکێش بوو ، ئەوە جگە لە کۆبونەوەی شانەکان و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی حزب لەناو لایەنگر و هەوادار و جەماوەری شاردا ، دەبوایە لە بۆنەو ئاهەنگەکانیشدا پشکی خۆم ماندووبوونم بەرکەوێ .

هاوڕێیانی حزب بەهاوکاری دۆست و خەڵکی ڕەش و ڕووتی ڕەنجدەر ، ساڵانە ئەوەندەی ئەمن لەبیرم بێ ، یادی بۆنەی (یەکی ئەیار)یان کردۆتەوە ، جا کەڕەتێك دەچووینە کانی (جلیت ) ، بەرانبەر گردی (خاڵمبەگی) و کەڕەتێك هەوارێکی تر ، جەماوەرێکی باشمان لە کرێکاران کۆدەکردەوە ، دوای خۆ ئامادەکردن و بانگەشەی چەند ڕۆژێکی پێشتر، ڕاستە ئەو بۆنانە ئەو کاتە بە شێوەی نهێنی و بەدزییەوە سازدەکران ، بەڵام حکومەتی ئەو سەردەمە وەکو دەسەلاتی حزبی بەعس و عەرەبە شۆڤینییەکان نەبوون ، نەدەهاتنە دەرەوەی شار بۆ شاڵاو هێنان و تێکدانی ئەو ئاهەنگانە ، هەرچەندە بە بۆچوونی من جاسوس و پیاوەکانی میری خەبەریان لێدەداین .لەو ئاهەنگانەی یەکی ئەیار – ڕۆژی چەژنی کرێکاران بوو - جگە لە خوێندنەوەی وتاری حەماسی و

هۆشیارکردنەوەی جەماوەرەکە ،  هێندێ جار شانۆگەریشی تێدا پێشکەش دەکرا ، لە بیرمە مامۆستا (عەبدولرەزاق بیمار)،  لەیەکێ لەو نمایشانە وەك ئەکتەر ڕۆڵی بینی . بۆ یادی یەکی ئەیار ، هێندێ جار دەچووینە لای (کووران) لە (گەرووی سۆرکێ) بەرەو (میرسەیدی)  .بۆ مێژوو دەبێ ئەوەش بڵێم ئەوانەی ئامادەی ئەو ئاهەنگانە دەبوون ، هەموویان هاوڕێو هەواداری حزبی شیوعی نەبوون ، زۆرجار برادەرانی غەیری حزبیش دەهاتنە ئاهەنگەکەمان، چەند جار (شێخ جەنگی تاڵەبانی) و برادەرانی  تریش بەشداریان  لەگەڵمان دا کرد .

دەربارەی بڵاوکراوەکانی حزب کە لە کۆبونەوەکاندا دەخوێندرایەوە بە زمانی عەرەبی بوو ، بە شێوەی  زارەکی دەکرانەوە کوردی و ڕاڤەو لێکدانەوەیان بۆ دەکرا . ئەوەی زۆرتر دەگەیشتە دەست ئێمە بڵاوکراوەیەك بوو بە ناوی  (قاعیدە)، کە لە بەغدا چاپدەکرا  .

## شۆڕشی ( ١٤) ی گەلاوێژی (١٩٥٨)

پێش بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژی (١٩٥٨) ، لەسایەی کۆشش و چالاکییە بەردەوامەکانی حزب لەناو جەماوەری چینی ڕەنجدەر و کرێکار دا ، شوێن و مەقامێکی باشمان بۆ خۆمان بەدەست هێنا بوو ، تەنانەت لایەنگرمان لە مەلای مزگەوتانیش پەیدا کرد بوو، وەك (مەلا قادری گۆپتەپەیی ) کە مەلای گوندی (گۆپتەپە) بوو ، دوایی هاتە شاری کۆیەوە . هەر وەها (ملا محەمەدی) باوکی مامۆستا (زاهیر مەدانە)ی مۆزیکژەن و هونەرموند ، کە لە گەڕەکی جوولەکان لە مزگەوتی ( حەتك ) مامۆستا بوو . ئەودەمە پەیوەندی و هاوکاریی و هاتووچۆی دۆستانەو ئاشتەوایانەمان لە گەڵ ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە ودەوروبەری زۆر خۆش و تەبا بوو .

ڕۆژی (١٤) ی گەلاوێژی (١٩٥٨) ، وەکو سبەینەکانی تر، گزنگی بەیانی لە ماڵ هاتمە دەرەوە و چوومە سەرکار ، لە گەڵ وەستاو کرێکارەکانی هاوپیشەم لە خانوویەك دا لە کۆیە ئیشمان دەکرد. ئەوەندەمان زانی دەنگە دەنگ و قەڵەباڵغایی لە کۆڵان و جادە و

بازاڕدا پەیدا بوو، هێندێ کەس ڕادیۆی بە دەستەوە بوو کە بەدەنگی بڵند هاواری دەکرد (الله اکبر ، الله اکبر) ، بە عەرەبی وتارو دروشمی حەماسی دەگوتەوە .بوو بە هەرا گوتیان شۆڕش بەرپاکراوەو تەخت و تاراجی ڕژێمی پاشایەتی تاهەتایە سەرەنگون کرا .ئەوە بوو زۆربەی دوکاندار و کاسبکاران دوکانیان داخست و لەبەردەمماڵان و گۆڕەپان و بەرمزگەوتەکان دەستە دەستە ، خەڵك گردببوونەوەو چرپوچۆیان بوو و خۆشی و شادومانییان پێوە دیاربوو .

لە کەیف و خۆشییان ، بۆ بەیانی ، دوو شەو و دوو ڕۆژان ، لەبەردەم سەرای کۆنی کۆیە، بوو بەشایی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا .بەڵام ڕۆژی چوارەم شاییەکە، بوو بە دوو شایی ، هاوڕێیانی حزبی شیوعی لەبەردەم دەرگای سەرای کۆن بەردەوام بوون لە گێڕانی شایی و هەڵپەرکێ خۆیان ، (حەسەن گۆج) وبراکەی( صەمەدە گۆج) زوڕناژەن و دەهۆڵ ئەنگێوی ئێمە بوون . برادەرانی پارتی شاییەکەی خۆیان بردە خوارتر و لە دیووی چایخانەی(حمە گەمحان ) شاییان دەگێڕا ، (عزیزی زەینەلی و کوڕەکەی جەمال ) ، زوڕناژەن ودەهۆڵ ئەنکێوی ئاهەنگی وان بوون .

لە (١٩٥٨/٨/٥) هەر وەك (تێکۆشەر فاتیح ڕەسووڵ) ، لە کتێبەکەی ( کاروانێکی دوورودرێژ)دا ئاماژەی پێکردووە ، هاوڕێ(نافع یونس و کەریم ئەحمەد و جۆرج تەلویە ) هاتن بۆ ماڵی هاوڕێ( ئەحمەد دلزار)ی شاعیر و داوایان لێ کردم کە دەبێ دەست بەجێ بچمە گوندی (دۆندار) بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڕێ(فاتیح ڕەسووڵ) کە بە میوانی چوو بووە ماڵی (بەکری حاجی کاکەمینی) . منیش لەگەڵ (کەریم ڕەسووڵ)ی برای هاوڕێ(فاتیح ڕەسووڵ ) چووین ، بە ئێسترێك هاوڕێ(فاتیح)مان گەیاندە ماڵی کاك (دلزار) و لەوێ کۆبوونەوەی خویان کرد .

لە کۆبونەوەکەدا سەرەڕای تاوتوێکردن و شیکردنەوەی زۆر تەوەرو ڕووداو و باسکردنی پێشهاتەکان، بڕیاری درا کە هاوڕێ(فاتیح ڕەسووڵ) ببێ بە سکرتێری حزب / لێژنەی قەزای کۆیە . هاوڕێ(ئەحمەد دلزاری)یش کرا بە یارمەتیدەر ، منیش لەگەڵ

هاوڕێیانی حزب سەرقاڵی پێکهێنانی هەیئەتێکی کاتی بووین بۆ نەقابەی کرێکاران ، ئەمەیش بەهاوکاری هاوڕێ(صادق جەعفەر فەلاح) بوو ، کە سکرتێری نەقابەی کرێکاران بوو لە بەغدا - دوای دەرچوونی لە بەندیخانە . هەیئەتەکە دامەزرا ، خوالێخۆشبوو (مەولود ڕەسول پاراغ) بوو بە سکرتێر و خوالێخۆشبوو( محەمەد حەیدەری) بە یارمەتیدەر و خوالێخۆشبوو (تۆفیقی مەلا کەریم) بە خەزنەدار و پێنج هاوڕێی تریش بوون بە ئەندام ، یەکێکیان بەندە بوو .

دوای شۆڕش ، شێوازی کۆبونەوەو کاری حزبیی تەواو گۆڕانکاری بەسەرداهات ، هۆڵێکمان وەك بارەگا لە چایخانەی (نامیقی چاچی) کە چەند مەترێك لە ژووری چایخانەی (فەتاح حەکیم) دوور بوو، کردەوە - ئەم شوێنە دەکەوێتە خوار ئەو شەقامەی ئێستا لە کتێبخانەی گشتی کۆیە شۆڕ دەبێتەوە - دەفتەری تۆمارگەی ناوی ئەندامانی نەقابەمان ڕێکخست .لە نێوان ( ٢٠٠ تا ٢٥٠ ) کرێکارمان ناونووسکرد ، مەرج نەبوو کە ئەندامی نەقابەی کرێکاران هەر لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی بێ ، بەڵکو بێلایەن و غەیری حزبیشی تێدابوو . هەر ئەندامەی مانگانە ، یەك دەرهەم ئابوونەی دەدا . هێندەی پێنەچوو وەفدێك کە بریتی بوو لە (مەولودی ڕەسووڵ پاراغی و محەمەد حەیدەری) و بەندە چووین بۆ بەغدا ، بۆ وەرگرتنی ئیجازەی نەقابە .ئەوەبوو دوای پێشکەشکردنی داواکاری و دۆسییە پێویستەکان ، بە یەکێتی گشتی نەقابەی کرێکاران ( ا تحاد عام نقابە العمال ) ئیجازەمان وەرگرت . کە گەڕاینەوە لەسەر تابلۆیەکی گەورە، هۆڵی نەقابەکەمان هەڵواسی زۆر دڵمان پێخۆش بوو و بەدەسکەوتێکی گەورەمان دەزانی. حەقمان بوو چوون ، تا دوێنێ بە نهێنی و مختەفی چالاکییەکانمان ئەنجامدەدا ، وا ئیمرۆ ئیجازەو بارەگامان هەیە !

زۆربەی ئێواران هۆڵی نەقابەکەمان مۆنجەی دەهات لە کرێکارو هاموشۆکەران . ڕۆژانیش، هەر دەرفەتی هەبووایە ، هاوڕێ(فاتیح ڕەسووڵ) وتارو ڕێنمایەکانی حزبی لەسەر بنەماو بیروباوەڕی مارکس و لینین پێشکەش دەکرد .

دوای زیادبوونی ژمارەی ئەندام و لایەنگرا نمان ، بریاردرا کە چوار لێژنە بۆ سەرپەرشتیکردنی گەڕەکەکانی کۆیە پێکبهێنرێت و هەیئەتێکی سەربەخۆیان بۆ دروستبکەن .بەندە بوو بە بەرپرسی هەیئەتی نەقابەی کرێکارانی گەڕەکی (بایزاغا) . بە یارمەتی چوار پێنج هاوڕێی تر کارەکانمان بەرێوەدەبرد و جارجا ڕەش بۆ بە سەرکردنەوەو هاندانی کرێکاران دەچووینە سەر ئیشەکان و لە نزیکەوە لە کێشەو گرفتەکانیان ئاگادار دەبووینەوە.

لە ساڵڕۆژی شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ ، لە ساڵی (١٩٥٩) بە داخەوە هێندێ ناحەزانی کۆمارە ساوایەکەی عیراق و پیاوە داخ لە دڵەکانی ڕژێمی (نوری سەعید) ، هەڵسان بە نانەوەی ئاشوب و پشێویی لە شاری (کرکوك) . ئەوەبوو شەڕو کوشتارێکی خوێناوی ڕوویداو کارەساتێکی دڵتەزێنیان بەسەر یادەکەدا هێنا . دوژمن و ناحەزان ئەو فیتنەیان قۆزتەوەو کەوتنە بەربەرەکانی کردنی حزبی شیوعی ، میدیای ئاژاوەچییەکانی دەرەکیش ڕۆڵێکی زۆر نامرۆڤانەیان لەخۆش کردنی ئاگری ئەم ڕووداوە هەبوو ، بۆیە زۆرلە برادەرانمان دڵیان شکاو کەوتنە ژێر فشاری پڕوپاگەندەی نەیارانەوە. .

جا سەربارو بن باری ئەو خەم و خەفەتە لە شاری کۆیەش ڕووداوێکی بچووك کاردانەوەیەکی خراپی لێکەوتەوەو ئێمەی خستە نیگەرانی و پەرێشانییەوە . ئەوەبوو هاوڕێخوالێخۆشبوو (بابەشێخی کاکەی شێخ ساڵحی) ، دوای خانەنشین بوونی ، شەوێك تەقەی لێدەکرێ و زامدار دەبێ ، ئەو ڕووداوە گەورەکراو لە هەولێرەوە (هادی سویدی) کە ئەفسەرێکی ئیستخبارات بوو هاتە کۆیەو هەڵیکوتایە سەرماڵی (مەمەندی کێخوا فەرەج)و زۆر بێڕەحمانە کەوتنە ئەشکەنجەدانی براکانی و بۆ ماوەی هەفتەیەکیش حەپسکران .

بەڕاستی حزب کەوتە ژێر بەرپرسیارێکی گەورەو زۆر لە دۆست و خەڵك و خوای کۆیە لێمان کەوتنە گللەیی و ناحەقیشیان نەبوو . ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هێندێك لە هاوڕێیان لێمان عادزبن و بچنە بەرەی پارتی دیموکراتی کوردستان . دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر ، بە هاوکاری دەمڕاستانی شاری کۆیە وەك( شێخ جەنگی

تاڵەبانی) و (عوسمان عەونی)ی شاعیر و کەسانی تر وەزعەکە هێورکرایەوەو ئاشتی بەرقەرار بووەوە . ئەمەشمان لەبیرنەچی ، هەستمان دەکرد کە فەرمانڕەوایانی بەغداد هێواش هێواش دەهات خراپکارانە ڕووبەرووی حزب ببێنەوەو کەوتبوونە گللەیی و کازندە لێمان ، تەنانەت توومەتی گەورە گەو ڕەشیان دەدرایە پاڵ حزب .

بەهاتنی نەورۆزی ساڵی (١٩٥٩) ، لە گۆڕەپانی یاری لە پشت نەخۆشخانەی ئێستاکەی ( شەهید دکتۆر خالد ) ئاهەنگێکی یەکجار خۆش و گەورە بەرێوەچوو . ئەو ڕۆژە هەر هەموو خەڵکی شاری کۆیی و دەووروبەری هاتبوون بۆ سەیری ئەو ئاهەنگە . خۆشییەکەشی پتر لە وەدابوو کە هەردوو پارتی سەر گۆڕەپانی کوردستان (حزبی شیوعی عراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان ) ، بەیەکەوە بە ڕۆحێکی دۆستانەوە برایانە ، لە ئامادەکردن و بەرێوەبردن و رێکخستنی ئاهەنگەکە بەشداریان کردو وەستایانە بڕگە بڕگەی ئاهەنگەکەیان پێشکەش بە جەماوەر کرد .

مادام باسی ئاهەنگی نەورۆزم کرد، وا باشە فیستڤاڵە مەزنەکەی جوتیاران — بە (میهرەجانی فەلاحان) ناسراوە - لەو ساڵەدا فەرامۆش نەکەم . بە هاوکاری ئەندام و چالاکوانانی حزب و بە بەشداری کۆمەڵەی جوتیاران کە هاوڕێخوالێخۆشبوو (عەلی مەولود داربەسەری) سکرتێری بوو ، چەندان هەزار جوتیاری کۆیەو دەڤەرەکە ، لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری بەشداریان کرد . ئەم چالاکییە بوو بە میهرەجانی جوتیاران . هاوڕێ (فاتیح ڕەسووڵ) پتر لە دوو سعات وتاری سیاسی و ئابووری پێشکەش بە ئاپورەی جوتیارەکان کرد، کە لە گۆڕەپانی یاری لە پشت نەخۆشخانەی ئێستای شەهید (دکتۆر خالید) بەرێوەچوو . دەستەیەك لە سیاسەتمەدارو وتاربێژ دەربارەی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ (قانون الاصلاح الزراعی) ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەیان خستەڕوو . ئەو شەوە جوتیارەکان نەیان توانی بگەڕێنەوە ، لەبەر زۆری بەسەر ماڵ و مزگەوتەکانی شار دابەشکران و ڕۆژی دوایی بەرەو گوند و مەزراو کێڵگەکانیان گەڕانەوە .

دەتوانم ساڵی (١٩٥٩ — ١٩٦٠) بەساڵی حزبی شیوعی ناوزەند بکەم . لایەنگرو دۆست و هەوادارمان لە هەموو کون و قوژبنێکی کوردستان و بەتایبەتی شاری کۆیە — بە ئەندازەیەکی زۆر پەیدا کردبوو ، تا وای لێهاتبوو بە گەڕەکی (بابیزاغا)یان دەگوت گەڕەکی (مۆسکۆ) و منداڵەکانیان بەناوی ڕۆژنامەو پیاوانی ناودارانی یەکێتی سۆڤیەت ناودێر دەکرد . هەر لەم ڕۆژگا ڕەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان دەهات ببێتە ڕکەبەرێکی بەهێزی سەر گۆڕەپانەکە ، ببووە گوریس راکێشان لە نێوانماندان . هێندێ جار ئەو پێشبڕکێیە حزبییە دەچووە خانەی منداڵبازاڕی و بێسەروبەرییەوە ، چوون لەهەردوو لا کەسانی هەڵپەرست و بێ مەبدەئ و گێ ڕەشێوێن هەبوون ، بچووکترین ساتمە ، کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوتەوە .بۆ نموونە دەمەتەقێیەکی سەر پێیی نێوان هەڤاڵ (فەتاح حەکیم ) کە دۆستی پارتی بوو ، لە گەڵ هاوڕێ( کەریم ڕەسووڵ)ی برای هاوڕێ( فاتیح ڕەسول) بوو بە شەرو پێکدادانێکی گەورە لە شەقامی سەرەکی شاری کۆیە . بیست سی کەس پێکەوە بە مست و بۆکس و دارو وەمەترەق کەوتبوونە گیانی یەکتر ، هەر بابا بوو بۆ دیفاع کردن لە بەرەکەی خۆی شەقێکی ڕادەوەشاندن ، زۆرترین دەستەی هێرش بەر لە شوعییەکان بوون . پۆلیس کەوتە بەین و هێندێ کەس دەستگیرکران ، تا هاوڕێیان (کەریم ئەحمەد و عومەر دەبابە) نەهاتن و بەیەکەوە دانەنیشتن لە سەرای کۆنی کۆیە ، ئاشتەوای بەرقەرار و بارودۆخەکە ئاسایی نەبۆوە . ئەو سولحە لە ناو سەرای کۆیە کراو بەندکراوەکانیش ئازادکران .

هەر لە ساڵی (١٩٦٠) دا حزبی شیوعی کەوتە قۆناغێکی نوێی خەبات کردن ، ئەویش ئەوە بوو سیاسەتی بێ پلان و نەخشەو لێکدانەوەی حکومەتە تازەکەی (عەبدولکەریم قاسم) ، کاردانەوەی خراپی لێکەوتەوە . کاتێ حزبی شیوعی عیراقی لە وەرگرتنی ئیجازەی کارکردن بێبەشکرا . ئەوە بوو حکومەت بەفەرمی ڕێگای بە پارێزەر (داوود سایغ) دا — کە هەڵگەڕاوەیەکی پێشووی حزبی شیوعی عیراقی بوو — کاربکات و بارەگای خۆی لە بەغداو شارەکانی تر بکاتەوە . هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستانیش مۆڵەتی فەرمی کاری وەرگرت و بەئاشکرا هەموو ڕێکخراوەکانی، لق و بارەگای خۆیان لە شارو شارەدێیەکانی کوردستان کردەوەو لقی پێنجی پارتیش لە بەغدا بارەگای کردەوە .

جا کۆسپە گەورەکەی حزب هەر ئەوە نەبوو کە مۆڵەتی فەرمی پێنەدرا ، بەڵکو هێرشکرایە سەر هەموو بارەگاو ڕێکخراوەکانی و دەرگای نەقابەکانیشمان داخرا . هەرچەندە ڕۆژنامەی (طریق الشعب) هەر بەردەوام بوو لە دەرچوون ، لە کۆیەش پۆلیس هەڵی کوتایە سەر هۆڵەکەی نەقابەی کرێکاران ودەستی بە سەر تۆمارگەی ناوی کرێکارانی داگرت و هاوڕێ(مەولود ڕەسووڵ پاراغ) بۆ شاری (ڕومادی) و چەند هاورێیەکی تریش بۆ شارەکانی باشووری عێراق دوورخرانەوە . بەڵام لێژنەی قەزای حزب ، کە هاوڕێ(ئەحمەد دلزار) سکرتێری بوو - دوای ڕۆیشتنی هاوڕێ( فاتیح ڕەسووڵ) بۆ هەولێر - هەر لە کارو چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو . لەم ساڵەشدا بۆ یەکەم جار لە ژیانم بووم بە چاودێری (مراقب) کرێکاران، لەسەر ئەو ڕێگایەی کە لە نێوان فلکەی گردی جوولەکان دەبڕا بەرەو پردی (ئازادی) ئێستا . هەرچەندە ئێمەی کادیرانی حزب ئەوەی لە توانامان دابوو خستبوومانە گەڕ لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیارو جەرگسۆزو نیشتمان پەرست و خەباتگێرو ئاشتیخواز ، سەت مەخابن ڕقەبەرایەتی و بوغزوقینی نێوان جوتیار و ئاغاو لەهەڵچووندا بوو. لە ڕاستیدا ئێمە نیگەران و دڵگران بووین لە بەرپا بوونی توونددو تیژی لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا ، بەڵام دیاربوو هێندێ لە جوتیارەکان دەیانویست ئەو هەڵە بقۆزنەوە بۆ تۆڵە سەندنەوەی لە مێژینەی خۆیان لە ئاغاو دەرەبەگەکان . ئەوەی لە دەڤەری کۆیی ڕوویدا هێندێ هەڵسووکەوتی نامەسئولانەی جوتیاران بوو،دەرحەق بە خوالێخۆشبوو (عەزیزیساڵحاغا) ، بەڵام بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (کاکە زیادی حەماغا) بە چاوی کوردپەروەرو قەدرزانییەوە سەیردەکران و شتێکی وا ڕووی نەدا ببێتە مایەی سەرئێشەی هیچ لایەکمان . بەڵام لەپشتدەر و ناوچەی بیتوێن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخەکە ئاڵۆزترو ناخۆشتردەبوو ، تاگەیشتە ئاستی گرژی چەکداری و قۆناغی مەترسیدار .

کە تەمەنم گەیشتە (٢٦) ساڵی ، دایك وباوکم کەوتنە گەڕان بە نیازی دەست نیشانکردنی کچێ بۆ ئەوە ببێتە هاوسەرم . ڕێکەوت وا بوو لە ڕۆژی ( ٢٥ /٧ /١٩٦١) چوونە داخوازی (نەجیبەی سەید عومەری بەقاڵ) و دوای (٣)مانگ لە شەکراو

خواردنەوە ، گواستمەوە . بەڵام هەر لە گەڵ ماڵی باوکم مامەوە . جا تەسادوفێکی نەخوازراو ڕوویدا ، لە ڕۆژی بووك گواستنەوە ، ئەمری قەبزم لە پۆلیسخانەی کۆیە بۆ دەرچوو ، خوالێخۆشبوو هاوڕێ(محەمەد حەیدەری) دوای سەین وبەینێکی زۆر، بووە کەفیلم و ئاهەنگەکە بە ژاوەژاو و پەشێوییەوە بەرێوەچوو . مانگی هەنگوینی من هێمن و ئاسایی نەبوو ، ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی دەهاتنە پێش و خۆیان وانیشاندەدا کوردستان بەرەو کارەساتی گەورەو قەیرانی ئاڵۆز دەڕوا . ئەوە بوو تاقم و دەستەی جیاجیا لێرەو لەوی کەوتنە چەك هەڵگرتن و بۆنی شەر لەهەموو لایەکەوە دەهات . حزبی شیوعی درکی بە مەترسییە داهاتووەکانی کرد بوو ، ڕۆژی هەینی لە بەردەرگای مزگەوتی گەورە دوای نوێژ مامۆستا (سەڵاح حوسێن مەلا ئەحمەد) یاداشتێکی خوێندەوەو بەناوی حزبی شیوعی عیراقی و داوای لە هەموو لایەك کرد کە هەرچی لەتوانایاندا هەیە بیکەن بۆ ڕێگرتن لە شەرهەڵگیرسان و ئیجبارکردنی حکومەت بۆ دانووساندن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتەوایانە .

ساڵ نەسوڕایەوە ، فرۆکەکانی سوپای عیراق ، کەوتنە هێرش هێنان و پەلاماردانی بنکەو بارەگا و گوندو شارەکانی کوردستان . شاری کۆیەش وەك زۆر لە شارو گوندەکانی تری وڵات بۆردومانکرا . لە ناو شارو لە نزیك فلکەی گردی جوولەکان (عومەری مام تەهای فەقێیانی ) ، کە کرێکار بوو ، بە شەستیری فرۆکە شەهید کراو چەند کرێکارێکی تریش بەسەختی زامدارکران . دواتر لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ بەرپابوونی شۆڕش ئیعلانکراو لە هەرچوار ئیقلیمی کوردستان بووە شەرو پێکدادان . لە کۆیەش دەستە دەستە لاوو نەوجەوانان چەکیان دەکردە شان و ڕوویاندەکردە شاخ ، خوالێخۆشبوو (مەحموداغای کاکە زیاد)ی و ژمارەیکی بەرچاو لە لایەنگرانی ، بوون بە پێشمەرگە . وەزعی ناوچەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو گرژی و توونودتیژی دەچوو ، باری ئابووریش دەهات تێك بچێ و جۆرە ئابلوقەیەکی ئابووری خرابووە سەر ئەو شت و مەك وکاڵاو ئازووقەو سووتەمەنییەی بۆ شارو گوندەکانی کوردستان دەهات . بەدرێژایی دوو ساڵی ڕەبەق حزب لە هاوکاریی و جموجۆڵ دابوو ، بەو هیوایەی حکومەتی بەغدا ناچار بکات ڕێگا چارەیەکی دانووسان بگرێتە بەرو بە دایەلۆگ و دانیشتن کێشەکانی لە گەڵ کوردستان

**چارەسەربکات ،  بەڵام دیاربوو (عەبدولکەریم قاسم) و لایەنگرانی هەر عەقڵیەتی عەسکەریی و دیکتاتۆریی و تاکرەویی و خۆپەرستییان پێ باشتربوو ، فێڵ و پلانی دوژمنە سەرەکییەکانی ڕێبازی کۆمارەکە، بەسەریاندا زاڵ بوو .**

## ئینقلابی هەشتی شوبات

کاتێ لە ١٩٦٣/٢/٨ ئینقلابی بەعسی دەست بەخوێن و دڵ ڕەش کۆمارەکەی (عەبدولکەریم قاسم)ی ڕوخاند و سەرتاپای عێراق کەوتە نێو گەردەلوول و زریان و باهۆزییێکی بێ ئامان و هەموو ئەو ئازادی و ئەو دەسکەوتانەی لەو سێ ساڵەی دواییدا بەدەست هاتبوو تەفروتوونا کرا ، نەك هەرحزبی شیوعی کەوتە قۆناغێکی نادیاری تاریك و تەموومژاوی ، بەڵکو عێراق و کوردستان تووشی دڕندەترین هێرشی نامرۆڤانەی بەعس و حەرەس قەومی ئەفلەقی و شۆڤێنی بوونەوە .

هەر پێنج ڕۆژ دوای ئینقلابەکە ، لە ١٩٦٣/٢/١٣ حاکمی گشتی عەسکەری ( ڕەشید موسڵیح تەکریتی)ی خائن، بەیاننامەی قڕو وبڕکردنی شوعییەکانی بلاْوکردەوە، دەرگای جەهەنەمیان بەڕووی هاوڕێو ئەندام و لایەنگرو هەوادارانی ئێمە خستە سەر پشت ، بەدەیان هەزار خەباتگێرو ئەندام و خێزانەکانیان لە هەموو بستێکی ئەو عێراقە کوشت ،

بەبێ دادگایکردن و بەوپەڕی دڕندەیی و ڕق و قینەوە ، بێسەرو شوێن کرد. سەد حەیف و مەخابن برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە جیاتی باوەشکردنەوەو پاراستنی ئەندامەکانمان ، ئەوانیش لە دژمان کەوتنە دوژمنایەتێکی خوێناوی.

شاری کۆیە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە گیرا ، دوای ئەوەی لە (حاجی قەڵاوە) بارەگاکانیان گواستەوە ناوشار، مزگەوتی (مەحموداغا) بوو بەمقەر و هێزو چەکدارەکانی میریش هاتنە ناو ڕیزی لەشکری کوردستان . کۆیە بوو بە شارێکی ئازاکراو . بەڕاستی لەو ساڵەدا حزبی شیوعی لەبەر دەم کارەساتێکی گەورەو جەرگبڕدا بوو ، ڕێکخراوەکانمان لە شارەکانی ناوەندو خواروی عێراق و کوردستان لە بەریەك هەڵوەشابوونەوەو لێکدابڕابوون ، کەسانی چەپ کەوتبونە خۆ رزگارکردن لە ئاگرو کوشتوبڕی بەعسییە خوێنرێژەکان ، بەسەدان کەس لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی و چەپەکان ڕوویان لە کوردستان کردبوو ، وەك ئارامگەیەکی هێمنی دوورە دەست دوژمنان . وەلێ هێندەی پێنەچوو سوپای بەعس لە هەولێرەوە هێرشی بۆ کۆیێ هێنا . شار بەتەواوی چۆلکرا دوای سووتانی ئینحساری توتنی کۆیە و دەستبەسەرداگرتنی هەموو فەرمانگەکان، هێزی پێشمەرگە لە شار کشایەوەو کەوتنەوە دیفاعکردن لە شارو بەرپەرچدانەوەی هێرشی بەعس و حەرەس قەومی شۆڤێنی . لەبەر دڕندەیی دوژمن وبەکارهێنانی فرۆکەو دەبابە و زرێپۆشێکی زۆر، بەرانبەر بە هێزی نانیزامی بێ چەك و تفاقی باشی پێشمەرگە ، کۆیە گیرایەوە وکەوتەوە ژێردەستی دڕندەترین هێزی تێکدەرو خوێنڕێژی سەردەم .

هاوڕێیانی حزبی شیوعیش هاوشانی پێشمەرگەکانی تر بەرەو شاخی هەیبەسووڵتان کەوتنە ڕێ . ژمارەی ئێمە لە نێوان دووسەد تا سێ سەد کەسێك دەبوو، کاتێك گەیشتینە گوندی (کەلکە سماق) بینیمان هاوڕێ( کەریم ئەحمەدو فاتیح ڕەسووڵ) و نزیکەی هەزارو پێنج سەد کەسێك لە هاوڕێکانمان لە وێن ، بەڵام ژمارەی پێشمەرگەی چەکدارمان زۆر نە بوو .

هاوڕێ(فاتیح ڕەسووڵ) لە کتێبەکەی (لە کاروانێکی دوورو درێژدا) ، بە ووردی باسی ئەو ڕۆژگارە دەکاو لەلاپەڕەی (١٦٢) دەڵێ : (هاوڕێ عەزیز محەمەد) کە ئەو کات ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری لێژنەی هەرێمی کوردستان بوو ، هەروەها هاورێیان (کەریم ئەحمەد و کاك عومەر عەلی شێخ) ، کە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی بوون ، لە گەڵ ژمارەیەك لە کادیرە سەرەکییەکان و لایەنگرانی حزب ، نەکەوتنە دەست تاوانکارەکان ، زۆربەمان لە شاخەکەی پشت گوندی (کەلکە سماق) کۆبووبووینەوە لە کۆبوونەوەیەکدا هاوڕێ(عەزیز) ، بە درێژی باسی هێندێ ڕووداو و کارەساتی جەرگبڕی بۆ کردین ، بەوردی ئاماژەی بۆ ئەو زیانە مەزنانەکرد کە بەرحزب کەوتبوون . هەروەها ڕەخنەو ناڕەزایشی بەرانبەر بە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی پارتی دەربڕی . دوابەدوای ئەوە ، کەوتینە لێدوان و دەرسکردنی ئەو بارە ناجۆرو ناهەموارە خوێناوییەی کە سەرتاپای عێراقی گرتبووەو ، جەخت لەسەر ئەوەکرا کە دەبێت بکەوینە گورجوگۆڵی و بایەخدان بە ڕێکخستنەوەی ژیانی حزبایەتی و ڕێکخراوەکانی حزبمان )، بەندەش یەکێك بوو لەو کادیرانەی لەم کۆبوونەوەدا بەشدار بوو .

دوای ئەو کۆبوونەوەیە ، ئەوەبوو ژمارەیەکمان بەرەو چیای ئاوگرد چووین و کەوتینە دروستکردنی خانوو و دامەزراندنەوەی بارەگا . ژمارەی چەکدارانمان نزیکەی پەنجا پێشمەرگە دەبوون . هەرچەندە چەکەکانمان کۆن و خراپ بوون ، بەڵام ئەو کاتە هەرئەوە بە دەستدەکەوت . دوای جێگیربونمان لە ئاوەگرد . ڕۆژێك هاوڕێ(فاتیح ڕەسووڵ) لە قەڵادزێ وە هاتەوە ئاوەگرد ، هاوڕێ(کەریم ئەحمەد و کاك عومەری) لە گەڵدابوو ، کۆبونەوەیەکی پێکردین ، لە گەڵ هەریەك لە هاوڕێ (ئەحمەد دلزار) و (ئەسعەد خدر)و شەهید( سالح عەسکەری) و خوالێخۆشبوو (شێخ تەیب تاڵەبانی) و (بەکر فەتحولا) و (حوسێن کێکی) و (محەمەدەمین عەبدولڕەحمان ئامێدی) لەگەڵ دوو سێ هاوڕێی تر تێیدا بەشدار بوون .کاك (دلزار و کاك ئەسعەد خدر) وەك بەرپرسی مەکتەبی لێژنەکە داندران و بەم شێوەیە بارەگای مەکتەبی حزب کەوتە ئاوەگرد.

له مێژووی هاوچەرخی کوردا ، ساڵی (١٩٦٣) بەساڵی حەرەس قەومیان ناسراوە . سوپای شوڤێنی بە پاڵپشتی هێندێ جاشی عەشایرەکانی ناوەندو خواروی عێراق هێرشێکی یەکپارچەیان کردە سەرشارو گوندو دێی کوردستان . دڕندانە بەبێ دادگایی کردن و لێپرسینەوە کەوتنە قەتلوعام کردنی خەڵکی سڤیلی بێ تاوان، هەرچی سەروەت و سامان و مەروماڵات و ئاژەڵ هەبوو وەك دەستکەوتی شەرەکانی غەزا ، لە لایەن حەرەس قەومییەکانەوە تاڵان و فەرهود کران لەبەر خۆڕاگری پۆڵاینی هێزی پێشمەرگەو میللەت بەڕووی داگیرکەراندا ، هێزێکی پاڵپشت لەسوپای بەعسی ئەفلەقی لە سوریاوە هاتن بۆ قەڵاچۆکردنی ئەم میللەتە ئاشتیخوازە .

لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا جەنازەی هاوڕێی شەهید (مەجیدی حاجی عەبودی) کە کرێکارێکی خەڵکی کۆیە بوو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەدەستی پیاوانی بەعس سەربڕا بوو ، هێنرایەوە کۆیە و جەماوەرێکی یەکجار زۆر بەو پەڕی حەماسەت و تورەیەوە و بە خاکیان سپیارد . ئەمە کاردانەوەی زۆرناخۆشی لە دڵ و دەروونی خەڵکی شارەکە دروست کرد .

هێندەی پێنەچوو ئەو لەشکرە چنگ بە خوێنە ، لەشاری کۆیەش وەکو شارەکانی تری کوردستان ، چەندین قەسابخانەو کوشتاری نایەوە .ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٩٦٣/٧/١ نۆ گەنج و پیری سڤیلی دەڤەری کۆیە بە فرمانی ( تاها شەکرچی) ئامیرلیوای (١٤)ی سوپای عێراق ، لە دینگەکانی شەقامەکانی کۆیە بەستران و گوللەباران کران . ئەم شەهیدانە خەڵکی دەڤەری کۆیەو شارەکە بوون بریتی بوون لە : (حەمەدئەمین ئەحمەد عومەرئاغا و محەمەد قاوەچی و محەمەد عەبدولوەهاب حەوێزی و حەننا عەبدولکەریم و یوسف حەننا عەبدولکەریم و حوسێن شەریف ئیبراهیم و رەفیق ئەحمەد مستەفا میرە) . ئەو گورگە چنگ بەخوێنە بەو تاوانە قێزەوەنە ڕق وقینی دانەمرکایەوەو لەبەرە بەیانی ڕۆژی ٣٠ / ٧/ ١٩٦٣ دەستەیەکی تری لە خەڵکی ڕەش و ڕووتی شاری کۆیە لەهەمان دینگەکانی جاری پێشووە پێچاو گوللەبارانی کردن . ئەوانیش شەهید (عومەر شەریف ئیبراهیم و شەهید حوسێن شەریف ئیبراهیم و شەهید حەسەن شەریف ئیبراهیم

و رەحیمی کوێخا عەلی) بوون. هەر  لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا بەفەرماندەی (زەعیم سەدیق) لەشاری سلێمانی خۆڕاگریش ، ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمان پەروەرانی شارەکە و کەسانی بێلایەن زیندەبەچاڵ کران  .

لە شاری کەرکوکی داگیرکراویش گورگە برسییەکانی بەعس، (٢٩) هاوڵاتی سڤیلی کوردو تورکمانی موسڵمان و غەیرە موسڵمانیان لە تاوەری کارەبای سەرشەقامەکان پێچاو و گوللەبارانیان کردن ، هاوڕێ (شێخ مەعروفی بەرزنجی) کە   ئەندامی ئەنسارولسەلام بوو  یەکێك بوو لەو پۆلە هەڵۆ  شەهید کراونە .

کاتێ لە ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ عەرەبە قەومەچییەکان بە کودەتایەکی تر هەڵسان و بەعسییەکانیان لەسەر حوکم دەرکرد ، (عەبدولسەلام عارف) ئاگربەستێکی فروفێڵاوی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول راگەیاند ، بەڵام هەرکە شوێنی خۆی قایمکرد و دەستی خۆی بینی ، دیسان ئاگری شەڕی لە کوردستان هەڵگیرساندەوەو کەوتە پەیڕەو کردنی  هەمان بەرنامە پیس و گڵاوەکەی ڕژێمی پێشوو ، ئەوانیش هیچ قسوریان نەکرد لەقەتلو عام کردن و کاول ووێرانکردنی شارو گوندەکانی کوردستان .

بە درێژایی ساڵە سەختەکانی  ١٩٦٤-١٩٦٧ پێشمەرگەکانی حزبمان شان بەشانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیفاعکردن و بەرپەرچدانەوەی  لەشکری شەروشووم بەردەوام بوون ، کادیرانی حزبمان خەریکی ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەو خەڵکانی شوێنە ئازادکراوەکان بوون و بە دروشم و بڵاوکراوەش هەمیشە حزوریان لەناو شارەکاندا هەبووە . ساڵانە ئێمە لە ساڵیادی قەتلوعامەکەی ٧-/٣٠ ١٩٦٣/٧/ هەڵ دەستاین بە نووسینی و بەرزراگرتنی ناوی شەهیدەکان و هەڵواسینی لافیتە بەسەر دیوارو شەقامەکانی شاری کۆیە و تەنانەت دیوارەکانی سەرای کۆیەش کە لە ناو جەرگەی شار دا بوو .

## گۆڕانـكاری و پێشـهاتـەی چاوەڕوان نـەكـراو

لەساڵی ١٩٦٦ پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەكانمان ، توانیان شاخی (هەندرێن) لە هێزی داگیركەر پاككەنەوەو سەركەوتنێكی سەربازی مەزن لە مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتی تۆماربكەن .

لەنێوان ئەو ساڵانەدا كە باری ئابو وری و بژێوی خەڵكانی كوردستان لەوپەڕی خراپی دابوو و گەمارۆی ئابووری و سەربازی هەموو شارو گوندێكی وڵاتی تەنیی بۆوە ، تەنەكە نەوتێك یان چەند كیلۆشەكرێك بە سەد دەردەسەری پەیدا دەبوو ، حاڵ و گوزەرانی ماڵی باوكم تابڵێیت ناهەموارو پەرێشان بوو ، هاوسەرەكەم ببووە بار بەسەریانەوە . باوكیشم لە دائیرەی ئینحساری كۆیە گواسترابۆوەوە بۆ كەركوك كەسیشیان نەبوو پاروە نانێكیان بۆ پەیدا بكات . چونكە ماڵەكەمان لە كۆیە بوو بە مقری حزب ، بۆ

کارئاسانی ، حزب خانوویکی به سێ دینار بۆ بەکرێ گرتم ، تا له کرێچییەتی رزگار بین و بێ ترس کارەکانمان ئەنجام دەین ، بەڵام ئەوان تەنیا دوو مانگ کرێی یەکەیان بۆدایین ، ناچار مانگی سێیەم بووینەوە کرێچی لە خانوێك به دوو دینارو روبعێك . بۆ سەردانی ماڵ و منداڵم وەکو هاورێیانی تر ، ساڵێ جارێك یان دوو جار لەگوندێکی دەوروبەری کۆیە چاوم بە هاوسەرەکەم دەکەوت . جاری یەکەم کە لە گوندی (تۆبزاوە) هاتنە لام (بەیان)ی کچم کە تەمەنی ببوە ١١ مانگ هێشتا نەمدی بوو .

لەساڵی ١٩٦٦ لێکترازان لەنێوان خوالێخۆشبوو (ملا مستەفای بارزانی) و باڵی (جەلال تاڵەبانی) ڕوویداو کاری کردەسەر هەموو ئۆرگانێکی شۆڕشی کورد. هەرچەندە بنەمای ئەو ناکۆکی و لێکترازانە لە مانگی نیسانی ١٩٦٤دا سەری هەڵدا کاتێك مامۆستا (برایم ئەحمەد) لەگەڵ چەند لایەنگرێکی تر لەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان جیابونەوەو دوای شەڕی (ماوەت) چوونە (هەمەدان) لە ئێران ، بەڵام لەم ساڵەدا بارەکە بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش کەوتەوە ، کاتێ (جەلال تاڵەبانی) و پێشمەرگەیەکی زۆر ، هاتنەوە شارو بارەگای خۆیان کردەوەو میریش کەوتە پشتیوانییان . لەم سەروبەندەدا خوالێخۆشبوو (مەلامستەفای بارزانی) داوای لە هاوڕێ (بەهائەدین نوری) سکرتێری حزبی شیوعی هەرێمی کوردستان کرد، بە ئاشکرا (جەلال تاڵەبانی) و باڵەکەی بەخۆفرۆش و خائن ناوببەن ، کاتێ هاوڕێ (بەهائەدین) ڕایەکی تری هەبوو کە دەکرێ حزب ئیدانەی ئەو هەڵوێستەی (مام جەلال) بکات و نەك خودی (مام جەلال) ، ئەویش لە سونگەی ئەو دووربینیەوە بوو کە هەمیشە پەنجەرەیك بکرێتەوە بۆ گەڕانەوەی (مام جەلال) بۆ ناو شۆڕش. .

کاتێ ساردی کەوتە نێوان (مەلامستەفا) و هاوڕێ (بەهائەدین) و بیستنەوەی هەڕەشە و کوڕەشە لەحزب ، لێژنەی ناوەندی حزبی شیوعی لە بەغدا داوای لە هاوڕێ (بەهائەدین) کرد بچێتە ئەوێ، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هاوڕێ(فاتیح ڕەسووڵ) کە ئەو کات سکرتێری لێژنەی مەحەلی بوو ، پەیوەندی پێوەکردم بۆ گرتنە ئەستۆی ئەم

ئەرکە،  منیش بە پەلە بە گوێرەی نەخشەی دارێژراو سەیارەیەکم بە خسوسی لە کۆیە بەکرێ گرت و لە گەڵ  (نەجیبە)ی هاوسەرم و (بەیان)ی کچم لە گوندی (تۆبزاوا) ی نزیك کۆیە ،  هاوڕێ (بەهائەدین)مان لەگەڵ خۆمان سوارکردو کەوتینە رێ و بەنێو دەیان سەیتەرەو خاڵی سەربازی و ئەمن و ئیستیخبارات تێپەڕین و سەرکەوتوانە لە هۆتێل (شەهلا) لە شەقامی  ڕەشید لە بەغدا هاوڕێ(بەهائەدین)م ڕادەستی هاوڕێ (قادر ڕەشید – ئەبو شوان)  کرد کە خەڵکی سلێمانی بوو ، ئەوە بوو  شەوێك لە بەغدا ماینەوەو بۆ بەیانی لە رێگای نەقلیاتی کەرکوکەوە خۆم  و خێزانم گەڕاینەوە کۆیە .

ئەو سەفەرە یەکەم جارم نەبوو کە لەپێناوی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی حزب ، گیانی خۆم و ماڵ و منالّمی تێدا  بخەمە سەردەست . دوای ماوەیەك دیسان هاوڕێ  (فاتیح ڕەسووڵ) لە گوندی تۆپزاوا، هاوڕێ  (ئەبو سەرباز) و (ئەبو حیکمەت)ی - کە ئەندامی هەرێم بوون — بە من سپارد و داوای لێکردم کە بیان گەیێنمە کەرکوك . بە هەمان شێوەی نەخشەی پێشتر (نەجیبە)ی هاوسەرم و (بەیان)ی کچم لەگەڵ خۆمان بە هەمان ئۆتۆمبیل بردە کەرکوك ، ئەوە بوو  هاوڕێیانم گەیاندە شوێنی دیاریکراو خۆشمان ئەو شەوە لە ماڵی باوکم ماینەوە .

دوای سووتاندنی   دائیرەی ئینحساری تووتنی کۆیە هەموو فەرمانبەرو کارگوزارەکان بۆ کەرکوك گواسترانەوە ، باوکیشم وەك حەمباڵێکی ئەو فەرمانگەیە سێ چوار ساڵان  بەو هۆیەوە لە کەرکوك ژیانی بە سەربرد .

لەساڵی ١٩٦٧ بەندەش وەکو زۆربەی کادیرەکانی تری حزب ، خەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ بەستنی کۆنفراسی سێیەمی حزب ، لە گوندی (داربەسەر) ، هاوڕێ ( بەکر مەنسوور) و (خەدیجەخان مستەفا - خوشکە فریشتە ) و بەندە مەندوبی شاری کۆیە بووین بۆ هەڵبژاردنی لێژنەی محەلی هەولێر .

ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیانی سەرکردایەتی لەدەرەوەی وڵات هاتبوون ،  وەك هاوڕێ (عەزیز محەمەد) و (سەلام ئەلناسری) و (ڕەحیم عەوینە) ،ئەوە بوو پەنجاو شەش ئەندام ئامادەی ئەو کۆنگرەیە بوون .

له ١٩٦٨/٧/١٧ جارێکی تر بەعسییەکان کودەتایەکی سەربازیان بەرپاکردو سەرۆك کۆمار (عەبدولڕەحمان عارف)یان لە عێراق وەدەرنا . وەکو جارەکانی پێشوو بۆ خۆچەسپاندن و کۆکردنەوەی هێز و تفاق ، بەعسییەکان کەوتنە گفتوگۆ و پەیوەندیکردن لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق و چەپەکان و شۆڕشی کورد . بەڵام ڕووداوەکان دەریانخست ، کە هەموو هەنگاوێکی ئەوان فرتوفێڵ و کاری ساختەبازیی بوو .

تا ڕۆژی کودەتاکە، من لە دەڤەری خۆشناوەتی کاروچالاکییەکانی حزبم وەکو کادیرێکی پێشکەوتوو ڕادەپەڕاند . ئەوە بوو دوای کۆبونەوەکەی (داربەسەر) لێژنەی قەزای کۆیە لەم هاوڕێیانە پێکهێنرا: ١- (مەلا بەکر فەتحوڵڵا) – سکرتێر و هەر یەك لە ٢- (کەمال پەستەك سۆر)، ٣ – وەستا( قادر گۆپتەپەیی) ٤- (قادر رەمەزان تەفتەقی) ٥- (بەکرمەنسوور) ٦- (عەبدول مەسیح) ٧- (خەدیجەخان مستەفا - خۆشکە فریشتە ) ٨- بەندە بوون بە ئەندامی لێژنە . ئەرکی خۆم بوو مانگێ جارێك سەردانی یەکە یەکەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە بکەم و بە دوو مانگ جارێك خۆشمان وەك ئەندامانی لێژنەی قەزا کۆببینەوەو ڕاپۆرتەکانمان بۆ لایەنی سەرەوە بەرزبکەینەوە .

## بەیاننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠و پێشهاتەکان

کاتێ بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕاگەیندرا ، من لەشاری کۆیە بووم ، هەموو ئەندامەکانی لێژنەی قەزاکەمان هاتبوونەوە شار ، بەڵام هیچ بارەگایەکمان نەبوو کاروباری حزبی خۆمانی تێدا هەڵسوڕێنین . لە ڕوخسارو ڕووکەشدا ڕێکەوتنامەی (١١)ی ئازار زۆر گۆڕانکاری پۆزەتیڤانەی لەگەڵ خۆی هێنا ، وەك هێوربوونەوەی دۆخی شەڕوشۆڕو بووژانەوەی باری ئابووری و گەڕانەوەی هێندێ کەس بۆ سەرکارو فەرمانی خۆی ، بەڵام سەد حەیف و مەخابن برادەرانی پارتی ئەوەیان بەدەستکەوتی خۆیان زانی و پلەو جێگاو و هەلی کاریان بەسەر ئەندام و خزم و کەس و کاری خۆیان دا بەشییەوە بەبێ لە بەرچاو گرتنی خەڵکانی غەیری خۆیان . دوای هەوڵ وتەقەلایەکی زۆر ، لە پڕۆژەی دروستکردنی خانووەکانی (ئیسکان - گەڕەکی دڵدار) بووم بە چاودێر ، بەڵام

پانزده ڕۆژ لەسەر کارنەبووم ، برادەرانی پارتی دەریانکردم ، بەبیانۆی ئەوەی کاریگەری خراپم دەبێ لەسەر کەسایەتی کرێکارەکان .پارەی ئەو پانزده ڕۆژەشیان نەدامێ .

له بەر هەژاریی و بێ کاریی ناچار گەرماوی (ناوەندێ)م له کۆیه بەکرێ گرت و بۆ یەکەم جار له ژیانمدا بوومه (حەمامچی) . کۆیەکان بەم گەرماوەیان دەگوت(حەمامی ناوەندێ). حەمامەکەم بۆ ماوەی ساڵێك به (٣٦) دینار له خاوەنەکەی – مەلا حەوێزی غەفوری – بەکرێ گرت ، ئەو ساڵه به دژوارترین و ناخۆشترین و سەخترین ڕۆژەکانی تەمەنم دادەنێم . ڕۆژانه پێش مەلابانگدان لەسەر کۆسپەی حەمام ئامادە دەبووم و تا دەوری سعات حەوت و هەشتی بەیانی ، جا خۆم و (نەجیبە)ی هاوسەرم کارەکانمان دابەشدەکرد، ئەو دەبووە حەمامچی فەترەی ژنان که تاکو نزیکەی سعات دووی پاشنیوەڕۆی دەخایەند . منیش دەکەوتمە دوای گوێدرێژێکی شەڵتە لەسەرپشت و لەو خانەوە بۆ ئەو خان بەدوای گوفك و زبڵ دەگەڕام ، ڕۆژانه ده تا پانزده بار زبڵم له (خانی گەورە)و (خانی زبەکوێر)و (خانی ماڵی جەنابی مەلا) و سەر گوفکەکانی تر بۆ پشت حەمام دەگواستەوەو لەدوایدا بەپشتی خۆم دەمبردە سەربانی ، تا لەبەر خۆر وشك ببێتەوەو . دەبوایه دوای بیکەم به گردۆڵکەو بۆ زستان سواغی بدەم . جا دوای سعات دووی پاشنیوەڕۆش دەبوایه بچمەوە بۆ حەمام و کاروبارەکانی به ڕێوەبەرم و خزمەتی نەفەرەکان بکەم . کووره چییەکیشم بەکرێ گرتبوو ڕۆژانەکەی (٧٥ ) فلس بوو. لبادچییەکانیش لبادەکانیان له گەرماوەکەی من خۆشدەکرد و دەپەستا . یەك ساڵی ڕەبەق بەبێ مۆڵەت و پشوودان ، خەریکی ئەو کاره قورس و ناتەندروست و ناخۆشه بووین به خۆم و خێزانمەوە . بۆ ساڵی دوایی ساڵانەکەم نوێ نەکردەوە خۆ دەستکەوتەکەشمان هەر نان و زگ بوو .

به درێژایی ڕۆژانی تەمەنی حزبایەتیم، کۆمەك و یارمەتیم له کەس وەرنەگرتووه ، هەرگیزحزبی شیوعی توانای دارایی ئەوتۆی نەبووه ، خێزانی ئەندام و کادیرەکانی خۆی بەخێوبکات . لەو ڕۆژەوە (نەجیبە) بۆتە هاوسەرو شەریکی ژیانم ،

باره قورسەکەی بژێوی خێزان لەسەر شانی ئەو بووە . جا ّچ بەدەرزی و دورمانکردن بوو بێ و چ بە چنین و کڵاوو گۆرەوی و چ بە مەکینەکردن ، کە لە کیسەی خۆی کڕیبووی .

دوو ساڵێك بەسەر ڕێککەوتننامەکەی (١١)ی ئازار تێپەری و نیازو پلانی شاراوەی ڕژێمی بەعس هات بەرەبەرە ئاشکرابێ . برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو لەسیاسەتی خۆخافڵاندن و گوێنەدانی میری بێزار بوو بوون ، تادەهات گرژییەکان خەستروخراپتر دەبوون ، لەلایەك بەعس وای نیشاندەدا ڕێڕەو و ڕیبازی ئاشتی و سۆشیالیستی و دیموکراسی گرتووە ، ژێربەژێریش چاودێری هەموو جموجۆڵ و چالاکییەکی پارت و ڕێکخراوە غەیرە-بەعسییەکانی دەکرد ، تا کار گەیشتە جێ بەجێ کردنی پلانی گڵاوی کوشتنی خوالێخۆشبوو (مەلامستەفای بارزانی) ، کە دەستەیەك مەلای هەڵخەڵەتێنراو خۆکوژانە خۆیانی تەقاندەوەو بەعاجباتی بارزانی ڕزگاری بوو

## هەڵوێستم بەرانبەر بەرە –ی نێوان بەعس و حزبی شیوعی

سەرەڕای ئەو ڕووداوە مەترسیدارانە ، پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و ڕژێمی بەعس بە ڕووێکی تردا سوڕا ، لێرەو لەوێ دەنگی سازدانی یان پێکهێنانی (بەرە)یەك دەهاتە بەرگوێ ، کە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی سێی حزبی شیوعی عێراقی درا ، لەهەموو شارەکانی عێراق کۆنفراسی خۆئامادەکردن بەڕێوەچوو .کاتێ ناوی(بەرە) ئاشکرابوو ، بێزاری و دلگرانی و پەشێوی زۆری لە نێو ئەندامانی حزب لێکەوتەوە ، تا وای لێهات لە زۆربەی شارەکانی عێراق کەم تا زۆر، وازیان لەحزب هێناو بەدڵشکاوی گەڕانەوە ماڵەوەو لە دوایدا بوونە نێچیری بێدەسەڵاتی بەر چنگی گورگەکانی بەعس .

ئەو ڕۆژەی ئەندامانی حزب لەبارەگایەکەیان  کە لەسەر کۆشکی  بینایەکی (عوسمان عەونی) بوو ، گردبوونەوەیان کرد بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی قەزای کۆیە بەشدار بوون لە  کۆنفراس لە هەولێر.  هاوڕێ (فاتیح ڕەسووڵ) بانگەشەی پێکهێنانی بەرەی دەکرد . بەحزوری (٢٠) تا (٢٥) لە ئەندامانی حزب ، من هەڵسامە سەرپێ و بەدەنگێکی بەرز گوتم :" من لە ئێستاوە لە گەڵ ئەو سیاسەتە ناتەندروستەی حزبی شیوعی عێراقی دانیم و بەهیچ شێوەیەك پێکهێنانی بەرەی نێوان حزب و ڕژێمی بەعسم لە لاپەسند نییەو بەتووندی ڕەفزی دەکەمەوە."  ئەوە هەر ڕای من نەبوو زۆر لە هاوڕێیانی تریش وەکو (خوشکە فریشتە ) هەمان بۆچوون هەڵوێستیان  هەبوو .

لە ئاکامی ئەم کۆبونەوەیە لە ڕێگای دەنگدانەوە بۆ بەشداری کردن لە کۆنفراسی محەلی هەولێر هەڵبژاردرام  - چونکە ئیستقالەم لەحزب نەدا بوو - هەرکە گەیشتمە ناو هۆڵی کۆنفراس لە هەولێر ، هەڵوێستەکەی خۆم دووپاتکردەوەو پێمگوتن :"من سوورم لەسەر مەوقیفی خۆم دەڵێم نا بۆ بەستنی بەرە لەگەڵ حزبی بەعس ."

هاوڕێ (فاتیح ڕەسووڵ) لەلاپەرەی (٢١٤)ی (لە (لە کاروانێکی دوورو درێژدا) دەڵێ : ( هاوڕێ  هەبوون لەگەڵ ڕاوبۆچوونەکانی سەرکردایەتی حزبدا نەبوون ،  بڕوایان بە بەعس و هەنگاوەکانی نەدەکرد ڕەخنەیان لەسەر هەڵوێستی سەرکردایەتی حزب دەربڕی کە کەوتبووە نێو لادانی ڕاستڕەوی (الانحراف اليميني ) . کردەوە چەپەڵ و ناڕەواکانی بەعسییەکان و ڕێباز و ئایدیۆلۆژیەتە شۆڤێنیست و بۆگەن و کۆنەپەرستانەکەیان دەریخست و سەلماندی <u>کە ڕاوبۆچوونی بەشە کەمەکەی نێو ڕێکخراوەکانی حزب ڕاست دەرچوو . )</u>

بەرەی بەدناوی نێوان حزبی شیوعی عێراقی وحزبی بەعسی ئەفلەقی گەورەترین گورزی کوشندەی لە گیانی جەماوەری حزبەکەمان وەشاند و هۆکارێکی سەرەکی بوو لە دابەزاندنی  پێگەو ورەو کەسایەتی حزب لەناو کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و بەتایبەتیش لە

ناو کۆمەڵی کوردەواریدا . بۆ مێژوو دەڵێم پارتی دیموکراتی کوردستان لە کاتی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ئاکامی ڕێککەوتننامەکەی (جەزائیر) لە ١٩٧٥، خاوەن هێزێکی سەربازی و چەکداری گەورە بوو ، بەڵام لە ڕووی پتەوی ڕەگ و ڕیشەی ناو جەماوەر ، حزبی شیوعی گەورەترین جەماوەری لە نێو چین و توێژەکانی خەڵك دا هەبوو . وەلێ ئەو بەرە نەگریسە ئەو هێزەی خەفە کرد . لە لاپەرەکانی دادێ باسی هۆکاری لاوازبوونی حزب دەکەم لە ڕووی جەماوەریەوە !

لەساڵی ١٩٧٢ دوای بەسەر بردنی ساڵە سەخت و تفت و تاڵەکەی حەمامچیەتی، بومە چایەچی دائیرەی ئینحساری تووتن لە کۆیە ، ئەوەی ڕاستی بێ میری ئەوەش پێ ڕەوا نەبینیم، لەڕێگای ناسیاوێکی کۆیە وەك نیوە شەریکێك چایخانەکەم بەڕێوەدەبرد مشتەرییەکانیشمان حەماڵ و کرێکاری ڕووت و برسی بوون .

لەساڵی ١٩٧٢وەوە وەك بەرپرسی پەیوەندییەکانی حزبی شیوعی لەگەڵ ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتی دانیشتنەکانی ئەو دوو لایەنەم دەکرد. ئەوە لەکاتێك بوو کە حزبی بەعسی شۆڤێنی بە دزی و بەئاشکرا کەوتبووە ڕاودونان و گرتن و کوشتن و بزرکردنی هاوڕێیانی حزبی شیوعی . ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرو پلەدارە سەربازییەکانی حزبمان گیران و لەناوبران ، ڕۆژیش نەبوو هەواڵی بێسەرو شوێنکردنی هاوڕێیانمان لە شارەکانی خوارو ناوەندی عێراق پێنەگات.

من خۆم وەك کادیرێکی خاوەن ئەزموونی کاری حزبایەتی ، گەیشتبوومە ئەو قەناعەتە کە (بەرەی ) نێوان بەعس وحزبی شیوعی عێراق، جگە لە کارەسات و نەهامەتی هیچ تری تێابەدی ناکرێ ، کە بچێتە خانەی دەستکەوت و خزمەتگوزاری بۆ گەلی کوردو گەلانی عێراق ، بۆیە هەمیشە ڕەش بین و ڕاڕاو بێ ئومێد بووم ، کە بتوانین بەم ڕێگایە بگەینە ئەو ئامانج و ئاواتانەی دەیەها ساڵە خەباتی بۆ دەکەین و شەونخونی بۆ دەکەین وخوێنی بۆ دەڕێژین . ئەوە بو لە ساڵی (١٩٧٤) دا لە مەحزەرێکی لێژنەی قەزای کۆیە بۆحزبی شیوعی عێراقی هەرێمی کوردستان ئەمەم تۆمارکرد :

**( من بڕیارمدا كە لە ئێستاوە بێلایەن بم و بەهیچ جۆرێك پەیوەندیم بەحیزبەوە نەبێ ، ئەوەی ئێوە ناوی دەبەن بە - بەرەی نیشتمانی و پێشكەوتوخواز- جگە لە ملشكان و تێچوونی هاوڕێیان و نشوستی حزب چیتری لێچاوەڕوان ناكرێت !).**

بەدرێژایی ساڵانی ١٩٧٥ - ١٩٧٦ هەر لەم دەرگا ولەو دەرگا خەریكی خۆشاردنەوە بووم ، استە پەیوەندیم بە چالاكییەكانی حزبەوە نەبوو ، وەلێ وەك مرۆڤێكی خاوەن هەڵوێست و سەربەرز هەرگیز ئامادە نە بووم پەیوەندی بە ڕژێمی بەعسەوە بكەم و خیانەت لەحزب و نەتەوەو خاكم بكەم ، دڵنیابووم لە هەر ئان و ساتێكدا بەعس دەستی پێمڕابگات دەمگرێ و بە دەردی هاوڕێیە گیراوەكانم دەبات.

نابێ ئەوەش لە بیركەم من هەمیشە بەدەنگێكی بەرز بە ڕەخنەم لەحزبی شیوعی عێراقی گرتووە ، كاتێ كە هێندێ پارچە چەكیان لە ڕژێم وەرگرت و لەشارەكاندا بارەگایان كردەوە .

هێندەی پێنەچوو ، دوای هەرس هێنانەكەی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ ، شاڵاوی بێ ئامانی ڕژێمی بەعس بە وپەڕی دڕندەیی و بێمروەتی بۆ سەر بارەگاو خانەخوێی هاوڕێیانی حزب ، لە هەموو شارو شارۆچكەكانی كوردستان دەستپێكرد ، ئەوەی گیرا گیرا ئەوەی توانی خۆی دەربازكا بۆ لایەك هەڵات ، ئەوەی لەبەر دەستیش بوو بەملكەچی چۆكیان پێداداان و فۆرمی بەرائەتیان پێ پڕكردنەوە بە زۆر وایان لێكردن حاشا لەحزب بكەن . بەم جۆرە هەرچی ڕێكخراوی حزبی هەبوو لە هی جوتیارو كرێكارو ئافرەتان و خوێنكاران تەفرو تونا كران و ناوو ناونیشانیان نەما . لە شاری كۆیە تەنیا خوالێخۆشبوو (ڕەئوفی حاجی سلێمان)ی كە سكرتێری قەزای كۆیە بوو لە گەڵ شەهید( سەید نەزیف سەید عەزیز) و بەندە بە نهێنی مابووینەوە . ئەوە بوو شەهید (سەید نەزیف) بەرەو هەولێر ڕۆیشت و كاك (ڕەئوف)یش گەیشتە (ناوزەنگ) و (خوشكە فریشتە)ش خۆی بزركرد. تا ساڵی ١٩٧٦، نۆ مانگی ڕەبەق لەماڵی دۆست وبرادەراندا بەموختەفی لە كۆیە

مامەوە ، هەر حەفتەیەی ، هەر نیو مانگەی ، لە ماڵێك بووم ، تا لە مانگی ١٢ / ١٩٧٦ لە رێگای خوالیخۆشبوو (عەبدولرەحمان ڕووتە) نامەیەکم لە هاوڕێ ( فاتیح رەسووڵ)ەوە پێگەیشت کە لە (ناوزەنگ) وە ناردبووی و داوای کرد کە بەزووترین کات پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزب بکەمەوەو بچمە گوندی (ناوزەنگ)ان .

بڕیارمدا بگەڕێمەوە باوەش شۆڕش و چەکی خەبات بکەمەوە شانم . بە یارمەتی کوڕە جوامێرێکی کۆیی کە ناسراوە بە (صادقی حمە دەروێش) کە ئەو کات سایەقی گەلأبەی گێچ گواستنەوە بوو ، لە کۆیە بۆ پشدەری .بەرەبەیانێکی زوو بەجل و بەرگی کرێکاری بەڕێ کەوتین بۆ ڕانیە ، لەرانیەش بە هاوکاری کاك (هەژاری مامەی حەمە حوسێن) کە خزمی من و و دۆستی حزب بوو گەیشتمە شاری قەلادزێ ، لەوێشدا بەرێز (واحید کۆیی) بە سواری ئێستر لەگەڵ قاچاغچیان بەرێی کردم بۆ ناوزەنگ ، شەو بەناو کەمینی جاش و عەسکەر، ڕێمان بڕی و بەیانییەکەی گەیشتینە جێ .

لەنێو دۆڵێکی هەزار بە هەزار و کەژو شاخێکی سەخت و دژوار، کە لەجوانی و دلگیریدا نموونەم پێشتر نەدی بوو ، نزیکەی چوارسەد کەس لە هاورێیانی حزب لەوێدا کۆببونەوەو ، دوور لە دەستی ڕژێمی شۆڤێنی بەعس ژیانیان بەسەر دەبرد . پێشمەرگەکانیان تێکەڵ بوون لە کورد و عارەب و تورکمان و یەزیدی و موسڵمان و مەسیحی ......تاد .

کەوتینە دروستکردنی بارەگا و خانوو و خۆشکردنی جێگەو ڕێگەی خۆمان ، ئەم دەڤەرە زستانی یەکجار سەخت و تووشە ، بۆیە خانوو و دارو سوتەمەنی لە پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیان بوو .

لە بارەی کاروباری حزبایەتیشەوە هاوڕێ (فاتیح رەسووڵ)، بووە بەرپرسی سیاسی و هاوڕێ (توما توماس) بەرپرسی سەربازی ، هەر دووکیانیش ئەو ساڵە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوون .

پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو پەری باشی دابوو ، هاوکاری و هەماهەنگی بەو پەری ڕیزو تەقدیرەوە پەیڕەو دەکرا . دۆستایەتی نێوان (مام جەلال) و هاوڕێ (فاتیح ڕەسوولْ) ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لەو نزیك بوونەوە و هاریکارییە . دەڤەرە بچووکەکەی گوندی (خری ناوزەنگ) ببووە لانکەو پشت وپەنای زۆر لە حزب و ڕێکخراوە شۆڕش گێرەکانی عێراق و ئێران . جگە لە حزبی شیوعی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوا کۆمەڵەی ئێران و چریکای ئێران ، ئۆپوزسیونی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس لەوێ خڕببونەوە .

دوای دامەزراندنی لێژنەی محەلی هەولێر. حزب کەوتە هەوڵ و کۆشش بۆ پەیداکردنی چەك ، بونیادنانەوەی هێزی سەربازی . ئەوە بوو برادەرانی حزبی دیموکراتی ئێران هاوکاری باشیان کردین و هێندێ پارچە چەکیان پێداین و یارمەتیان داین .(مەلا حەسەن ڕەواندزی ) بۆ سکرتێری لێژنەی محەلی هەولێر هەڵبژێردراو (جەبار حەسەن) ناسراو بە (ئەبو سەرکەوت ) و (مەلا ئەحمەد) ناسراو بە (مەلا ئەفەندی) وەك دوو ئەندامی مەکتەب دەست نیشانکران ، چوار لە هاورێیانیش وەك ئەندام داندران ، ئەوانیش شەهید (ئەحمەد عوێنەو شەهید تۆفیق حەریری و حسین زاخۆ )و بەندە بووین .

جا هەریەکێکمان بۆ بەرێوەبردنی لێژنەی قەزایەك کەوتینە کارو چالاکی ، بەندە بووە بەرپرسی لێژنەی قەزای کۆیە و لە گەڵ سێ لە هاوڕێیانم بووین بە مەفرەزەیەك و چووینە گوندی (داربەسەر) ، کە ئەوانیش (مام هیدایەت ئیلینجاغی و خدری مام سمایلی ئیلنجاغی وجەمال خورشید داربەسەری) بوون .

بەم شێوە لە نێوان گوندەکانی دەڤەری کۆیە و ناوشار ، و بارەگای سەرەکی حزب ، ئەو ساڵانەم بەسەر برد . ناوەناوە بەدزییەوە خۆم دەکوتا ناو شار و لەماڵی خزم و برادەران چەند شەوێك دەمامەوەو چالاکی پارتایەتیم بە گوێرەی نەخشە و پلانی حزب جێ بەجێ دەکرد . لەجێگای خۆیەتی ، کە بڵێم حزب بریاری دابوو ، جارێ لەناو شاردا

شانەی  ڕێکخراوەی دروست نەکات ، بەڵکو پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای تاکە کەسی بن ، ئەمەیش وەك خۆپاراستنێك لە ئاشکرابوون و گیرانی ئەندامانی حزب  . بەڕاستی مارانگاز بووبووین،  ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە ئەندامەکانمان لە هەرەس هێنانی بەرەی بەدناوەکەی نێوان حزبی بەعس وحزبی شیوعی لەناوچوون .

تاوەکو سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی حزبی شیوعی بێ گیروگرفت لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێوە چوو، بەڵام لە گەڵ دروست بوونی بەرەی جود (پارتی دیموکراتی کوردستان و سۆشیالیست وحزبی شیوعی) ، ئاووهەواکە تەواو گۆڕا ئێمەش کەوتینە بەرەی دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، بەرەبەرە کەوتینە ڕاگوێزانەوەی بارەگاکەمان لە ( ناوزەنگ) بۆ  (پشت ئاشان) .

دوای هێرشەکەی (جود) بۆ سەر مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە (شێخ وەسانان) ئیعلانی شەڕکراو بارودۆخەکە یەکجار خراپ تێکچوو تاوای لێهات کە مەفەرزەکانمان نەتوانن بە ئاشکرا لەدەڤەری کۆیە و ئەو ناوچانەی ژێر دەستی یەکێتی نیشتمانی چالاکیی ئەنجام بدەن . وەلێ لێرەو لەوێ بوونمان هەر هەبوو . یەك لەو خەباتگێڕنە شەهید (محەمەدی حەلاق) بوو ،  کە شان بەشانی هاورێیان ئەرك و نەخشەو ڕێنماکانی شۆڕشیان جێ بەجێ دەکرد ، وەك لە کتێبی تراژیدیای شەهیدبوونی (محەمەد حەلاق) داهاتووە :( ساڵی ١٩٨١ چووە نێو ڕیزی پێشمەرگە ، لەسەرەتا لە بەر چالاکی و لێهاتووی لە ڕووی ڕێکخستنەوەو ئەو شارەزاییەی کە لە کاروباری ڕێکخراوی کۆیە و دەوروبەری بەدەستی هێنا ، وەك کادیرێکی چالاك لە   ڕێکخراوەکانی لێژنەی محەلی هەولێری حزبی شیوعی کاری کرد،  لەبەر لێهاتوویی و کارامەیی لە ڕووی عەسکەرییەوە ساڵی ١٩٨٣ بۆ ڕێکخراوی پێشمەرگایەتی گوێزرایەوەو چالاکانە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا . ساڵی ١٩٨٥ بوو بە سەرلقی کۆیەی هێزی پێشمەرگە ، ساڵی ١٩٨٧ بووە بە فەرماندەی بەتالیۆنی (٣١)ی هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعی . لە کاتی ئەنفالە بەدناوەکاندا هاوڕێ (محەمەد حەللاق) ڕۆڵێکی مەزن و دیاری هەبوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هێزەکانی ڕژێم  . لە چەندین داستان و شەڕو پێکدادان دا ، لەگەڵ ڕژێمی بەعس سەرکەوتنی

مەزنی بەدەستهێنا . لە ڕۆژی ١٩٩٥/١١/٢ لەگەڵ یانزدە هاوڕێی تر لە نزیك گوندی تۆپزاوەی کۆیە شەهید دەکرێن .)

کادیری دووەم (مەلا وشیار مەلا سەدر) کە جوامێرێکی کۆیی بوو لەساڵی ١٩٨٢ لە گوندی (نازەنین) هاتە ڕیزی پێشمەرگەو کەوتە خەبات و چالاکی دوو ساڵی ڕێك وەك ئەندامی لێژنەی قەزای کۆیە لەگەڵ خۆمدا کاری کرد .

لێرەش دووپاتی دەکەمەوە کە بەندە هەمیشە خاوەنی هەڵوێستی ئاشکرای خۆم بووم ، دژی شەڕی براکوژی و تەفرەقە و نانەوەی فیتنەو ئاشوب بووم ، لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا ، جا هەر حزب و تاقم و دەستەیەك بن . بەڵام بەداخەوە، سیاسەتی تاکڕەوی مەرکەزی حزب ،بە هیچ شێوەیەك گوێی لە ڕەخنەو پێشنیارو ڕاوبۆچوونی ئەندامەکانی خوارتری نەدەگیرا . بۆیە هەرچیمان بگوتبایە کەس بایەخی پێنەدەداین و تا ڕادەیەکیش ناڕازی بوون، لە ڕەخنەکانمان .

## *لە پشت ئاشانەوە بۆ ناو زیندانی بەعس*

دوای هێرشە خوێناویەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر بارەگاکانی حزبی شیوعی لە پشت ئاشان و شەهیدبوونی دەیان هاوڕێ و ئەندامانی حزب و یەخسیرکردنی ژمارەیەکی ترو دەست بەسەرداگرتنی هەرچی چەك و تفاق و شتومەك و دۆسیەو تۆماری نهێنی حزب کە لەوێ بوو ، مەقەر و بارەگامان گواستەوە (رۆستێ) ، دوای ماوەیەك چەکدارەکانی بەرەی (جود) پەرت و بڵاوبوونەوە ، لەوانە بەشێك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سوشیالیست چوونە خاکی ئێران . لەم ئان وساتەدا بارەگاکانمان گوێزرایەوە بۆ (بارزان) ، لەناو ئەو خانووانە جێگیربووین کە لە دوای ساڵی (١٩٧٠) بونیات نرابوونەوە ، هەر سێ چوار مانگی پێنەچوو (شێخ خالید) کە سەرکردەی حزبێکی

ئیسلامی چەکداربوو بەناوی (حزبوڵڵا) و لەژێر فەرمانی فەرمانڕەوایانی (ئێران) کاری دەکرد ، حزبی شیوعی ئاگادارکردەوە کە لەماوەی دە ڕۆژدا دەبێ ناوچەی (بارزان) چۆڵ کەن ، هەرچەندە هاوڕێ(عەزیز) گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە ، هیچ ئاکامێکی باشی لێنەکەوتەوەو دوای کۆبونەوەی لیژنەی ناوەندی و لیژنەی هەرێمی حزب، بڕیاردرا پاشەکشێ بە هێزەکانمان بکەین بۆ گوندی (کافێ ) هەر لە بادینان . لیژنەی مەحەلی هەولێریش بەرەو گوندی (کۆلەکان) کەوتنە ڕێ لە گەڵ هێزێکی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی ئامیر بەتالیۆن (موحسن یاسین) و یارمەتیدەرەکەی شەهید (عەلی حاجی نادر) . بەم شێوە چوار مەفرەزەی هێزی ئێمە بەرەو دەشتی هەولێر دابەزین . دوای پەڕینەوە لە (بێخمە) گەیشتینە دەشتی حەریرێ ، لەو وەرزەدا دەهات پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرەو هێوربوونەوە و ئارامی بچێ.

پاییزە بوو ، سەر لە ئێوارە هێزەکەمان سەر لە ئێوارە گەیشتینە گوندی (هەنارە)ی نزیك هەولێر و بەسەر ماڵەکاندا دابەشبووین . دەوری سعات شەشی بەیانی هێزێکی گەورە لە جاش و سوپاو کە لە شەقڵاوە و ڕانیە و هەریر و هەولێرەوە هاتبوون ، لەگەڵ هێزەکانمان لەدەوری گوندی دەستەویاخە کەوتنە شەڕو پێکدادان. هاوڕێ(عەلی حاجی نادر ) بە بڵند گۆی مزگەوت داوای لە خەڵکی دێیەکە کرد کە بۆ سەلامەتی خۆیان ، گوندەکە چۆڵ بکەن و ئەمەیش بووە هاندەر بۆ سەدوبیست پێشمەرگەکەی ناو گوند کە بەو پەڕی گیانفداکارییەوە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن بجەنگێن . بەپاڵپشتی دەیان تانك و زرێپۆش و ئیڤاو بە بەشداریکردنی هەشت فرۆکەی کۆپتەری سەمتی شەر تاکو سعات حەوتی ئێوارە بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو . هێزی جاشی خائن و سوپای بێ ورە زەرەرو زیانێکی گیانی و ماددی زۆریان لێکەوت ، هێزی پێشمەرگەش قوربانییەکەی شەهید بوونی هاورێیەکی عارەب بوو بەناوی (ئەبو شەهلای) و هەشت نۆ بریندارمان هەبوو ، دوای کشانەوەمان لەگوندی (هەنارە) بەرەو دەشتی کۆیە هاتینە ڕێ و هێندێکیش لە بریندارەکانمان بە ڕێگای دۆستانی حزب گەیاندە ناو شاری هەولێر بۆ چارەسەرکردن .

لەداستانێکی تری مەفرەزەکانی حزبی شیوعی ، پێشمەرگەکانمان توانیان زەبرێکی کوشندە لە دوژمن بدەن ،کاتێ ژمارەیەکی زۆرلە هێزی سەربازی بەپاڵپشتی جاشە خۆفرۆشەکانی قاسماغاو تانگ و زرێ پۆشەوە شاڵاویان هێنایە سەرگوندی (سێ کانی) لە نزیك تەقتەق هەرچەندە ژمارەی مەفرەزەکەی ئێمە هەر شەست پێشمەرگەیەك دەبوو لەچاو ژمارەی هێزە پڕتفاقەکەی ڕژێم  زۆر کەم بوو ، توانیان لە سعات شەشی بەیانیەوە تاکو ئێوارە مقاوەمەت بکەن و دوژمن بشکێنن لەم داستانەدا یانزدە هەڵۆ سووری حزب شەهیدبوون و هێزی دوژمنیش ژمارەیەکی زۆرکوژراو برینداری بۆ تەقتەق و کرکوك و سەربازگەکانی ئەو ناوە گواستەوە .

پێش ئەوەی خۆم بخزێنمە ناو شاری کۆیە ، لەگوندەکانی ئەو دەڤەرە ڕۆژانی خەبات و کاری حزبمان بەسەر دەبرد ، ڕۆژێ لە گوندی (پیرەری) سەر ڕێگای کۆیە – هەولێر بووم ، شەهید (عەیشەگڵۆکە) و (نەجیبە)ی هاوسەرم و (بەیان)ی کچم بە مەنجەڵە خواردنەوە هاتنە دیدەنیم ، سەیرم کرد هەرسێکیان جلکی ڕەشیان پۆشیوە  کە پرسیارم لێکردن ، گوتیان خەبەرمان وا بۆ هاتبوو کە تۆ لەشەڕەکەی (هەنارە) شەهیدبوویت . کاتێ لەحاڵ و تەندروستی باوکم پرسی زاریان تەتەڵەی کرد و وەڵامێکی بەدڵیان نەدامەوە ، دوای چەند ڕۆژێك هاوڕێ  (عەلی حاجی نادرو بەکر جۆلاّ) لە گوندی (قورتەلاس) ،   هاتنە لام و خەبەری کۆچکردنی باوکمیان پێدام ، گوتیشیان شەهید (عەیشەگڵۆکە) و هاوسەرەکەت جلی تازییەیان پۆشی بوو ، بەڵام نەیانەویست لەم زروفە ناخۆشە دا باری دەروونیت قورستر و ناخۆشترکەن . کۆچکردنی باوکم کۆستێکی گەورە بوو لە ناخمدا ، چونکە ئەو نەك هەر باوك و بەخێوکەر و ڕابەری ژیانم بوو ، بەڵکو هاوڕێیەکی دڵسۆزو بە ئەمەکی حزبیش بوو ، گیانی خەباتکردن و خزمەتکردنی چینی ڕەش و ڕووت ، هەمیشە لە گڵپە و بڵێسەدا بووە . زۆر زۆر تەئەسووفم خوارد کە نەمتوانی لەپرسەی دانیشم و قەرزی باوکایەتی بدەمەوە .

لەم ئان وساتەدا هاوڕێ  (فواد مەجیدی معروف -   ناسراوە بە هۆگر) کە سکرتێری محەلی هەولێربوو بە دوای داناردم بچمە هەولێر ، بەلام پێڕانەگەیشتم .

ماوەیەك لەشاری كۆیە بەدزییەوە خەریكی ڕێكخستنەوەی حزب بووم ، دوای پەرتەواز بوون و هەترەبوونی هاورێیەكان لەشارو گوندەكاندا ، لەترسی ئاشكرابوون و پێ زانینی سیخورو پیاوانی ڕژێم چوومە (چوارقوڕنە) و دە یانزە ڕۆژێك لەوێ هەربە مختەفی مامەوە . ویستم دیسان بگەڕێمەوە كۆیە ، چوومە گوندی (قەرەنیاغا) لە ماڵی دۆستێكی حزب دابەزیم و دە دوانزدە ڕۆژێك بوو چاوەڕوانی چاو ساغەكانی حزب بووم تا لەگەڵیاندا بگەڕێمەوە كۆیە ، ڕۆژی ٢٠-٧-١٩٨٦ ، دەوری سعات دەی بەیانی بەتەنیا لەژوورێكی ماڵی ئەو دۆستەم بوو . لەناكاودا هێرشم كرایە سەر ، مەفرەزەی سەربازیی و ئەمنی مەنزومەی شیمالی خۆیان كردە بە ژوورەوە و ئەوەندەم زانی كە دەرگاكە بەشەق كرایەوە و یەكێ تێخوڕیم :" تۆ كاكە ئەحمەد" ی ، ئەوە ناوی نهێنیم بوو لەو ڕۆژگارەدا ، بە چاو تروكانێك قۆڵپێچیان كردم .

جا بەدەستی كەلەپچەكراو و چاوبەستراوەی منیان گەیاندە ناو ئۆتۆمبیلێك ، هەموو سەروگوێلاكم خوێن بوو، دوو ددانیشم شكا . بەگوێرەی گێڕانەوەی ئەوانەی لە ڕووداوەكە ئاگادار بوون، دوای دەرچوونم لە زیندان ، ئەو ڕۆژەی كە من گیرام هێزێكی خاسەی زۆر هەر چوار دەوری گوندی (قەرەنیاغا)ی تەنیبوو ، چوار ئۆتۆمبیلیش ڕاستەوخۆ هاتبوونە بەردەرگای ماڵی برادەرەكەم ، بە گوێرەی هەواڵەكان ئەو كەسەی ئیخباری لێ كردبووم لەو گوندە بووەو خۆشی لەگەڵ هێزە سەربازییەكە دابووە ، زۆر بە وردی شوێن و جێگاو ڕێی منی بۆ ئەوان نەخشە كێشابوون .

كە لە ئۆتۆمبیلەكە —دوای دوو سێ - سعات ڕێ بڕین، منیان هێنایە خوارەوە ، نەمدەزانی ئەم شوێنە دائیرەی ئیستخباراتی شیمالە لە هەولێر . یەكسەر بە چاو بەستراوەی ڕایانكێشامە حەوشەیەكی گەورەو فڕێیاندامە سەر زەوی . دیار بوو بۆڕی ئاسنی تایبەتیی لەچەند شوێنێكی سەر زەوی ئەم حەوشە چەقاندرا بوو . بەدرێژاو درێژی منیان ڕاكێشایە سەر یەكێك لەو بۆڕیانەو هەردوو دەستیان كردمەوەو بە درێژی بۆڕیەكە درێژیان كردم و لە بۆڕیەكەیان بەستمەوە ، دەستێكم لەلای ڕاست و دەستەكەی

ترم له لای چەپ ، یەکجار تینووم بوو ، چلەی هاوین بوو . هەموو بەدەنم لەبەر ژان و ئازار ئۆقرەی لێبڕابوو . دوای نزیکەی سعات و نیوێك دەستیان لە بۆڕیەکە کردمەوەو هەڵیانستاندمە سەر پێ و بردمیان بۆ ژووری تەحقیقات . چاومیان کردەوە سەیرم کرد ئەفسەرێکی زەبەلاح ، سەرشان و سینگی هەموو ئەستێرەو باز بوو ، لەسەر کورسییەکی یەکجار کەشخەو مۆدیل بەرز دانیشتبوو ، مێزەکەی بەردەمی شەش حەوت تەلەفۆنی لەسەربوو ، کەرستەو دارو دیوارو پەردەو پەنجەرە یەکجار مامەوە ڕازاوەو گران بەها دیاربوون ، لەلای راست و چەپم دوو سێ پیاوی ئەمن ڕاوەستابوون ، یەکێکیش کە بە شێوە زاری کەرکوکی قسەی دەکرد ، تەرجومان بوو . کابرای ئەفسەر بە توڕەیی و دەنگێکی ناخۆش و کەرخەوە هاواری بە سەر دا کردم و گوتی:

(کاکە احمد، انت اسمك حسن کاکە اسماعیل ، مسؤول حزب شیوعی فی کویسنجق. هذە ملفات فیها کل معلومات عن اجتماعاتك الحزبیة ، أنظر !) . بەدەستی ڕاستەی مەلەفێکی گەورەو ئەستووری بەرزکردەوەو پێیگوتم کە هەر هەموو مەحزەری کۆبونەوەکانی منی تێدایە . من یەکسەر ئەو بەڵێنەم وەبیر خۆم هێنایەوە کە لە (قەرەنیاغە) لە کاتی راپێچ کردنم بە خۆم دا و شەرتم کرد کە هەموو نهێنییەکانی حزب لە گەڵ خۆم بنێژم ! بۆیە گورج گوتم :" بەڵێ ، من (حەسەن کاکە)م ، چەند ڕۆژێکە هاتوومەتەوە گوندی ، چاوەروانی دەرچوونی عەفو دەکەم تا خۆم ڕادەستی میری کەمەوە . " دیسان ئەفسەرەکە شیڕاندی و گوتی :" کاکە حەسەن ، ئێمە هیچ ئیشێکمان بەتۆ نییە و تۆ بەردەدەین دەمانەوێ تەنیا ناوی هەموو تەنزیمات و ناوی هاوڕێکانی خۆتمان بدەیتێ و ئیعتراف بکەی لە سەر ئەو کارەکانی کردوتە . "

من هەر ئەوەندەم لەزار هاتەدەرێ گوتم : " وەك عەرزم کردن من هاتووم خۆم تەسلیم بکەمەوە." نازانم بروسکەبوو کارەبا و ئاگربوو.....!!! هەردوو قاچم ئاگری تێبەربوو ، لە ڕاست و چەپ بە کێبلاَن و بەشەق و بۆکسلێدان کەوتنە سەرم ، کە چاوم کردەوە بینیم لە ژوورێکی گچکە هەر یەك مەتر چوارگۆشە دەبوو فڕێدراوم ، خوێن لە هەموو لەشم دەچۆڕێتەوە، لەبەر ژان و ئازار عەجمینم نییە ، دیاربوو بە تیزاب قاچیان

سووتاندبووم و بەکێبلاّن هەموو لەشیان شین و مۆرکردبوومەوە . لە ژێر دەرگاوە قووتولکەیەکی بچووکی ئاوەتەماتەیان بۆ پڕ لە ئاو کردبووم دیاربوو شتێکیشیان فڕێدابووە ژوورەوە بۆ خواردن ، بەڵام من لەبەر ئازارو ئەشکەنجە ئاگام لە هیچ نەبوو نەمدەزانی تینوومە یان برسیمە !!!

ئەمشەوە وەك بێهۆشان ڕۆژمکردەوە ، بەیانی دەوری سعات نۆو نیو دوو سێ ئەمنی زەبەلاح و بەخۆوە هاتن دەرگایان کردەوە ، دار شەقێکیان خستە ژێر باڵم ، لەناو قاوشەوە بن باڵیان گرتم ، لەژێر زەمینەوە بردمیان بۆ ژووری ئەشکەنجە ، کە سی تا سی و پێنج کۆسپەقادرمە دەبوو . ژوورەکە (٣ X ٤) مەتر دەبوو ، مێزێکی ئاسن لە پێشەوە داندرا بوو، دیاربوو چەند کەرستەو ئامێرێکی ئەشکەنجەدانی لەسەر بوو ، وەك ئامێری کارەبایی و قەمچی و کێبڵ و کەرستەی تر ، دەفتەرێکیش بۆ تۆمارکردنی ئیفادە داندرابوو ، دیسان کابرای موتەرجیمیش حازر ڕاوەستا بوو . وەك دوێنێ داوایان لێکردم کە ئیعتراف بکەم . من هەر سوور بووم لەسەر قسەی خۆم و ئیفادەی خۆم نەگۆڕی ، ئەو جارەی هە ڕەشەی ئەوەیان لێکردم کە هیچ دەربازبوونێکم نییە یا ئەوەتا دان بەهەموو ئەو شتانە دادەنێم کە ئەوان مەبەستیانە یان وەك گیراوەکانی پێش خۆم پارچە پارچەم دەکەن و فڕێم دەدەنە ئەو دیوی ژوورەکە .

من قسەکانم تەواوکردو تەواونەکرد ، بەرزیانم کردمەوەو هەردوو باڵیان بەقولابەی بن ساپیتەکە هەڵواسیم و بێ ڕەحمانە کەوتنە دارکاری کردنم ، دیسان تا لەهۆش خۆ نەچووم دەستیان لێهەڵنەگرتم ، وەك جاری پێشوو فڕێیاندامەوە ژوورە ئینفرادیەکەی خۆم . بەرە بەرە هات نەختێ لەو زیندانە شارەزابم ، یان هەست بەدەورو پشتم بکەم . زانیم کە لەلای راست وچەپی ژوورەکەی من چەندان ژووری تر هەیە خەباتگێر و تێکۆشەری تری لێ ئاخێنراون . هەروەها زانیم چەند قاوش و هۆڵیش لەسەر ڕێگام هەیە و هەمووی پڕن لە زیندانیان ، کە ڕەنگ بێ ئەوان حوکمدرابن یان چاوەڕوانی گواستنەوە بن بۆ زیندانەکانی تری هەولێر و کەرکوك و موسڵ و بەغدا .....

له ١٩٨٦/٧/٢٠ تا ؟ / ١ / ١٩٨٧ كه گواسترامەوە بۆ بەغدا، ڕۆژانە جگە لە ڕۆژی هەینی ، بەدڕندەترین شێوازی نامرۆڤانەو بە بەکارهێنانی کوشندەترین ئامێرو کەرستەی ئەشکەنجەدان ، بەدەستی پیسترین و بێ ڕەوشترین پیاوانی ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستی بۆگەنی بێ ئابرو دارکاری و حەسیرمەیدان و فەلاقە دەکرام . بە زنجیرو ئەلقەئاسنینەکانی بن ساپیتەوە ناو دیوارەکان هەڵیان دەواسیم و ئەشکەنجەیان دەدام .جارێ بەلێدان و جارێ تف لێکردن و شکاندنی کەسایەتیم ، هەر لە حەفتەی یەکەمی ڕۆژانی ئەشکەنجەدانم ، هە ڕەشەی ئەوەیان لێکردم ، کە گەر زوو بە زوو دان بە تاوانەکانم دانەنێم ، ئەوا هاوسەر و کچەکەم بەدەستبەسەری دەهێننە ژووری ئەشکەنجەو بەبەرچاومەوە ئەتکیان دەکەن . هیچ گومانم نەبوو کە گەر ئەوانیان بۆ دەستگیر بکرێت ئەو کارە دەکەن ، چونکە پێشتر زۆرمان لەم چەشنە ئەشکەنجە و ڕفتارەی بەعس بیستبوو.

هەڤاڵی هاوزیندانیم ( ئازاد ساڵح ئەحمەداغا) ، لەدایك بووی ١٩٦٤ كە لاوێکی هۆشیارو خاوەن بڕوانامە و مامۆستا بوو لە کۆیە ، لە گەڵ چەند هەڤاڵێکی تر بەوەی کە ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لە کۆیە ، لەلایەن هێزێکی قوات خاسەی بەعسییەکان لە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٦ دەستگیردەکرێت و بۆ بەندیخانەی ئیستخباراتی سەربازی هەولێر دەگوێزرێتەوە . لە ماوەی مانگ و نیوەکەی زیندانی کردنی بەمەبەستی تەحقیقاتکردن و زانیاری لێوەرگرتن ، ئەویش وەك هەڤاڵەکانی تر ئەشکەنجەو دارکاری و فەلاقە دەکرێت ، دەربارەی یادەوەریەکانی لە گەڵ مندا ئەم دێرانەی تۆمارکردوە و دەڵێ :

" چوار ڕۆژ بووگیرابووم ، چاودێرەکەی هۆبەکەی ئێمە (عوسمان) ناوێك بوو ، خەڵکی (قەڵادزێ) بوو ، بەحوکمی کارەکەی کە پێیسپێردرا بوو ، سەری بەسەر هەموو ژوورەکان دادەگرت و دەرگای دەکردەوەو چاوی بەندکراوەکانی دەبەستەوە کە دەبردران بۆ ژووری ئەشکەنجەو هەر خۆشی وەری دەگرتنەوەو ئاوو نانی بەسەرماندا دابەشدەکرد . ئەو جۆرە ئازادییەکی هەبوو لە هاتووچۆکردن لە نێو دالانی هۆڵەکە دا، چونکە ئەو لەدەرەوەی ژوورە ئینفرادییەکان بوو. (عوسمان) هاتە لام و لەودیو دەرگاکەوە چرپاندی کە کەسێکی کۆییان هێناوەو ناوی (حەسەن کاکە)یە ! بەڕاستی باوەرم نەدەکرد کە ئەو

مرۆڤە بێ کە ئێمە ناومان بیستووە . زۆر لەمێژە ئەندام و چالاکوانی حزبی شیوعی بووە ، چونکە ئەو لە شاخ کادیری حزب بوو ، لە هەمان کاتیشدا ئەقڵم قبوڵی نەکرد کە کادیرێکی وا پایە بەرزی خاوەن ئەزموون ، وا بە سووك و ئاسانی خۆبەدەستەوە بدات . بەیارمەتی (عوسمان) ، ڕۆژێك لە درزی دەرگاوە (کاك حەسەن)م دیت کە لە ئەشکەنجەدان دەیانهێناوە ناو هۆڵەکە . من ئەوم نەدەناسی وەڵێ ناوبانگیم بیستبوو ، سەیریشم کرد کە شێوەو روخسارو بەژن و بالای زۆر لە مامۆستا(حوسێن)ی برای دەکات . بینیم هەرچی جل وبەرگە لەبەری داکەندراوە، تەنیا دەرپێ فووتەیەکی سپی و فانیلەیەکی خوێناوی لەبەرە ، بەئاشکرا شوێن کێبلێ و قەمچی بەلەشییەوە دیاربوو شین و مۆر ببۆوە .

دوو ڕۆژ دوای ئەودزە چاوپێکەوتنەم ، دەمەو عەسرێکی درەنگ ، بوو بە دەنگەدەنگ و ژاوەژاو ، کە لە کونی دەرگای ژووره ئینفرادیەکەی خۆمەوە ، تەماشام کرد بینیم وا بە چوار کەسان کاك (حەسەن)یان وەکو مەیت هێنایە ناو دالاکەو لەبەر دەم ژوورەکەی من بەدرێژبوونەوە فرێیان دا . توومەز تازە لە تەعزیب هێنابوویانەوە ، کە چاك سەرنجم لێدا چونکە ناو دالانەکە نەختێ رووناکتر بوو ، بینیم هەموو لاقی لە پەنجکانییەوە تا سەر چۆکی سووتاوەو پیستی داماڵاوەو سوور سوور بۆتەوە ، من لەم باوەڕە دابووم کە بەنەوت و بەنزین نەسووتێنرا بن، چونکە ڕەش دانەگەڕابوون جا بە تیزاب یان بە ئیسپرتۆ ئاگریان دا بوو نازانم ! دیاربوو دوو سێ ئەمن و سەرباز لەدەوری کۆببونەوەو هەر زللەیان لە ڕوومەتی دەداو دەیان گوت (حەسەن ، حەسەن ، حەسەن ) بەڵام ئەو هیچ ئاگای لە خۆ نەبوو . نیو سعاتێك هەر لەوێ فرێدرا بوو ، دوایی ڕایانکێشایە ناو ژووره ئینفرادییەکەی خۆی . ئەوەی من لەبیرم مابێ ، بە بەردەوامی بۆ ماوەی پانزدە ڕۆژ بەبێ پسانەوە بە شەوو ڕۆژ دەیانبردین بۆ ژووری تەحقیق و ژووری تەعزیب . دوای بوو بە دوو یان سێ ڕۆژ جارێك ، ئەوەندەشم لەبیرە ڕۆژانی دوای کاك (حەسەن)یان لە گۆشەیەکی دالانەکە دانا .

بۆ مێژوو دەڵێم کە کاك (حەسەن) هەتا بڵێیت پیاوێکی خۆڕاگرو هۆشیار و بەجەرگ بوو، متمانەی بە هیچ کەسێك نەدەکردو قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد ، کاتێ منیش خۆم پێناساند دەها پرسیاری لێکردم تا دڵنیا بوو ، دەنا گەر کەسێکی نەناسیی باویە و لێی دڵنیانەبوایە لە گەڵی نەیدەئاخاوت و سیقەی پێنە بوو . زووتر بەندکراوێکی هەولێری ناوی (نەجات) بوو ، بۆ چەند شەوو ڕۆژێك خستیانە ناو ژووره ئینفرادیەکەی کاك (حەسەن)، بە مەبەستی ئەوەی بن زمانی بدزتەوە، بەڵام کاك (حەسەن) لەفزی لەزاری نەگەڕاو قسەیەکی لە دەم دەرنەچوو .

من دەمزانی کە کاك (حەسەن) ئەرشیفی ناوی هاوڕێ و ئەندام و هەوادارانی حزبی شیوعی لەناو سینگی خۆی حەشار داوە ، چاك دەیتوانی حوکمەکەی سەر خۆی سووك بکات بە ئیعتراف کردن و ئاشکراکردنی ناوی ئەوان ، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوەندی ئەمن لەو زیندانەبوم ، کەسم نەدی لەو خۆڕاگرتربێت ، دەبێ ئەوەش بڵێم توندوتیژی و زەبر و زەنگی تەعزیبی هاورێیانی حزبی شیوعی زۆر قورستر و سەختر بوو بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئەشکەنجەی هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یان پارتی دیموکراتی کوردستان یان حزبی سۆشیالیست . دوای ئەو ئەشکەنجەدانە قورس و بەئازارە ، کە پیاوانی ڕژێمی بەعس زانیان بە تەعزیب چیان لەگەڵ کاك (حەسەن) پێناکرێ ، کەوتنە خۆ لێ نزیك کردنەوە ، ڕۆژانە ڕۆژنامەیان بۆ دەهێنا ، کتێبیان دەدایێ ، تەنانەت رادیۆیەکی بچوکیشیان لە لا دانابوو ، ناوەناوە بە ئیشارەت پێی دەگوتم ئێرانییەکان دوو (منارەی چۆلیان) لە بەغدا داوە مەبەستی دوو مووشەکی زەوی بە زەوی بوو . ناوە ناوە ئەفسەرەکان دەهاتن لەلای دادەنیشتن و پرسیاری سەیروسەمەرەیان لێدەکرد . هەر بەو نیازەی زانیاریەکی لێ هەڵکرێنن، ئەو زیرەکانە وەڵامی دەدانەوەو قەت نەیهێشت یەك غەڵەتی بچووکیش بکات یان نهێنییەك بدرکێنێ .

دەمەوێ ئەوەش بڵێم ، ئیمرۆ من زۆر دڵخۆشم و خۆم بەسەرکەتوو دەزانم کە بەهاوکاری و خۆڕاگری کەسانی وەك (حەسەن کاکە) و خوێنی شەهیدو قوربانی ئەنفالکراوەکان و دەست وبازووی پێشمەرگەو تەعزیبی زیندانییانی بیرورا ، وا ئاڵای

کوردستان لەسەر ئەو ساختومان و گرتووخانەو زیندانانە دەشەکێتەوەو کە دوێنی ئێمەی تێدا ئەشکەنجە دەدراین. ئەو خوێندنگەیەی وا ئیمرۆ خۆم وەك مامۆستا ، دەرسی تێدا دەڵێمەوەو نەوەی دوا ڕۆژی تێدا پەروەردە دەکەم و فێرە زانست و مەعریفەت دەکەم . ڕۆژێ لە ڕۆژان بەندیخانەی خۆم بوو ، لەوێدا تەعزیب و ئەشکەنجە دەدرام ، ئەوەی لە سەردەمی بەعس مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی بوو لە کۆیە . دوای ماوەیەك من لە کاك (حەسەن) دابڕام ، ئەوە بوو گواسترامەوە بۆ بەندیخانەیەکی تر و حەوت مانگ و حەڤدە ڕۆژ لەوێش مامەوە ، کاتێ ئازادکرام زانیم هاوڕێ(حەسەن کاکە) حوکمی بیست ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوەو ڕەوانەی گرتوخانەی ئەبو غریب کراوە . "

هەڤاڵ کاك (سەربەست سابیر خەیات) ناسراو بە (سەربەستی خەیات) ، کە لەهەمان زینداندا بە تومەتی چالاکوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گیرابوو ، لە نامەیەکدا کە لە ڕۆژی ١٤-١-٢٠١٣ بۆی ناردم دەنووسێ : ( من لەبەرواری ٢٠ – ٧ –١٩٨٦ لە دائیرەی ئیستخباراتی عەسکەری هەولێر گیرام ، کەوتمە ئەو قاعەی کە کاك (حەسەن کاکە) تێیدا گیرابوو ، پاش سێ ڕۆژ بردیان بۆ تەحقیق ، کە هێنایانەوە بەردەم قاعەکەمان ، پیاوانی ڕژێم داوایان لێکردین بێین و سەیری کەین و بیبەینە ژوورەوە . چوار کەس دەستمان دایە هەڵیبگرین ، وەك مەیتێك لەسەر زەوی درێژکرابوو ، هەرفانیلەیەك و دەرپێیەکی لەبەر بوو ، لەهۆش خۆی چووبوو ، نەمانزانی چۆن هەڵیبگرین قاچی تاوەکو سەرچۆك سووتابوو ، سەرتاپای گیانی لەخوێن دابوو ، پیستی قاچی داماڵابوو ، گۆشتی سوور دەرکەوتبوو . لە داڵانەکە درێژمان کرد ، چونکە مانگی تەمموز بوو یەکجار گەرمابوو ، داڵانەکە هەوای لە ژوورەکان خۆشتر بوو . ئەو کاتە دەمەو ئێوارە بوو. شەو ڕۆیی بۆ سبەینێش هەر بەهۆش خۆنەهاتەوە . من سەیرم کرد تەنیا لێوەکانی دەلەرزین و بێ هۆش بوو . کورێکی قەلادزێی کەناوی (عوسمان) بوو، چونکە زۆر لەمێژبوو لەم زیندانە دابوو کردبوومان بە چاودێر، داوای لە ئەمنەکان کرد کە دەرگا بکەنەوە ، چونکە ئەو پیاوە بەهۆش خۆی نەهاتۆتەوە . دوایی هاتن، مردوو – ئاسا بردیان بۆ نەخۆشخانەی عەسکەری . کە گەڕاندیانەوە لامان تەداوی کرابوو . بەم شێوە چەند ڕۆژێك دەیانبرد بۆ تەداوی ، بەڵام کە هات هۆشێکی بێتەوە بەر ، بەهەمان

شێوه، سێ ڕۆژ جارێك دەیانبرد بۆ تەعزیب و ئەشكەنجە و ئازار دان .ئەوان خۆ ئێمەشیان تەعزیب و ئەشكەنجە دەدا، بەلام هی ئێمە سووتانی لەگەڵ نەبوو . هەر كوڕێك هەر شۆڕش گێرێك هەر پیاوێك خاوەن باوەڕ نەبێت و قارەمان و بەجەرگ نەبێت ، زەحمەتە خۆی لەبەر ئەم جۆرە ئەشكەنجە دڕندانە ڕاگرێت .

خۆڕاگری كاك (حەسەن كاكە) زۆر بێ وێنە بوو، بەتایبەتی بۆ مرۆڤێكی لەو تەمەنە . ئەوەندەی من لە گەڵی بووم ، بە بەردەوامی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆڕاگرتر دەبوو ، من كە سەیری ئەوم دەكرد هێندەی دی ورەم بەرز دەبۆوە ، دیمەنی ئەو هانیدەدام خۆڕاگرتربم. كورد دەبێ سەربەرز بێت كە ڕۆڵەو شۆڕشگێر و خۆڕاگری وەك مامە (حەسەن كاكە) هەیە .

هەر جارێك كە منیان دەبرد بۆ ئەشكەنجە ، خۆڕاگری كاك (حەسەن)م دەهاتەوە بەرچاو ، بەخۆم دەگوت دەبێ منیش وەك ئەو خۆڕاگربم ، هەرگیز تەسلیم نەبم و چۆك دانەدەم .

پێم خۆشتربوو بە سەربەرزی بمرم نەكو خوانەكا خەڵكانی تر بخەمە بەر چنگی ئەو فاشیستانە . )

كۆتایی نامەكە.

# هێرش كردنه سەر هاوسەرەكەم

تا خوێنەری ئازیز باشتر لە بەسەرهاتەكان ئاگاداركەمەوە ، با سەرگوزشتەی هاوسەرو كچەكەمتان بۆ بگێرمەوە ، كە دوای دەرچوونم لە زیندان ، خۆیان ، بۆیان باسكردم .

ئەو ساڵانەی دوایی ، (نەجیبە)ی هاوسەرم هاتبووە ڕیزی شۆڕش ، وەكو دەیان خوشكانی تر ، چەكی شەرەف و خەباتی كردبووە شانی . ئەو ڕۆژەی لە گوندی (قەرەنیاغا) دەستگیركرام ، ئەویش لەوێ بوو ، بەچاوی خۆی بینی بووی چۆن داركاری كرابووم و ڕاپێچكرام . هەر ئەو ساتە ، بە دزییەوە ، گوند بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە كۆیە بەو ئومێدەی بتوانێ سۆراغێكی من بكات و گەر بۆی بكرێ واستەیەكم بۆ بكات . ئەو خۆی نەك هەر ئەو كارەی پێئەنجام نادرێ ، بەڵكو خوا خوای دەبێ نەكەوێتە بەردەستی ئەو جەلادو پیاوكوژانە . جا هەر ئەو حەفتەیەی كە پیاوەكانی ئەمن لەژووری ئەشكەنجەدان ، هە ڕەشەی ئابروبردنی هاوسەرو كچە تەمەن حەڤدە ساڵیەكەیان

لێکردم ، مەفرەزەیەکی ئەمنی کۆیە هێرش دەکەنە سەر ماڵی (حەمدیە) خوشکم ، بەنیازی دەستگیرکردنی (نەجیبە)ی هاوسەرم . کاتێ پیاوانی ئەمن بە ژوورێ دەکەون و لە (نەجیبە) دەپرسن کوانێ هاوسەرەکەی (حەسەن کاکە) ئەو پێبان دەڵێ لێرە نییە ، ئێمە خوشکی ئەوین ، خۆی ناوی (رەحمە)یەو ئەوەی تریش ناوی (حەمدیە)یە . پیاوانی ڕژێم باوەڕی پێناکەن و دەڵێن تا ئەمشەویش (نەجیبە) لەم ماڵە دابووە ، (نەجیبە)ش خەبەرەکە پشتڕاستە دوکاتەوەو پێیان دەڵێ کە ئیمرۆ بەیانی رۆیشت وحاشی لە ئێمە کردو گوتی من پەیوەندیم بە ئێوەوە نییە و دەچم واستەیەك بۆ هاوسەرەکەی خۆم دەکەم .

ئەو کات ماڵیان لەگەرەکی (دڵدار) بوو ، پیاوانی ئەمن چوون دراوسێیەکی ئەوانیان هێنا ، کە بەدۆستی خۆیان دەزانی ، ئەو پیاوە ناوی مامۆستا (جەلال ئەلیاس) بوو ، لە ڕاستیدا ئەو، (نەجیبە) و ئەندامەکانی خێزانی ئێمەی باش باش دەناسی . کاتێ لە گەڵ پیاوەکانی ڕژێم دێتە ژوورەوە ، خۆی نەناس دەکاو دەڵێ کوا (نەجیبە)ی هاوسەری حەسەن کاکە ؟ (نەجیبە)ش دەڵێ :" کاکە ئێمە (رەحمە و حەمدیە)ین خوشکی ئەوین ، هاوسەرەکەی (حەسەن) ئەمرۆ بەیانی زوو بەدڵشکاوی لەماڵ دەرچووە ."

پیاوانی ئەمن باوەڕ بە مامۆستا (جەلال ئەلیاس) دەکەن و هەر ئەو دەمە (نەجیبە) لە گەڵ (بەیان)ی کچم ، بەسەر دیواری ماڵی دراوسێیەك، خۆیان دەرباز دەکەن و دەچنە ماڵێکی تر .

## زیندانەکەی ئیستیخباراتی عەسکەری هەولێر

با بگەڕێینەوە ناو زیندانەکەی ئیستیخباراتی عەسکەری هەولێر و سەرگوزشتەکەی خۆمتان بۆ تەواو کەم .

هەو لەو ڕۆژەی کە گیرام خزێنرامە ناو زیندانێکی ئینفرادیی لە ژێرزەمینی ساختومانەکەدا ، تاوەکو سەرەتای مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ ، ڕۆژانە لێدان و دارکاری کردن و هێنان و بردنم بوو ، بۆ ژووری تەحقیقات . وەك پێشتر گوتم تەنیا ڕۆژانی هەینی ئەشکەنجە نەدەدرام ، لەگەڵ ماوەی ئەو شەش حەوت ڕۆژی کە بۆ چارەسەری قاچە سووتاوەکانم دەیان بردمە نەخۆشخانە ، بردنی من بۆ چارەسەری، لەبەرخاتری چاوی ڕەشی من نەبوو، ئەوان نەیانده ویست بمرم و هیچ شتێکەم لێ هەڵنەکڕێنن، چارەسەریان دەکرم ، تا لە نوێ دەست بکەنەوە بە تەعزیب دانم .

منیش وەك دەیان یان سەدان زیندانی تری ئەو گرتووخانە بەدناوە ، هەر لە یەکەم ڕۆژ هەرچی جل و بەرگ بوو لەبەریان داکەندم ، هەر بەدەرپیی سپی و فانیلەیەك هەموو ئەو ماوە درێژەم بە سەربرد ، ئەوانیش لەبەر خوێن و زوخاو و ئارەقە و پیسی ، وەك کۆنە گونیەی ڕزیوویان لێهاتبوو . هەمیشە سەرقۆت و پێ خواست .چلەی هاوین و چلەی زستان تەنیا ئاسمان لێفەو کۆنکریتی رەق و تەق دۆشەك و سەرینم بوو . سەرو پرچ و نینوك و روخسار و شێوەم لەبەنیادەمی نەدەکرد .

ئەو شەوو ڕۆژانەی لەنێو ژوورە ئینفرادییەکەی خۆم بەسەرم دەبرد ، یان چاوم بەسترابۆوە یان کە هەر دەرگا ئاسنینەکەیان بەسەردا دادەخستم ، دونیام لێ تاریك دەبوو. خۆ چرا و گلۆپ نەبوو. ڕۆژانەش بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان یەك یان دوو کەڕەت دەیانبردینە سەرپێشاوێ . لە دوور ڕا لەبەر بۆگەنی و بۆنسارتك مرۆڤ کاس دەبوو
ڕەنگ بێ خوێنەری ئازیز بپرسێ ئاخۆ بیرکردنەوەو لێکدانەوەو نەخشەو پلانم دەبێ لەو ڕۆژگارەدا چی بووبێ . لێتان ناشارمەوە ، بە درێژایی ئەو ڕۆژو هەفتە و مانگانە بۆ یەك چرکە ، بیرم لە ماڵ و منداڵ و هاوسەرو هاورێیان و دەوروپشتم نەکردۆتەوە ، نەك لەبەر بێ وەفایی و بێ مروەتیم ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە من وەك دەرمانخواردکراو و ئاڵودەکان، لەبەر ئازار و ئێش و خەمی خۆم بێهۆش بووم ، بیر و مێشك و زەینم توانای بیرکردنەوەو یادکردنەوەو بیرەوەریان نەمابوو . تاکە شتێ کە زۆر بە پێداگربووم لەسەری ئەوە بوو کە نابێ بەهیچ شێوەیەك چۆکدادەم و ئیعتراف بکەم . ئەمە پەروەردەی حزب و ڕێنماکانی بوو ، سەرەڕای ئەمەش من خۆم ئامادەکردبوو بۆ سێدارە . کەواتە دەبوایە ئەوەندەی خۆم پێڕابگیرێ گەر بگاتە مردنیش لە ژێر ئەشکەنجە ، ناوی هیچ کەس و هاورێیەك ئاشکرا نەکەم و ڕێ بە ویژدانی خۆم نەدەم کەسانێکی هاوبیرم ، وەك خۆم تووشی ئەم گرتووخانەو ئەشکەنجەدانە بکەم . مردنی خۆم زۆر زۆر بەلاوە خۆشتربوو لەوەی کەسانی تر بەزمانی منەوە بکەونە ناو ئەو ئاگرە بێ ئامانە .

**دوای دەرچوونم لەزیندان ،  هێندێك لەو زیندانییانەی لەوێ بوون ، منیان دەناسی ، باسی ئەشکەنجە و دیمەنی منیان دەگێرایەوە کە خۆم هەستم پێنەکردووە چونکە زۆربەی کات  لە هۆش خۆم چووبووم  .**

## *بە رەو دائیرەی ئیستخباراتی بەغدا*

بیرمە ، لە ناوەندی مانگی کانونی دووەمی ئەم ساڵە لە گرتووخانەی ئیستخباراتی هەولێر ، بە دەستی بە کەلەپچەو چاو بەستراوەیی ، سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم و بردمیان بۆ دائیرەی ئیستخباراتی بەغدا.

ڕاستە ، لە ماوەی زیندانی کردنم لە دائیرەی ئیستخباراتی هەولێر ، تا بڵێت ئازارو ئەشکەنجەیان دام و هیچ کارێکی نامرۆڤانە نەما دەرحەق بە من نەیکەن، بەڵام ئەو کاتەی کە سۆار ی ئۆتۆمبیلەکەیان کردم ، ئەفسەرە چەپەڵەکەی تەحقیقیای لە گەڵ دەکردم، کردەوەیەکی هێندە قێزەوەن و ناشیرین و ئەتککەرانەی لە گەڵ کردم، کە بە لامەوە لە ئازاری هەر هەموو ڕۆژەکانی زیتدانییم کوشندەترو جەرگبڕتر بوو، ئەویش ئەوەبوو ئەو ناپیاوە بێ ڕەوشتە لوزی پێڵاوەکەی خۆی خستە ناو زارم و بە سەری دا قیژاندم: " حیوان ! لحد الان ما راح تعترف؟"

له پاشكۆی ئۆتۆمبیلێكی شۆفەرلێت ، كه تایبەت دروستكرابوو بۆ گواستنەوەی زیندانییەكان ، ئەمنێك لەتەنیشتم دانیشتبوو ، سێ كەسی تریش بە شوفێرەكەیەوە لەگەڵم دا بوون ، لەو ڕێگا دوورو درێژەی هەولێر – بەغدا ، دوو سێ جار بۆ نانخواردن و ئیسراحەتكردن ، له گازینۆیەكانی سەر ڕێگا ڕادەوەستان ، بەڵام نە قومە ئاوێك نە لەتە نانێكیان دامێ ، هەمیشە پاسەوانێكیش بەدیارمەوە بوو .

هەر ئەو ئێوارەی گەیشتینە دائیرەی ئیستخباراتی بەغدا ، فڕێیاندامە ژوورێكی ئینفرادی و بەیانی بەهەمان شێوە و تاس و حەمامی تەحقیقاتی هەولێر، كەوتنە پرسیاركردن و لێ پێچینەوەم . من هەرگیز ئیفادەی خۆم نەدەگۆڕی و سوور بووم لەسەر ئەوەی كە پەیوەندیم بەحزبی شیوعییەوە نەماوەو لە گوندی (قەرەنیاغە) چاوەڕوانی لێبوردنی گشتی بووم .

لەوەوپاش بۆ سێ مانگی ڕێك ، زۆرخراپتر و دڕندانەتر ، ڕۆژانە بە هەموو وەسیلەو ئامێرەكانی ئەشكەنجەدان ، كەوتنە گیانمەوە، بەڵام نەیانتوانی ئیجبارم بكەن یەك حەرف لە ئیفادەكەم بگۆڕم ، ناچاربوون ئەو جارە ڕادەستی دائیرەی ئەمنی عامی بەغدام بكەن ، لەوێش دوانزدە ڕۆژ لە ژێر لێدان و ئازارو تف و ئیهانە كردن مامەوە . ڕۆژی یەكەم لەوێ بردمیانە ژووری تەحقیقات ، موتەرجیمەكەم كورد بوو خەڵكی شاری كۆیە بوو ، هەردووكمان یەكترمان دەناسی، كە داوایان لێكردم ئیعتراف بكەم و ملكەچیان نەبووم ، ئەفسەری بەرپرسی تەحقیقاتەكە دۆسیەیەكی نیشاندام . ناو و ناونیشان و ڕووپەڕی هەموو كارو چالاكییەكانی منی تێدا پەرپەڕ تۆماركرابوو ، لە سەرەتای ساڵەكانی ١٩٦٣ بیگرە تا ڕۆژی دەستگیركردنم، هەرچیم كردبوو ، هەرچیم گوتوبوو ، بە دوورو درێژی نووسرابوو ، تەنانەت ئەو ڕەسمەی منیشی تێدابوو ، كە خۆم لەكاتی خۆی بۆ مەلەفی حزبی شیوعیم ناردبوو ، ئەمەیش كۆمەڵێك نیشانەی پرسیاری لە مێشكمدا ورووژاند ، بەڵام هیچ وەڵامێكم لە لا دروست نەبوو كە قابیلی قبوڵ و دڵنیایی بێت !

خوێنەری ئازیز ، بۆ مرۆڤێکی سەروریش سپی تەمەن پاییزی ، کە دوای شەکەتی و هیلاکی ناو شاخ و داخ و گەرمیان و کوێستانی کێوەکانی کوردستان ، ئێستاش لە ناو ئەو دۆزەخە پڕ ژان و مەرگەسات و نەهامەتییە ، سەر قوت و پێخواس ، لە ژوورێکی تەنگ و تاریکی ئینفرادی ، بێ خەوو خواردن ، زۆربەی ساتەکان بێهۆش و بریندار، زەحمەت بوو بتوانم چاك دیقەت لەو شوێن و جێگایانە بدەم ، کە ڕۆژم تێدا بەسەر دەبردن ، ئێوەش گلەیم لێناکەن ، ژوورەکەم بەشەو و بەڕۆژ تاریکستان بوو کە دەریشیان دەهێنام ، هەمیشە چاوەکانم بەسترابوونەوە ، ئاخر چۆن کوێر دەبینێ ؟

بۆیە نازانم ساختومانەکانی ئیستخباراتی هەولێرو بەغداو دائیرەی ئەمنی عامەی بەغدا چۆن بوون . هاوڕێ کەمال محەمەد ئەمین لە کتێبی ( چەمکێك لە ژیان و بیرەوەریەکانی شیوعییەك ) دا لە لاپەرە (١٠٠) دا دەنووسێ :

(ژوورەکانی ئەمنی عامە ئەو شوێنەی ئێمەیان لێدابەزان بینایەك بوو پێکهاتبوو لە پێنج قات هەر قاتەی (١٢) ژووری تیابوو ، ژوورەکانی بچووك بوون ڕووبەرەکەی لەدوو مەتر بەدوو مەترو نیو تێنەئەپەری ، یەك ئاودەستی بێ دەرگاو سەربەتاڵ و بەلوعەیەکی تیابوو ، هەر ژوورەی ٢٥-٣٠ کەسی تێدابوو ، جاری وا هەبوو لەو ژمارەیەش تێئەپەری . سێ کەس دەچوونە سەردیواری ئاودەستەکەو قاچیان شۆڕ دەکردەوە ، لە ناویدا شەش کەس بەرانبەر یەکتری دائەنیشتن ، ئەوانی تر لە ژوورەکەدا بوون ئەبوایە شەش کەس لەمبەرو شەش کەس لەوبەر پاڵ بکەوتایەو سێ کەس لەم بەرو سێ کەس لەوبەر بەپێوە بە دیشداشەیەك باوەشێنی نووستووەکانی بکردایە ، زۆر جاری وا هەبوو قاچی ئەوانەی ئەمبەر ، ئەچووە ناو دەمی ئەوانەی ئەوبەر .

هاوین، ژوورەکان زۆر گەرم بوون هەرکەسێ لاواز یان پیر یان نەخۆش بوایە بەرگەی نەئەگرت و گیانی لەدەست ئەدا ، خۆ ئەگەر شەو درەنگ بوایە هەرچەندە هاوارت بکردایە یان لە دەرگات بدایە ، کەس نەی ئەکردەوە. تا بەیانی مردووەکە لە گەرمان بۆگەنی ئەکرد .

ژوورەکان تەنها دەرگایەکی ئاسنی تیابوو بە چەند قفڵی گەورەگەورە دائەخران، لەسەرەوەی دەرگاکە پەنجەرەیەکی بچووکی تیابوو ، لەوێوە خواردنیان بۆ فڕێ ئەداین لە ڕاڕەوەکەدا فێنك کەرەوە (موبوریدە) هەبوو تەنها لەپەنجەرەکەوە هەوای فێنك ئەهات ، لەبەر ئەوە کردبومان بەسەرە، هەر ماوەیەك چەند کەسێك لەبەریا ئەوەستا بۆ ئەوەی تۆزێ هەوای فێنك هەڵمژێ .)

دوای تەحقیقاتی ئەم دائیرەی ئەمنی عامە، دیسان گوێزرامەوە بۆ بنکەی ئیستخباراتی عامەی بەغدا ، لەناخەوە دڵخۆش بووم کەتوانیم خۆمڕاگرم و حەرفێك ئیعتراف نەکەم ، بە بۆگەنی ئەکرد ڕاستی هەمیشە وام هەست دەکرد ، وا لە بەرەی شەڕدا ئەگەڕێمەوە بەلاَم بەسەرکەوتوویی !!

دوو مانگی ڕەبەقم لە گەڵ دڕندەکانی ئەم دائیرەیەم بەسەر برد ، هەر لە نێوان ژووری تەحقیقات و ئەشکەنجەدان و ژووری تاریکی ئینفرادی سەفاو مەروام بوو ، ئەوە بوو سەر لە بەیانییەکی زوو فڕێیاندامە ناو ئۆتۆمبیلێك و ئەو جارەیان قۆناغم بەرەو دادگای شۆڕش ( محكمة الثورة ) بوو لە بەغدا .

## حوكمەکەی ( عەواد بەندەر)

ئێمە پێنج شەش کەس بووین ، بەدەستی کەلەپچەکراو لەبەردەم دەرگای ژووری مەحکەمە ڕاگیرابووین ، ناوی من یەکەم کەس خوێندرایەوە ، کە بردمیانە ژوورەوە ، لەناو قەفەزێکی داریان ڕاگرتم ، زۆر بێ هێزو لاوازو کەنەفت بووم ، بە هەر دوو دەستم خۆم بە قەفەزەکەوە گرتبووە ، بۆیە یەکسەر گوتم :" دەکرێ دانیشم ، توانای خۆڕاگرتنم نییە ؟" ئەفسەرە گەورەکە ، کە (بەندەر عەواد)ی گۆڕبەگۆڕ بوو ، فەرمانی دا دانیشم . لەلای چەپ و راستی ئەو جەلادە چنگ بە خوێنە ، دوو ئەفسەری پلە بەرزی تریش دانیشتبوون ، دیاربوو کەسێکیش گوایا داواکاری گشتی( مودعی العام ) بوو، بۆ داکۆکی کردن لە من ڕاوەستابوو ، لەم لاو لەو لاش ، ئەمن و سەربازو کەسانی تریش وەستابوون .

(عەواد بەندەر) فایلێکی گەورەی نیشاندام کە گوایە ئیزبارەی منە ، چەند وشەیەکی بە بۆڵە بۆڵ خوێندەوە ، دیار بوو باسی دەستگیرکردن و پلەوپایەی حزبی و چالاکییەکانم بوو ، کە لێی پرسیم ئەم تاوانانە ڕاستە یان نا ، من گوتم : " قسەی خۆم لە ئیفادەکە کردوەو هەرئەوەندەم هەیە کە گوتومە . "

فەرمانی پێدان فرێمدەنە دەرەوە ، دیسان لەپشت دەرگاکەیان دانام ، هەر دوو یان سێ دەقیقەی پێنەچوو بانگیان کردمەوە ژووریَ و خستمیانەوە ناو قەفەزی تومەتبارییەوە . بەبێ سێ و دوو ، کەوتە خوێندنەوەی بڕیاری مەحکەمە . ئەوەی ڕاستی بێ من خۆم بۆ سێدارە ئامادەکردبوو ، چونکە لە هەر دەفعەیەك لە هاورێیان کە حوکمدەدران هەر دوو سێیەك زیندانی بۆ دەبڕایەوە، ئەوانی تر یەکسەر بۆ ژووری ئیعدام ڕاپێچ دەکران .

لە خوێندنەوەی بەندو فەقەرەی حوکمەکەی بەردەوام بوو ، ژمارەی حوکومی (١٧٤) یان (١٧٥) ی بەسەرمدا سەپاند :

***حوکمی مؤبد زیندانی کردن بۆ بیست ساڵ و شەش مانگ .***

لە دەرگای ژووری مەحکەمەوە یەکسەر ڕایانکێشام بۆ ناو پاشکۆی ئۆتۆمبیلێك و بردمیان بۆ گرتوخانەیەکی تری نزیك بەغداد کە ئەویش گرتوخانە بەدناوەکەی ئەبو غرێب بوو .

# گرتوخانە بەدناوەکەی ( ئەبو غرێب)



ئەوانەی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس و داڕماندنی پەیکەرەکەی (سەددام حوسێن) لە مەیدانی (ئەندەلوس) لە بەغدا لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ کە لە عێراقدا ژیاون ، ناووناوبانگی ئەو گرتووخانە شوم و قێزەوەنەیان بیستووە ، ئەگەر خۆشیان ساڵانێکی تەمەنی خۆیان تێدا بەسەر نەبردبێت ، ئەوا بای هێندە چیرۆکی وەحشیگەرانەی دڕندەکانی ئەوێی بیستووە کە بە قەت گیراوێك هەست بە ناخۆشی ئەو جێیە بکات. . هەر ئەو ئێوارەیە فڕێیاندامە ناو ژوورێك کە لەشێوەی نیمچە هۆڵێك بوو پێیان دەگوت ( گرتوخانەی هاموشۆکەران - سجن المراجعون)، من ناوم لەم ژوورە نابوو (ژووری پێشوازی) . لەبەر ئەوەی هەموو هۆڵەکانی ئەم بەندیخانە پڕ بون و شوێنی کەسی تر نەدەبۆوە ، ئەو حوکمدراوانەی تازە دەگەیشتنە ئێرە ، دەبوایە لەم ژوورە بۆ چاوەڕوانی چەند حەفتەیەك بەسەر بەرن . هەر کاتێ بەندکراوێك بمرێت یان دەرچێت و جێگەیەك چۆل بێت ، ئەوا نەفەرێکی ئەم ژوورە دەبەنە جێگای ئەو .نازانم ڕێککەوتەکە چۆن بوو، هەر ئەم ئێوارەیە ١٥ — ٢٠ کەسێکیان بەپێش خۆیاندا بۆ هۆڵە گەورەکان ، منیش بە گەڵ کەوتم و بەسەر هۆڵێکیان دادام . خودا دەیزانێ وامزانی دەرگای بەهەشتم بۆ کراوەتەوە سەرپشت و هێندەی نەمابوو لە خۆشیان باڵبگرم . هەر کە پێم نایە ژوورەوە بەم سەرو ڕیشە درێژەو دیشداشە پیسەو دەم وچاو قڕێژاوییە ، پۆلێ لە جوامێرە بەندکراوەکان بەرەو پیرمەوە هاتن ، دیاربوو دۆست و ناسیاوبوون منیان ناسییەوە ، وەك خۆشەویسترین ئازیزی خۆیان پێشوازیان لێکردم و پێیانگوتم کە ئێرە بەندیخانەی (ئەبوغریبە). لەو هۆڵە گەورەیە کە نزیکەی حەوت سەد گیراوی تێدابوو ، ناسیاوەکان

کردیانه چرپوچۆپ : یەکێك دەستە جلی پاك و خاوێنی بۆ هێنام ، یەکێك مووس و گوێزان ، یەکێك نەعل و خاولی. زوو بە زوو تراشیان کردم پرچیان تاشیم و بۆ گەرماوکردن ئاویان گەرم کرد .لەدوایشدا جوانترین سفرەیان بۆ ئامادەکردم ، ئەوان هەر پانزدە ڕۆژێك مواجەهەیان هەبوو ، بەبەردەوامی خزم و کەس و کار خواردنی خۆماڵی و میوەو پێداویستییەکانیان لەگەڵ خۆیان بۆ دەهێنان .

جا دوای خۆشوشتن و جل گۆڕین و نان خواردن ، برایەکی ئازیز قەرەوێلەکەی خۆی پێشکەش کردم و ئەو شەو خۆی لەسەر زەوی قاوشەکە خەوت . خۆشبەختانە لەنێو دیوارەکانی ئەم هۆڵە (قاوشە)دەستەیەك خزم و ناسیاوی شاری کۆیە لە دەورم کۆبوونەوە ، ئەوانەی ناوەکانیانم لەبیرماوە کاك (شێروانی حەسەن قوولی) و کاك (دڵداری نادری کارەبای) و (ئارازی مام سمایلی) و (صەباح حەنا کەریم ئیسحاق)ی برای شەهید (سەلیم) کە هەر لەم لە گرتووخانەیەدا لە ساڵی ١٩٨٧ لە سێدارەدرابوو.، کاك (عیمادی کەریماغای کۆیی) و (کەمالی حەمەدبەگی نەجار) و ( کوردەی مەحمود فەقێ) ، ئەوانە هەموو لە ڕێکخراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کاریان کردبوو و شانەکانیان ئاشکرا بوو بوو .

نەمدەزانی ئەوە خەونە یان ڕاستی ، بۆ بەیانی مواجەهە بوو ئەمەش خۆشییەکەی منی کردە دووخۆشی، هەرچەندە دڵنیا بووم کە کەسە نزیکەکانی منی لەگەڵ نابێ بەڵام دەمزانی موژدەی مان و زیندوو بوونم بەزووترین کات دەگەیێنە خزم و دۆستان .هەرواش دەرچوو ، بەیانییەکەی دەوری سعات دە قافلەی کۆییەکان گەیشتە ناو حەوشەی بەندیخانە ، جا هەر زیندانییە وەك چادرۆکەیەکی بچووك ، چەترێکی لە گونیە بۆ خۆی دروستکردبوو، لەشوێنێك هەڵیدەدا تا لە گەرمای سووتێنەری بەغدا خۆیان بپارێزن . ئەوە بوو لە ناویاندا (کاکە محەمەدی بەکری حاجی مەنجەڵی) کە زاوای کاك (کوردەی مەحمود فەقێ) بوو ، لە گەڵ کاك (سمکۆی مەغدیدی قەساب) ، لەگەڵ میوانەکان بوون. هەرکە کاك (محەمەد) دەگەڕێتەوە ماڵەوە ، یەکسەر تەلەفۆن بۆ (زبیدە)ی خوشکی (نەجیبە)ی هاوسەرم دەکا لە هەولێر ، ئەو کات ماڵی کاك( محەمەد) لە

بەغدا بوو .دوای پانزدە ڕۆژیی ڕێك ، كە مواجەهەی دووەم كاتی هات، (نەجیبە) ی هاوسەرم و كاكە (جەلال)ی برام و خێزانەكەی و ماڵی (زبیدەی) خوشكی هاوسەرم و ماڵی (حەمدیە) ی خوشكم و (تەحسین)ی خوشكەزام و خێزانەكەی و (منیرە)ی خوشكەزام هاتنە لام . بەڕاستی من ئێستا وردەكاری ئەو سعات و دەقیقەم لەبیرنەماوە ، كە هەست و هۆشم چۆن بووە یان چی بووە كە دوای ئەو ڕۆژگارە سەخت و تاریك و ناهەموارە ، بۆ یەكەمین جار لەگەڵ دۆست و ئازیزو خزم و كەس و كارو هاوڕێیانم بەیەك دەگەمەوە. وەڵێ (نەجیبە)ی هاوسەرم دەگێڕێتەوە كە لە یەكەم مواجەهەو دووەم مواجەهە من نووتقم گیراوەو زۆر زۆر كەم قسەمكردووەو چاوەكانم هەمیشە پڕ فرمێسك و خەمباربوون . ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە لەم مواجەهەیە ئەوەبوو لەم ڕۆژە خۆشەی تەمەنم ، كە پرسیارم ئامادە نە بوونی دایكم لێ كرد ، گوتیان زۆر بێسحەتەو لەناو جێگاكەوتووە . پرسیم خۆ نەمردووە ؟ یەكسەر منداڵێكی بچووك كە لە گەڵیان بوو گوتی وەڵلا (نەنە زەهوە) مردووە ! ئێستاش نازانم چۆن ئەو دڵە بچووكەم لەم دوو هەڵوێستە دژ بەیەكەدا لە لێدان نەكەوت. ژان و كەسەرەكانی دڵم پڕتربوونەوە لە جاران: خۆشیی بە یەكگەیشتنەوەم بە ئازیزان و ناخۆشیی كۆستی مەزنترین كەس لە ژیانم دا . دایكم بۆ من هەر دایك نەبوو ، باوكم ئاسا ،هاوڕێیەكی خەمخۆری حزب و نەتەوەو خاك بوو!

دوای پانزدە ڕۆژێك ، منیان لەم هۆڵە گواستەوە بۆ هۆڵێك كە تازە دروستكرا بوو، نزیكەی (٢٥٠) زیندانییان بردە ناو . خۆشبەختانە كاك (كوردەی مەحمودی فەقێ) كەوتە گەڵ خۆم .

ئێستا كە چاوەكانم نەبەستراوەتەوە شتەكان دەتوانم ببینم، حەزدەكەم چەند دێرێك دەربارەی گرتووخانەی (ئەبوغریب )تۆماربكەم :

ئەم گرتووخانەیە كە ئێستا ناوەكەی گۆڕاوە بە (بەندیخانەی ناوەندی بەغدا- سجن بغداد المركزی)، دەكەوێتە نزیك شاری (ئەبوغریب)، (٣٧) كم لە ڕۆژئاوای بەغدا. لە پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو مقاویلێكی بەریتانی ئەم زیندانەی بۆ حكومەتی ئەو كات

دروست کرد ، لەسەر ڕووبەرێکی فراوان پتر لە (١١٥٠)کیلۆمەتر دووجا. لەو ڕۆژگارەو حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق هەرخەریکی گەورەکردن و کردنەوەی هۆڵ و قاوش و ژووری تازەبوون . گەورەترین گۆڕانکاری لەسەر دەستی سەددام حوسین جێبەجێ کراو لەساڵی ٢٠٠٢ شەش هۆبەی تازەی تێدا بنیاتنرا .

ناووناوبانگی ئەو بەندیخانەیە لەناوەوەی عێراق و لەدەرەوەشدا ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی خستۆتە دڵی مرۆڤــ ، بەدەگمەن لەناوچەکە بەندیخانەی ئاوا بەدناو و پڕ مەرگەسات و کارەسات هەبووە . هەرگیز بەندیخانەکانی ولاّتانی تر وەك بەندیخانەی (ئەبوسلیم) لە لیبیا و (مەزە) لە سوریا و (ئەلجموید) لە ئوردون و (عەسقەلان) لە ئیسرائیل و (ئەڤین) لە ئێران ، نەگەیشتونەتە چۆکی (ئەبوغریب) لە ئەشکەنجەو هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەدا ، دەرحەق بە هاونیشتمانی خۆیان . بە سەدان بەڵگەنامەی حاشاهەڵنەگر لەناو دۆسیەی ڕێکخراوە کانی مافی مرۆڤــ ،دەربارەی شێوازی رەفتاری ئەو بەندیخانەیە لەگەڵ بەندکراوەکاندا بەدرێژیی تۆمارکراوە . پیاوانی ئەمن و موخابەراتی ڕژێمەکان هیچ تەقسیریان نەکردووە لە ئەشکەنجەدانی لەحەدبەدەر و خراپ رەفتارکردن و دەستدرێژیکردنە سەر گیراوەکان بە گەنج و ژن و پیاوەوە جا ئەو دەستدرێژییە تێکشکانی دەروونی بێ یان هارینی جەستە یان لاقەکردن و بەزۆرسێکس کردن و ئابڕوبردن تەنانەت ئەو دەستدرێژیانە خزم و کەس و کارو هاوسەری گیراوەکانیشی لە زۆر بارودۆخدا گرتۆتەوە .

شاری (ئەبوغریب)، سەر بە پارێزگای (رومادی - الانبار) بوو، ئەو بەندیخانەیەش بەوەی بەسترا بۆوە ، وەلێ لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دا دیسان خرایە سەر بەغدای پایتەخت تا باشتر چاودێری بکەن و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان دابێ . دوای ڕوخانی ئەو ڕژێمە دیسان دراوە بە پارێزگای رومادی .

ئەگەر کەسێکی ئاسایی لەکەش و هەوایەکی ئاسایدا سەردانی ئەو بەندیخانەیە بکات و بەئارەزووی خۆی بۆ یەك هەفتە تێدابسوڕێتەوەو بگەڕێ ناتوانێ بزانێ لە چ

دەروازەیەکەوە هاتۆتە ژوورەوەو لە چ دەرگایەك دەتوانی بچێتە دەرەوە ، نەخشەی ساختومانەکە هێندە ترسناك و پڕ دالان و کۆلانەو ئەم لاوئەولایە، هەر لە قشلە و قەلایەکانی سەدەکانی ناوەندی ئەوروپا دەچێ .

لە هەرچواردەوری شوورەی دەرەوەیدا (٢٤) قولغ یان تاوەر هەیە ، کە هێندە بەرزن بەتەواوی وەك چاوی باشوکە هەر چوار دەوری خۆیان دەبینن . جا سەرەڕای ئەم دیوارە بڵندو سەخت و دژوارانە سەرو ژێرو ئاسمانی وەك تەونی جالْجالۆکە ، بە تەلی درکاوی و جۆرەها سیمی سەربازی تەندراوە ، تەنانەت لە هێندێ شوێن تەزوی کارەباشیان خراوەتە سەر . هەر خودا دەزانێ چەند چاوو کامیراو کون و قوژبن ، چاودێری ئەو ساختومانە ترسناکە دەکەن. لە دەرەوەش ڕا زرێپۆش و تانك و ئۆتۆمبیلی دۆشکەدار پاسەوانن .

بۆ گەشتیارێکی ئاسایی دیمەنەکانی شارو ڕێگای (ئەبوغریب) ڕازاوەو دلْڕفێنە ، هەمووی دارودرەخت و سەوزاییە ، هەر بۆیە کۆلێژی ئەندازیاری کشتوکالْی و کۆلێژی ڤێتەرنەری زانکۆی بەغدا لەم شوێنە بونیاتنراون ، لەبەر چڕی دارستان و زۆری ئاژەلْ ومەڕو مالاَت جێگەیەکی گونجاوە بۆ لێکۆلْینەوەو توێژینەوەی زانستی .

بەگوێرەی جۆری سزای سەپێنراو پۆلێنکردنی بەندکراوەکان لە بەندیخانەی ئەبوغریب بۆ چوار(خانەی) سەربەخۆ دابەش کرا بوو : بەشی زیندانییە قورسەکان ، بەشی زیندانییە سووکەکان ، بەشی زیندانییە تایبەتییەکان ، بەشی لەسێدارەدان . جا هەر بەشەی فەرمانگەو بەرێوەبەرو ستافی سەربەخۆی خۆی هەبوو . ژیان و گوزەران لە هەر یەکێك لەم بەشانە شێوازو تایبەتمەندی خۆی هەبوو ، ئەم هۆلە یان قاوشە تازەیەی کە من ماوەی زیندانی خۆم تێدا بەڕێکرد (٢٥) م درێژو (١٧) م پان دەبوو ، دەرگایەك و چەند پەنجەرەیەکی بچووك و بلْندی تێدابوو . تەلەفزیۆنێك لەسەر دیوار چەسپکرابوو ، بەلاَم ڕادیۆمان نەبوو ، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەعسیان بە سەرماندا دەبەشیەوە، ئەوەی کە شیاوی باسکردنە تا بلْێی ئەم شوێنە پاك و تەمیز و خاوێن بوو ، چونکە گیراوەکان

هەموو پلەوپایەو وەزیفەیەکیان تێدابوو ، کاتی دەسبەتاڵیش زۆر بوو ، بۆیە هەمیشە خەریکی پاککردنەوە بوون . گیراوەکان ، جل وبەرگ و پێخەف و شتومەك و کەل وپەلیان باش و پاكژبوو ، گۆڕەپانی جۆرەها یاری وەرزشی هەبوو ، حانووتی کەل وپەلکڕین کراوە بوو ، وەرشەی تایبەتیش بۆ فێرکردنی سنعەت و فێرگە بۆ ئەوانەی حەزیان لە خوێندن بوو ساڵ دوانزدەی مانگ خەریك بوون . مەرج نییە , قاوش یان هۆڵەکانی تریش بەم شێوەیەی بن کە باسم کرد. هەر بۆ نموونە هۆڵێکمان بەرامبەر بوو , هەمیشە زیندانییەکانی دەرگایان لەسەر داخرا بوو ، هاتنە دەرەوەیان نەبوو , دیار بوو لە شیعەکانی ناوەند و خواروی عێراق بوون، ئەم هۆڵە نزیکەی (٦٠٠) کەسی تێدا بوو ، چۆنم ئەم ژمارەم زانی ؟ بۆ هەر زیندانیەك یەك شووشەی شیری بچووك ڕۆژانە ،دابەشدەکرا ، ڕۆژێك هەموو ئەم شووشە شیرانەم ژمارد کە لەبەر دەرگەکەیان ریزکرابوون ، بەوە زانیم کە چەند زیندانی لەوێ خزێزاون . با ڕاشکاوانە ، ئەوەتان پێبڵێم کە ئەشکەنجەو لێدان و خەم و خەفەتی ئەو ماوە دوور و درێژەی نێو زیندانەکانی دائیرەی ئیستخباراتی هەولێر و ئیستخباڕاتی بەغداد و دائیرەی ئەمن عامی بەغدا ، تووشی جۆرە خەمۆکیی و نەخۆشی یەکی دەروونیان کردم , هەمیشە حەزم دەکرد بە تەنیا بم ، خۆم بە دوور دەگرت لە گفتوگۆ و قسەو باسی سیاسی وحزبایەتی، چونکە چەندەها جۆرە خائن و جاسوسی خۆفرۆشم دیبوو – کە لەگەڵیان دادەنام ، وەك لە ژوورە ئینفرادیەکانی هەولێر نە (نیجات) ناوێکیان لە گەڵ دانا بووم ، باوەڕم زۆر زۆر بە دەورو پشتم نەدەکرد . متمانەم زۆر زۆر کاڵ ببۆوە ، بەڕاستی زەحمەت بوو دۆست و دوژمن ، لێك جۆدا بکەیتەوە , بە درێژایی ڕۆژانی بەندینخانەی ئەبو غریب , بۆ یەك جاریش نەچوومە حانوت , یەك جار نەچوومە وەرشەی کار یان فێرگە و قوتابخانە، تەنانەت کە نەخۆشییش دەبووم ، وا ترسا بووم باوەڕم بە دکتۆر و دەرمانەکانیان نەدەکرد ، بۆیە هەرگیزاو و هەرگیز ، نەچوومە نەخۆشخانەیان ، گەر داو دەرمانیشم پێوست بوایە ، ئەوە ڕۆژانی مواجەهە , بەدزییەوە لەناو لەفەی کەباب و کفتە و کوبە بۆیان دەهێنام .

لەم بەندیخانەیە هەر هەموو ڕەگەز و ئایین و مەزهەب و خاون بیرو ڕای جیاواز و ئایدەلۆژیای هەمە ڕەنگت دەکەوتە بەرچاو ، دەگوترا ، ژمارەیان حەوت هەزار کەسە ،

له هۆڵەکەی خۆم کوردەکان ژمارەیان پتر بوو لە عارەبەکان ، لە کوردەکانیش هەرە زۆریان برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بوون ، نزیکی ژمارەی ئەوانیش هاوڕێیانی حزبی شیوعی بوون ، ژمارەیەکی بەرچاوییش لە حوکمدراوان ، برادەرانی پارتی و سۆشیالیست بوون .

پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێز و ئیحترام لە نێوماندا ، تا بڵێت بەرز و جوان و مرۆڤـ پەروەرانە بوو ، هەمیشە دوور لە ئاژاوە و کێشە , ساتەکانی شەو و ڕۆژمان بە یەکەوە بەسەر دەبرد ، زۆرم پێی سەیربوو ، برادەرە کوردەکان ، کتێبی هەمە جۆریان بۆ دەهاتە بەندیخانە ودەیانخوێندەوە ، جارێك بۆ ماوەی مانگێك کتێبەکەی دکتۆر (قاسملو)م لە برادەرێك خواستەوە و خەریکی خوێندنەوەی بووم .

مواجەهەی بەندیخانە هەر پانزدە ڕۆژ جارێك بوو ، جگە لە جەژنەکان ، کە ئەوانیش مواجەهەیان تێدا بەڕێوە دەچوو .

ڕۆژی دیدەنی — مواجەهە - دەبووە حەشر و حەلا ، وەك دوکاندار، گیراوەکان بەرهەمە دەستییەکانی خۆیان لە کڵاو و گۆرەوی و کلێتە و نەخش و چنین و کاری دەنکە شقارتە نمایش دەکرد .خەڵکانی خزم و کەس کاریش ، بەرهەمەکاینان لێدەکڕین هەم چونکە جوان و نەخشین بوون ، هەم یادگار و بیرەوەری بوون ، لە دڵیشەوە حەزیان دەکرد بەم شێوەیە دەستێکی یارمەتی بۆ گیراوەکان درێژ بکەن . خۆم لەم شتانە کۆڵەوارو بێ سەواد بووم و خولق و سەلیقەی ئەم کارانەشم نەبوو . جارێ تا چەند مانگێك هەناسەێکم نەهاتەوە بەر ، خۆ هێندی چنگێکم لێهاتبۆوە , وەکو گوتیان ماوەیەك هەر نووتقیشم نەبوو ، دوایی تووشی حەساسیەتیش بووم و ئەمەش نەختێ گرفتاری کردم .

لەڕێگای تەلەفزیۆنی هۆڵەکە و هەواڵی مواجەهەکان ، دەقیقە بە دەقیقە ئاگاداری دەنگ و باس و ڕووداوەکانی کوردستان و ناوەخۆی عێراق و جەنگی عێراق و ئێران بووین . هەرچەندە هێندێك لە بەندکراوەکان بۆ دڵنەوایی ، کاو کاوە ، باسی عەفوو کردن و دەرچوونیان دەکرد ، بەڵام وەك خۆم ڕووداوەکان و بارودۆخەکەم دەخوێندەوە ،

بەقەد كونی دەرزی هیوا و ئەمەلی دەرچوونم لە دڵدا نەبوو . كارەساتە كوشندەكەی هەڵەبجە و ، ئەنفالكردنی گوند و شارەكان و دەستبەسەرداگرتنی مەڵبەند و بارەگاكانی هێزی پێشمەرگە ، پتر ئێمەی تووشی شۆك كرد و بە تەواوی نا ئومێد بووین . ئەم هەواڵانە هێندە جەرگبڕ بوون ، كاریگەریی و ئازاریان لە بارەی دەروونییە , هیچ لە ئازاری ناو ژوورەكانی ئەشكەنجە كەمتر نەبوو ، خەو وخواردنمان لێحەرام بوو بوو .

## له ( ئەبوغرێب)ەوە بۆ زێدەکەم

شەوی (٩/٦/ ١٩٨٨) تەلفزیۆن ، هەواڵی دەرچوونی عەفوی بلاٌوکردەوە ، هەر ئەو سعاتە ، بەبێ ئەوەی بەند و خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیە بزانین ، بوو بە شایی و هەڵپەرکێ . چەند شەو و ڕۆژێك هەر سەما و گۆرانی و خۆشی بوو . دوای زانرا کە ئەم لێبوردنە هەر کوردەکان دەگرێتەوە ، ئەویش بە مەرجێ دانیشتوانی سێ پارێزگاکە بن ، هەولێر و دهۆك و سلێمانی ، زیندانییە کوردەکانی خانەقین و شارەبان و کەرکوکی نەدەگرتەوە . هاوڕێ (صەلاح)ی برای شەهید سەلیم ، بەبەر ئەو عەفووە نەکەوت .

شەش حەوت ڕۆژێك تێپەڕی ، عەفوو هیچ سەرەداوێکی لێپەیدا نەبوو . زیندانییەکان بێ تاقەت بوون و ڕەش بینی دیسان ڕووی تێکردینەوە .ئەوە بوو

وەزیرێکی کورد ، ناوەکەیم لە بیرنەماوە ، ڕۆژێك هات و لە گۆڕەپانەکە موژدەی ئەوەی دا ،کە بڕیارەکە دەرچووە و پاش دوو ڕۆژی تر دەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە .

پاش دوو ڕۆژ ، دەستە دەستە ، هەر پەنجا کەس ناوی دەخوێندرایەوە و دەردەچوو . کە ناوی من خوێندرایەوە ، جانتایۆکەیەکی شانی بچووکم پێبوو ، غارمدا دەرەوە لەگەڵ برادەرانی تر ، ئەوەندەم زانی (نەجیبە)ی هاوسەرم و (جەلال و حوسێن)ی برام باوەشیان پێدا کردم . ئەوان هەشت ڕۆژ بوو لە بەیانییەوە تا لای ئێوارە ، دەهاتنە بەر دەرگای بەندیخانەکە و شەویش دەچوونەوە ئوتێل لە بەغدا . تەکسی ڕاگیرا و بە چاو چوقانێك گەیشتینە نەقلیاتی بەغدا ، ئێوارەکە درەنگ بوو ، ئۆتۆمبیلێکی جۆری سوپەرمان گرت بۆ هەولێر. هەر لە گەراجەکەی بەغدا ، زیندانییەکی خەڵکی قەڵادزێ ، بێ پارەو پوول بوو ، کەسیشی نەهاتبوو بە پیریەوە ، لەگەڵ خۆمان ئەویشمان هێنایەوە هەولێر .

ئەو شەوە ، بەخۆشی ، لە ماڵی (حەمدیە)یی خوشکی (نەجیبە)ی هاوسەرم لە هەولێر ڕۆژمان کردەوە ، بۆ بەیانی بەرەو کۆیە کەوتینە ڕێ .

بەڕاستی ئەو دیمەنە پڕ لە موحیبەت و تەقدیر و جوامێرانەی ئەو کەسانەم هەرگیز لە بیر ناچێ کە بە پاس و ئۆتۆمۆبیل بۆ پێشوازیم تا نزیك گوندی (شێخەروان) هاتبوون ، کەوتبوونە شایی و سەما و هەڵپەرکێ , هەر بە چەپڵە ڕێزان و هەلهەلە لێدان لە پێشوازیم بوون و بەخێرهاتنەوەیان کردم .

لە کۆیە ، کە ماڵی دایك و باوکم نەمابوون ، لە ماڵی (جەلال)ی برام دابەزین ، بۆ ماوەی یەك مانگ دەستە دەستە خزم و دۆست و ناسیاو لە هەر چوار ئیقیلمی کوردستانەوە ، بۆ بەخێر هاتنەوە دەهاتنە سەردانم .ژووری گەنجینەو حەوشەی ماڵمان لە فەردە برنج و ڕۆن و مریشك و دیاری و چوکلات و پاقلاوە و شیرینی دەتگوت دوکانی بەقاڵە .

بۆ مێژوو ، دەڵێم ، هەمیشە خۆم بە قەرزانی ئەو خەڵکە دەروون پاك و جەماوەرە وەفادارە دەزانم . ئاخر وەکو خزمەتی شەخسی ، هیچ شتێکم پێشەکەش بەو کەسانە نەکردبوو .وەلێ ئەوان لە دڵەوە دەیانزانی کە شەو نخوونی شاخەکان و ئەشکەنجەی نێو زیندانەکان ، بۆ ڕۆژێکی خۆشتری وڵات و نەتەوە مەزڵومەکەم بووە . لێرە و سوپاسی گەرمی ئەو کەسانە دەکەم کە هاتبوون یان نەهاتبوون بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنەوەم !

## دیسان تەحقیق و تەحقیقکاری

بابیێینەوە سەر ڕووداوەکانی ، دوای دەرچوونم لە گرتووخانەی ئەبوغرێب، کاکە (جەلال)م، لە خانوەکەی خۆی ، هۆدەیەکی بۆ تەرخانکردم ، ژیانی تێدا بگوزەرێنم . هەر مانگێکی پێنەچوو ، بانگیان کردم بۆ دائیرەی ئەمنی کۆیە ، دیسان هەر وەك ئەوەی یەکەم جار بێ چاویان بە (حەسەن کاکە ) بکەوێ ، کەوتنە پرسیارو تەحقیقات ، من بێ منەت بووم، چونکە هیچ شتێکی نوێیان پێ نەبوو لە دژم بەکاری بێنن ، دوایی تەماشام کرد هەر بە دوو سێ ڕۆژان جارێك بانگم دەکەنە دائیرەی ئەمن یان مەنزومە یان دائیرەی ئیستخباراتی کۆیە و هەر جارەی دوو سێ سەعات ، وەك بت و سەنەم ڕامدەگرن و پرسیاری پروپووچم لێدەکەن . من یەك دوو تەفسیرم بۆ ئەو هات و باتە هەبوو، یەکەم دەیانەویست هەموو ڕۆژێك بە بەرچاوی خەڵکەوە بچمە ئەو دائیرە بەدناوانەی ئەوان، تاوەکو خەڵکی شار وا هەست بکەن ، دوای زیندانی کردنم گۆڕاوم و بووم بە پیاوی ڕژێم

، چونکە تاکی کورد لەو سەردەمەدا زۆر زۆر هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵ کەسێ دەکرد کە هاتووچۆی  دائیرەی ئەمن و مەنزومەو ئەو شوێنانەی بکردبا، ناحەقیشیا نەبوو، خەڵکی نەفس نزم  هەبوو پیاو و مەسینە هەڵگری ئەوان بوون.

خاڵی دووەم، وەك دوایی ئاشکرا بوو، ئەوە بوو دەیانەویست چۆکم پێدادەن، بمترسێنن و کارێکی وا بکەن ببمە دار دەستی ئەوان ، چەند جار بە ئاشکرا داوایان لێکردم کە یارمەتیان بدەم و ئەوانیش بەرامبەر ئەو یارمەتییە دەستم لێهەڵگرن. دوای سێ مانگ ،  لە گەرەکی (دڵدار)  خانویەکم بە کرێ گرت و( نەجیبیە)ی هاوسەرم کەوتە جل دورین و خەیاتی،  گوزەرانمان لەسەر دەرزی و دەست و پەنجەی ئەو بەڕێوە دەچوو.

بانگ کردن و بە دوا دناردن نەبرایەوە ، قاچێکم لە دائیرەی ئەمن و قاچێکم لە مەنزومەو ئیستخبارات بوو، بەڕاستی تەواو بێزار بووم و دەمزانی وا بە ئاسانی وازم لێناهێنن . ئەوە بوو لە ماوەی یەك مانگ دوو جار هەوڵی کوشتنیان دام، جاری یەکەم دوای دەرچوونم لە دائیرەی ئەمن و لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە ئۆتومبێلێکی مەدەنی سوور شکاندییەوە سەرم و ویستی پانم کاتەوە، ئیستاش نازانم چۆن ڕامکردە سەر شۆستەکەو ڕزگارم بوو . ئەو خەڵکەی سەر شەقام هەمووی حەپەسان و زانیان ئەو شوفێرە بە ئەنقەست وایکرد.  جاری دووەم ، دیسان کە لە تەحقیقاتی دائیرەی ئەمن هاتمە دەرێ و لە نێوان دائیرەی ئەمن و فلکەی حاجی قادری کۆیی، بەهەمان شێوە هێرشیان کردە سەرم بە ئۆتۆمبیل،  ئەو جا ڕەش بە  عاجباتی دەرباز بووم.

ڕژێمی بەعس و پیاو کوژەکانی، خاوەن گەورەترین قوتابخانەو بنکەی کوشتن و ئەشکەنجەدان و توقان و تیرۆر بوون، بۆیە زۆر لە پیاوانی ئەمنی وڵاتانی تر، لە لیبیاو تونس و مەغریب و یەمەن و سودان ، دەهاتن لەسەر دەستی ئەوان  دەرسی ڕاودونان فەلاقەو چاودێریکردنیان وەردەگرت  .ڕەفتاری ئەو بۆگەن و فاشستانە، بە بەڵگەو دۆسییە، لە مەڵبەندەکانی چاودێری مافی مرۆڤ تۆمار کراون، بە دەیان شۆڕشگێرو خەباتکەر و تێکۆشەر بە ئۆتۆمبیل ، لە شارەکانی عێراق و لە ڕێگاو بانەکاندا

شەهیدکران، بە دەستی پیاوانی ئەمن و موخابەرات و خۆفرۆشان ، وەکو شەهید (ستار دزەیی) کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو .

ئێستا زانیم ئەوان پلانی کوشتنی منیان داناوە ، تاکە ڕێگای خۆپاراستنم ئەوە بوو بە هیچ شێوەیەك لە ماڵەوە دەرنەچم، بۆ دائیرەی ئەمن و مەنزومەش دەبێ یان بە تاکسی یان بە ئۆتۆمبیلی دۆست و برادەرێك بچم، خۆ ئەوان دەیانتوانی بە دەست ڕێژێك یان بە تەبەرێك لە کۆلانەیەکی شاردا تیرۆرم بکەن بەلام ئەوە دەبوە مایەی شەرمەزاریی و ڕیسوایی خۆیان، چونکە منداڵێکی بچوکیش دەیزانی (حەسەن کاکە) خۆشەویستی خەلکەو تاکە دوژمنی ئەو بەعس و ڕژێمەکەیەتی!

شەش مانگی ڕێك بەسەر ئازاد کردنم لە بەندیخانەی ئەبوغرێب تێپەربوو، ڕۆژێك لەسەر سفرەی نانی نیوەڕۆ بووم، هەڵیان کوتایە سەرمان و لە چاو تروکانێکدا دەستیان کردمە کەلەپچەو چاویان بەستم و خزاندمیانە ناو پاشکۆی ئۆتۆمبێلیك . ئەمجارەیان ڕێگای سەفەرەکەم کورت بوو ، کە کەلەپچەی دەستم و پەڕۆی سەرچاوم کراوە ، تەماشام کرد وا لە ناو ژوورەکەی ئەمنی کۆیەم ، بەلام ئەو کەسەی لەسەر کورسیەکەی مدیری ئەمن دانیشتوە کەسێکی ترە ، تومەز مدیر ئەمنی هەولێر بوو ، بە تایبەتی بۆ تەحقیقاتی من هاتبوو . بە ڕوو گرژی و چاو سوورکردنەوە تەماشای کردم و گوتی :

" حەسەن کاکە ، ئیمە تۆمان ئازاد کردوە تا وازبێنی و دانیشی ، ئێستا ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەت گیراون و ئیعتیرافیان لەسەر کردوی، بێ ماندوو بوون و کێشمەکێش ، ناوی ئەوانی ترمان بدەیەو خۆشت ئازادکە ."

منیش گوتم : " ئەم توومەتانە، هەڵبەستراون و من ئاگاداری هیچ نیم."

ئەو جارەی زۆر ناشیرنترو پیستر کەوتە جنیودان و گەفکردن ، بە سەرمدا شیڕاندی: " بە خودا قەسەم ، خۆت و هاوسەرەکەت لە مەکینەی گۆشت دەدەین و فڕێتان دەدەینە ناو ئاودەستخانە ."

خۆم پێنەگیرا ، تەمەنای مەرگی خۆم دەکرد، نەك ئەو هەموو قسە ناشیرن و نەعلەتییە، بۆیە گوتم :"  منەتت بە قۆندەرەم ، من هیچ پەیوەندییەکم بەو تەنزیمەوە نییە !

هێندەمزانی پڕیان دامێ و بە دەست و چاو بەستراوی ڕاپانگوێزامەوە بۆ دائیرەی ئەمنی هەولێر.

جا ئەو ڕۆژە مەفرەزەیەکی گەورە لە ئەمن و جاش هێرش دەبەنە سەر ماڵمان لە گەڕەکی ( دڵدار)، (نەجیبە)ی هاوسەرم و (بەیان)ی کچم ڕادەکەن و لە ماڵی دەرو دراوسێیان خۆیان دەشارنەوە، کاتێ گەڕەکە کە دەپشکنن ، بەسەر قۆتی و بە پێ خواسی دەیانگرن و دەیانبەن بۆ  دائیرەی ئەمنی کۆیە ، یەك یەك بە تەنیا تەحقیقاتی دوورو درێژیان لەگەڵ دەکەن ، کە دەزانن هیچیان  وەدەست نایە ، بەڕەڵایان دەکەن .دوای وەرگرتنی ئیفادەو قسەکانیان دوو ڕۆژ خۆیان  لە ماڵی کاك (تایەری مام  سابیر) دەشارنەوە بۆیە پیاوانی ئەمن ئەمجارە (جەلال)ی برام دەگرن دوو شەو زیندانی دەکەن لە دائیرەی ئەمنی کۆیە. بیست شەو و ڕۆژ لە زیندانی دائیرە ئەمنەی هەولێر ئەشکەنجەو تەحقیقات  بەردەوام بوو. بەڵام خۆم ڕاگرت و نەیانتوانی یەك ڕستەم لە زار بدزنەوە. ئەم جا ڕەش  ئازاد کرام.

جەرگسۆزیی و جوامێریی و شەهامەتیی خەڵکی خۆڕاگری شاری کۆیە ، وەك تێکۆشەرەکانی سەرپا شارو گوندەکانی تری کوردستان ، بە دەفتەرو قەڵم نانوسرێتەوە. لەو کاتەی لە زیندانیەکەی ئەبوغرێب دەرچووم، شەوو ڕۆژ دەستە دەستە ئەو خەڵکە بە بەرچاوی ئەمن و جاش و جاسوسەکانەوە ، دەهاتنە لام و تەحەددای گەورەترین هە ڕەشەو گۆ ڕەشەی ئەوانیان دەکرد. هەرگیز ئەو هەڵوێستە بەرزانەی ئەوانم لەبیر ناچێ، ئێستاش کە بۆ جارێکی تر بە زنجیرو کەلەپچەوە ڕاپانگوێزامەوە دائیرەی ئەمنی هەولێر ، چەندین پیاوە ماقول و دەم ڕاست و نەجیبزادەکانی کۆیە ، بە بێ ئاگاداری من، ڕۆحی خۆیان خستۆتە مەترسی و چوون بۆ لای پیاوانی ڕژێم  لە کۆیە، داوای ئازاد کردنی منیان لێکردون و ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بەسەرو ماڵ ببن بە کەفیلم ، لەو پیاوە گەورانە،

خوالێخۆشبوو جەنابی (مەلا حەمەدەمینی چۆم حەیدەری) ، کە خەتیب و پێش نوێژی مزگەوتی گەورەی کۆیە بوو، جەنابی (حەمیداغای کاکە زیاد) کە کەسایەتی ناسراوی شارەکە بوو، خوالێخۆشبوو (عەبد جاسم) کە خاوەن کەسایەتییەکی میللی کوردستان بوو، هەروەها خوالێخۆشبوو جەنابی (مەمەندی کێخوا فەرەج) کە بنەماڵەو کەسایەتی کۆیە بوو.

هەر چوار ڕۆژ دوای بەربونم ، هاتنەوە سەرمان من لە ماڵ نەبووم، هاوسەرو کچەکەم لە ماڵی مامۆستا (ئەسوەدی زاهیری مام برایمی) خۆیان شاردبۆوە.

خوێنەری ئازیز، ئێستا نەك هەر کاسەکە پڕ بوو ، بەڵکو لەسەریشی دەرژێ، هیچ ڕێگایەکم لەبەر دەم نەما . ڕۆژێك و دووان و هەفتەیەك و مانگێك نییە ، ئەو پیاو کوژو و تاوانبارانە وەك سەگی بەر دەرگا بە دواوەمن و مامەڵەم لەگەڵ دەکەن.

بێدەنگی من و خۆ ماتکردنم جگە لە کارەسات و دەستەوەستانی چیتری لێ چاوەڕوان نەدەکرا، بەڕاستی لە ناخی دەروون خۆم بە تاوانبارو شەرمەزار دەزانی بەرامبەر هاوسەرەکەم و تاقانە کچەکەم. هەموو دەم لە خۆم دەپرسی من سیاسەت دەکەم تاوانی ئەوان چییە؟ زەمیرم هەمیشە لە ئازاردابوو ، بێگومان لە دڵەوە حەزم دەکرد منیش لە باوەشی ئازیزانی خۆمدا ، بێ سەر ئێشەو خەم و خەفەت لە ماڵێکی ئاسودەو هێمن بژیم. وەلێ بیروباوەڕە جێگیرو پتەوەکەم قەت ڕێی پێنەداوم خیانەت لە ماڵ و نەتەوەکەم بکەم .

ئەوانەی خەبەرداری بارو دۆخەکەی کوردستان بوون، دەیانزانی ئەم ڕۆژگارە ڕەشترین و تفت و تاڵترین قۆناغی خەباتی نەتەوایەتی و مێژووی کورد بوو.

ئێستێکه شەڕی عێراق و ئێران، دوای هەشت ساڵآن و بە میراتێکی گەورە کە بە دووسێ ملیۆن کوژراو بریندار و بێسەرو شوێنکراو مەزندە دەکرێ کۆتای هات، لەدیدی سەددام و ڕژێمەکەیەوە ئەوان سەرکەوتوو براوە بوون.

لەم ماوەیەدا کوشندەترین گورزی مەرگ و قەلآچۆکردن و پاکتاوی نەتەوایەتی بەپشتی کورد کەوت. دەیەها گوندو شارەدێ لەسەرانسەری کوردستاندا وەك (هەڵەبجە)ی شەهید کیمیاباران و ژەهر باران کران. بەهەزاران کەس شەهیدو بریندارو دەربەدەر بوون . قۆناغە یەك لەدوایەکەکانی شالآوی ئەنفالی بەدناو هەموو شارو گوندێکی ئەم ولآتەی کاولکردو سوتاندو دانیشتووەکانی لەبیابانەکانی ڕۆژئاواو خواروی عێراق زیندە بەچاڵکرد. پێشمەرگەو پارتەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات، پەلە قاژەی مەرگ و ژیانیان بوو. زۆربەیان پەڕیبونەوە ئەودیو سنوری ئێران، ئەوەی مابۆوە لەژێر پۆستاڵ و گەف و گەمارۆی بەعس و عەلی کیمیاوی و بەرزان تکریتی و ئاغاکەیان سەددام حوسێن بوو. جگە لە سێ پارێزگاکەی هەولێرو دهۆك و سلێمانی و چەند قەزاو ناحیەیەك، تاقە گوندێك بە پێوە نەما بوو. تەنانەت قەزای کۆیە، فەرمانی بۆ دەرکرا بوو بکرێتە بە ناحیەی ( عومەری کوڕی خەتاب ).

# جارێکی تریش ڕەووەو شاخ

ئەو پلان و نەخشەیەی بۆ جینۆساید کردنی کورد بەڕێوەچوو، پشگیریەکی تەواوی وڵاتە زل هێزەکان و ناوچەکە لە پشت بوو . دنیا بێدەنگ بوو دەرحەق بە کوشتنی میلەتێکی ئازادیخوای ئاشتیخوازی مەزلوم، بەڕاستی ورەو خۆڕاگری جەماوەری بێ پشت و پەنا تەواو دابەزی بوو، چاوێکیان لە ئاسمان و چاوکیان لە دەستێ بوو، جوامێرانە بێنە گۆو ببێتە فریاد ڕەسیان.

لەم بارودۆخە سەختەدا ، بە ئۆتۆمبێلی جوامێرێکی کوردپەروەر کە ناوی( کیفی مستەفای حاجی قارەمان) بوو. (ناجییە)ی هاوسەرم و (بەیان)ی کچم و بەندە خۆمان گەیاندە ڕانیە، دوای حەفتەیەك ، چووینە سلێمانی و سێ مانگ لە ماڵی دوو هاوڕێ دا ماینەوە ، ماڵێ باوکی هاوڕێ (هۆگر) و ماڵێ هاوڕێ (مەجید مەعروف) ، دوایی بە

نەخشەو هاوکاری حزب بە ڕێگای ڕانیە، کەوتینە ڕێ بەرەو  گوندی (ناوزەنگ)، بە سێ ئیستران، بەشەوی بەفرو بارانی مانگی بەفرانباری ١٩٨٩. دوای سەفەرێکی پڕ مەترسی و سەخت و لێکدابڕان، بەیانیەکەی گەیشتینە گوندی (نۆکان)، کە بارەگای حزبی شیوعی عێراقی لێبوو. ئێمەش دوای ئەوەی برادەران حزبی دیموکراتی ئێران خزمەتێکی باشیان کردین و جوابیان بۆ هاوڕێیانی حزب نارد . دوای چەند هەفتەیەك، حزب بڕیاریدا کە بمانێرێت بۆ مۆسکۆ، بە تایبەتی کە زانیان باری تەندروستیم تەواو خراپ بووە.

## *لە نۆكانەوە بەرەو مۆسكۆ*

ئەوە بوو بە بەرگەی( عەدەم تەعەروزی) یەكێتی نیشتمانی كوردستان، پەڕینەوە بۆ ئێران و چوینە سەر دەشت. هەر لەم ماوەیەدا (بەیان)ی كچم هاوسەرگیری پێكهێنا لەگەڵ (محەمەدی حەلاق)، دوای ئەوەی كە لە (نۆكان)ەوە داخوازی كردبوو.

ئەم چەند ڕۆژەی كە لە سەردەشت بووین ، لە نزیكەو هەژار یی و نەداریی و خراپی باری تەندروستیی و خوێندن و خزمەتگوزارییەكانی كوردانی ڕۆژهەڵاتم دەبینی، ئەوە سەرەڕای نەبوونی ئازادیی و مافی مرۆڤ و دادپەروەریی، شارەكانی سەرسنووری نێوان عێراق و ئێران لە ڕاست و چەپ ، بە درێژایی شەڕی نێوانیان، دادەپلوسێنران ، تۆپ و تانك و فڕۆكەو مووشەكی هەردوو لا كەوتبوونە گیانی ئەو خەڵكە بێ پشت و پەنایە، شاری سەردەشت تەنانەت پشكی چەكی كیمیاوی سەددامیش بەركەوت و چەندان ڕۆڵەی بوونە قوربانی و سووتووی شەڕی دەسەڵاتداری ئەو دوو ڕژێمە بۆگەن و مرۆڤخۆرە.

بەچاودێری هاوڕێیەکی حزب، من و نەجیبە سەردەشتمان بەجێهێشت و چووینە شاری (نەغەدە)، سێ چوار شەومان لەوێ بەسەربرد، دوای کڕینی شتوومەکی پێویستی سەفەرو دروستکردنی ناسنامە ، خۆمان پێچایەوەو بە نیازی سەفەرکردن بۆ شاری (مشهەد) و لە وێندەریشەوە بۆ سەر سنووری یەکێتی سۆفیەت.

بۆ مەشهەد ، بووین بەسێ کەس، هاوڕێیەکی حزب، کە عەرەب بوو، بەناوی (ئەبو ئەحلام) کەوتە گەڵمان. هەر یەك ڕۆژ لە (مەشهەد) ماینەوە تا ئۆتۆمبیلێکیان بۆ دابین کردین بۆ شاری (سەرخ)، کە لەسەر سنوور بوو، بە یاوەری هاوڕێیەکی حزب، گەیشتینە سەر ڕووباری (ئاراس) ، کت ومت لەو شوێنەی کە پێشەوا (مەلا مستەفای بارزان) لێی پەڕییەوە دوای ڕوخانی کۆماری مهاباد. هەر کە گەیشتینە سەر ئاوەکە، هاوڕێی یاوەرم لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکە گەڕایەوە، ئێمە هەرسێکمان (ئەبو ئەحلام و نەجیبەی هاوسەرم و خۆم) ماینەوە، ناوەڕاستی مانگی بەفرانبار بوو، ڕووباری ئاراس هاتبوو، ئاوەکە هی ئەوە نەبوو لێی بپەڕیتەوە ، هاوڕێ (ئەبو ئەحلام) خۆی تێکردو ئێمەش ویستمان بەدوای دابڕۆین، بەڵام لەبەر تەوژم و تینی شەپۆڵەکان و قوڵایی ڕووبارەکە دەرفەتی دەرچوونمان نەبوو، پاشەکشێمان کردو گەڕاینەوە دواوەو جانتاو شتومەکمان ئاوبردی، ئاگامان لە (ئەبو ئەحلام) نەما، تا ئەم ساتەش نازانم چی لێبەسەرهات، قوتاری بوو یان ئاوەکە بردی! من و نەجیبە، بەتاقی تەنیا ماینەوە، ئاو چۆراوکەی دەکرد لە بەدەنمان، بەغەریبی و دڵشکاوی هاتین تا گەیشتینە سەرجادەی سەرەکی ئەو دەڤەرەی لێیدابەزی بووین.

## *لە گرتوخانەی بـەعسەوە بۆگرتووخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران*

ئێمە یەکەم کەس و دوا ڕێبوار نەبووین، کە لەم جێگایەو بەرەو سنوور بڕۆین و لە ئاوی ئاراس بدەین، ڕۆژ نەبوو چەند کەسێك خۆیان تێنەکەن، بۆیە ئەم خاڵە لەژێر چاودێری ئۆتۆمبیلە پاسەوانەکانی ڕژێمی ئێران دا بوو، جا کە هاتینە سەرجادەو یەکەم ئۆتۆمبێلمان بینی، بەهەردووکمان بۆخۆمان کردمانە هات و هاوار ، یەکسەر ئۆتۆمبیلکە بۆمان ڕاوەستاو هەڵیگرتین ، بۆ ماوەی بیست دەقیقەیەك ڕۆیشت، ئەوەندەمان زانی لە ژورێکی بچوکیان پەستاین، لەناو سەربازگەیەکی سەرسنوور، نەشارەزا، نا بەلەد و فارسی نەزان. نەمان زانی ئێمە وا لەبەردەستی پیاوانی دائیرەی ئیتلاعاتین ! باش بوو ئەوشەوە لەگەڵ نەجیبە، تەکبیرمان وا کرد کە بڵێن - ئێمە لەبەندیخانە ڕژێمی بەعس دەرباز

بوين ونەزرمان لە خۆمان گرتووە، کە بێینە زیارەتی مەرقەدی (ئیمام ڕەزا) لە مەشهەد. بەڵام ئێمەی نەشارەزایان ڕووت کردووین، کاکی شۆفێر لێرە بەجێی هێشتین و هەڵات-. بەیانی بردیانین بۆ ژووری تەحقیق، هەریەکەمان بە تەنیا، هەرچەندە بەڵگەی سەفەرەکەشمان نیشاندان، سوودی نەبوو، گوتیان ئێوە – جاسوسی سەددامن - منیش لە دڵی خومدا دەمگوت : سڵا لە عەقڵتان !!!

دوای چەندو چونێکی زۆرو پرسیارو وەڵام دانەوە، ئێمەیان لێك جیا کردەوەو کەوتنە ئەشکەنجەدان و دارکاری کردنمان، بەتایبەتی لەگەڵ من. دیسان کەوتنە هەڵواسینم بە پانکەو قولاب و زنجیری بن ساپیتەی ژووری تەعزیب، لە دڵی خۆمدا دەم گووت دیارە هەر شارێك ئەمن سەری پێدا بکەم، بەندیخانەو زیندانی وەك ئەمنی عامەو دائیرەی ئیستخباراتی سەربازیی بەغدای لێیە .،سەرم لەکاری خودا سورمابوو، ماشائەڵڵا، ئەو جەلادو قەمچی بەدەست و کێبڵ وەشێنانە، شێوەی دەم و چاو و بچمیان، هێندە پێك دەچوو، دەتگوت ئەوانی بەغداو مەشهەد کوڕی یەك دایکن، تەنانەت شێوەی هەڵواسین و دارکاریکردن و دیزاینی ژوورەکان، دەتگوت یەك مامۆستا فێری کردوون و یەك ئەندازیار نەخشەو دیزاینی بۆ کێشاون. خۆ لەدڕندەیی و دڵڕەقی و بێویژدانی هیچیان لە هیچیان باشتر نەبوون.

دوای هەشت نۆ ڕۆژێك، ڕا پێچاین کردین بۆ دادگای شاری (سەرخ)، بە کەلەپچەکراوی و چاوی بەستراوەوە ، موتەرجیمەکەمان شێوە زاری سۆرانی دەئاخەوت، ئەوەبوو بریاردرا بۆ (٤٥) ڕۆژ بە دەست بەسەری بمان هێڵنەوە، چونکە ئەوان هەر ئەوەیان چووبووە کەللە کە ئێمە جاسوسین. چەندە گاڵتەم بم ڕۆژگارە دەهات، لە زیندانەکانی ڕژێمی بەغدا پێیان دەگوتین جاسوس و موخەریب و عەمیل، ئێستاش لە وڵاتی بەناو کۆماری ئیسلامی بەبێ بەڵگەو دەلیل دەکرێن بەجاسوس، بەڵام جاسوسی بەعسییەکان!

لەدوای تەواو بوونی مودەتەکەمان، چوون ئێمە بەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانمان پێ بوو، بەیاوەری دوو سەربازی خەڵکی (سنە)، ئێمەیان بردە شاری

(کەرەج)، هەرچۆنێك بوو سەربازە کوردەکان هاوسۆزیی و هەستێکیان بۆمە هەبوو، کە داوامان لێکردن لەجیاتی ئۆردوگای ئاواران ڕادەستی ماڵی کاك (جەوهەری خدری هێرانیمان) کەن، کە ناسیاو کۆنەئاشنام بوو. سێ مانگی ڕەبەق لەنێوان ماڵی کاك (جەوهەر)و ماڵی (علی عەبدڵڵاێ )ئامۆزای دایکم، کە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بەسەر برد، و ئۆردوگای ئاوارەکانی شاری کەرەج هاموشۆمان دەکرد. جەنابی کاك (عەلی عەبدڵڵاێ) زۆر یارمەتی دام و بڕێکیش پاڕەی دامێ وەلێ نەیتوانی لە ئۆردوگاکە ئازادمان کات . ڕێزدار (مەسعود بارزانی) پەیوەندی بە خوا لێخۆشبوو (شەوکەت شێخ یەزدینە ) وە کرد، ئەویش بەرگەی هاتووچۆکردنی بۆ دابین کردین و کاری مەیسەرکردین .

## ئەمجارەيان.... لەسەردەشتەوە بۆ باكۆ

ئەوەبوو دواى دەرچوونمان لە كەرەج، دە ڕۆژمان لە بەردەم دا بوو ، دەبوايە ئێران بەجێبهێڵین، ناچار بە ڕێگەی نەغەدە گەڕاینەوە سەردەشت، نەجیبەی هاوسەرم لەلای بەیانی کچم بەجێ هێشت و خۆم گەڕامەوە بارەگای حزبی شیوعی لە ناوزەنگ هێندەی نەبرد هاتمەوە سەردەشت و تاکو ١٩٩٠/٨/٤ لەوێ ماینەوە.
بۆ جاری دووەم باروو بارگەمان بەنیازی سەفەر بۆ مۆسكۆ تێكنا، ئەوجارە هاوڕێ محمدی حلاق و بەیانی کچیشم لە گەڵمان کەوتنە ڕێ ، دیسان لە (نەغەدە) یەکەم هەنگاومان هەڵێنا، ڕێبەرێکی هاوڕێی حزبمان لەگەڵ هات و بە ئۆتۆمبیلی خۆی لە سنووری (باكۆ) دایبەزاندین ، خۆوبەخت خۆمان تێکردو سنورمان بەزاند و پەڕینەوە.

بەرپرسانی ئەم دەڤەرە دەیانزانی، قاچاغچی و خەڵکی تر لەو ڕێیەوە بەرەو مۆسکۆ سەفەردەکەن، بۆیە، زوو دەستەیەك سەربازی سۆڤیەتی گەیشتنە سەرمان و یەکسەر سواری زیلی سەربازیان کردین بۆ خاڵێکی سەربازی خۆیان ئێمەیان گواستەوە.

سەیرەکە لەوە دابوو، لێرەش ئێمەیان خستە زیندان. دەبوایە پەیوەندی بە لایەنی حزبی شیوعی عیراقی بکەن ، تادڵنیابن کە ئەو ناسنامەو نامانەی پێمانە ساختەنییەو دروستە، ماوەی مانگێك بەو حاڵە ماینەوە، هاوڕێ (ئەبو حیکمەت)، کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو، لەگەڵ دەپازدە هاوڕێی تر لەگەڵمان بوون لە هەمان شوێن ، هەردوو کەسە لەژوورێك بووین. دوایی چووین بۆ شاری (باکۆ)، هەر یەك ڕۆژ ماینەوە ، ڕادەستی بەرپرسانی خاچی سوری سۆڤیەتی (هۆبەی ئاوارەو پەناهەندان) کراین. لێرەوەش چووینە (ئەشق ئاباد)، دوای بەفرۆکە گەیشستینە شاری (دۆما) کەسعات و نیو یێك دوور بوو. دوو مانگ ماینەوە دوایش لەوێوەشەوە وەجبە وەجبە فڕین بۆ شاری مۆسکۆ.

هەر گەیشتینەجێ ، لە (مۆسکۆ )هەر دوو یان سێ کەسمان ژوورێکی خۆشیان لە میوانخانەیەکی دیاریکراو پێداین و ( ٨ ) ڕۆژمان لەوێ بەسەر برد .

لەو ساتەوەی پێمنایە سەرخاکی یەکێتی سۆفیەت ، زۆر بە وردو دیقەتەوە سەرنجی هەموو شتێکی ئەو وڵاتەم دەدا ، دەبوایە وابکەم ، چونکە تەمەنێکی دوورو درێژە، خەبات و سەوداسەری بۆ دوروشمی چەکوش و داس دەکەم ، جا حەقمە بزانم ئەو زێدەی خاوەن ئایدیۆلۆژیای مارکیزم و لینیزم بوو، چۆن چۆنیە، بەڕاستی شاری مۆسکۆ ، وەکو پایتەخت و مەڵبەندی بازرگانیی و دارایی و زانستیی و ڕۆشنبیریی و سیاسیی، تا بڵێیت جوان و ڕازاوەو پاك و خاوێن بوو. ساختومان و خانوبەرەو قەسرو قسور و کلێساو تەلارەکانی جێگای سەرسورمان و تێڕامان بوو، وەلێ باری گوزەرانی و بژێوی خەڵکانی یەکێتی سۆفیەت خراپ و ناهەموار دەهاتە بەرچاو. بەڕاستی توشی شۆك بووم کە وڵاتێك حەفتا ساڵ بێ شۆڕشی کۆمەنیستی لێبەرپا بووبێ، حاڵی ئاوا پەرێشان و

پەشێو بێت. بازار گرانی بوو، شتومەك و خواردن و داو دەرمان کەم بوو، بەچاوی خۆم دەمبینی لەبەر دوکانی نانەواخانەکاندا، سرەیەکی دوورو درێژ بۆ نان وەرگرتن گیرا بوو . دەتوانم بڵێم ، لەسەر حاڵی خۆمانەوە من بەزەیم بەوان دادەهاتەوە .

لە فرۆکەخانەی مۆسکۆ نزیکەی سی خێزان کە هەموویان هاوڕێو ئەندامانی حزبی شیوعی بوون ، بەو ناسنامە و یارمەتی حزب بەرەو ستکهۆڵم - پایتەختی وڵاتی سوید - کەوتنە ڕێ ، (نەجیبیە)ی هاوسەرم و خۆم و یەکێك بووین لەو خێزانانە ، (بەیان)ی کچم و هاوسەرەکەی (محەمەدی حەلاق) پانزە ڕۆژ پێش ئێمە گەیشتنە ئەوێ .

## سوید وڵاتێکی تر .... ژیانـێکی تـر!

هەرکە فرۆکەکەمان دابەزی موسافیرەکان هاتنە خوار، تەنیا ئێمەو خێزانێکی تریان گێڕایەوەو بردە شوێنی لێپێچینەوە، دەنا (٢٨ ) خێزانەکەی تر بە سووك و ئاسانی دەرباز بوون ، دوای سێ ڕۆژ لە پرسیارو لێپێچینەوە ، گواستراینەوە بۆ ئوتێلێکی خۆش و پاك و تەمیز لە ستۆکهۆلم. یەك مانگی ڕێك لەوێ ماینەوە و ڕێزێکی زۆریان لێگرتین و ئەوپەڕی خزمەت کراین .تا لە ١٨/ ١/ ١٩٩١ بڕیاری (ئیقامە)مان بۆ دەرچوو، پێنج شەش کامپی ئاوارانمان کرد. خۆشبەختانە لە شاری (هۆدگزڤال)، خانویەکی قشت و جوانیان پێداین و یەك ساڵیشمان لەوێ بەسەر برد. هامووشۆ و پەیوەندی خۆشمان لەگەڵ دۆست و برادەرە ئاوارەکانی کۆیەو هەولێرو کوردەکانی تر هەبوو، کە تا ڕادەیەك غەریبی و دوورە وڵاتیان لەبیر بردبووینەوە. دوای ئەو ساڵە، لە نزیك ماڵی (بەیان)ی کچم لە شاری (ئۆپساڵە) ،خانوویێکمان وەرگرت تا ئیمڕۆش ٢٠١٣/١/٢٠ هەر لەوێ دەژین.

# یەکەم سەفەرم بۆ کوردستانی ئازاد

دوای ڕاپەڕین ، لە ساڵی ۱۹۹۲ ، بە ڕێگای سوریا بۆ سەردانێکی دوو مانگی گەڕامەوە کوردستان و لە ساڵی ۱۹۹۳ بە قەرزو قۆلە بۆ یەکەمین جار خانوویەکی قشتیلەم لە هەولێر کڕی ، ئێستا لە نێوان (ئۆپساله) و کۆیە خۆم و هاوسەرەکەم ژیان بەسەر دەبەین. بە کوردی و کرمانجی ، قەدرزانی ئەو خزمەت و هاوکاریی و خۆشەویستییەم کە دەوڵەتی سوید و هاوڵاتیانی پێشکەش بە من و خێزانەکەمیان کرد.

هەر دوای تەواو کردنی یەکەم تەحقیقات و پرسینەوە ، پێش وەرگرتنی ئیقامە، کەوتنە خەمخۆری و چارەکردنی بارە تەندروستییە ناهەموارەکەم، بەدەیان جار ئەم نەخۆشخانەو ئەو نەخۆشخانەیان پێکردوم، ئەوا جگە لە داودەرمان و لاواندنەوەم. لە ماوەیەکی کەمدا سێ دکتۆری پسپۆڕ بوونە سەرپەرشتیارو حەکیمی من و تائێستاش بەردەوامن لە خزمەت کردنم، دکتۆرێکیان کە پرۆفیسۆرە، تایبەتە بە چارەسەری نەخۆشی و شوێنەواری ئەشکەنجەی سەر لەشم ، هەروەها دکتۆرێکی دەروون ناسیش، ئەوە جگە لە دکتۆری خێزان کە هەموو تاکێك لەم وڵاتەدا هەیەتی، دڵسۆزیی و کارامەیی و

شەفەقەی مرۆڤ دۆستی ئەوان، بەرامبەر من بە قەڵەم باس ناکرێ. هەر ساڵی یەکەم، لەگەڵ (نەجیبە) لە فێرگەیەکی زمانی سویدی خولێکی حەوت مانگیم تەواو کرد.

لەبەر ناتەواوی تەندروستی و پەرێشانی قاچە سوتاوەکەم و شوێنەواری دەروونی و جەستەیم ، وەك کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان ناوم زوو تۆمارکرا. کارتی سەفەرم لە وڵاتی سوید پێدراوە کە بەبێ بەرانبەر گەشت وسەفەری خۆم و خێزانەکەمی پێدەکەین. تەنانەت هاوسەرەکەم وەك یارمەتیدەر ناونوس کراوە، بۆ خزمەت کردنم. ئەوە جگە لەو یارمەتییەی بۆ گوزەرانی ژیان و ناو ماڵ و فاتورەکانی ئاوو کارەباو گازو تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت پێمان دەدەن. خانوەکەشمان هەر دیاری ئەوانە.ئێستا هەر لە کەمپ بووم ئیقامەم وەرنەگرتبوو، لەگەڵ دەستەیەك لە هاورێ و ئەندامانی حزبی شیوعی ، کەوتینە کارو چالاکی بۆ ڕاپەڕاندنی هێندێ کاروباری خۆمان و بەسەر کردنەوەی ئەو دۆست و برادەرانەی پەیوەندیان بەحزبەوە مابوو. ئەوە بوو لێژنەیەکمان پێك هێناو بەناو لێژنەی (حەیدەری).

ئەوەندەی بۆم کرابێ و باری تەندروستیم ڕێی لێنەگرتبم، لەوڵاتی سوید بەشداری ئەو خۆپێشاندان و چالاکییانەم کردووە ، کە بۆ پشتگیری مەسەلەی ڕەوای کورد و نەتەوەی کانی تر بەڕێوە دەچوو. پەیوەندیەکی پتەوو ئارەزومەندانەو خۆشمان لەگەڵ پارتە چەپەکانی وڵاتی سوید هەیە ، ئەویش بەیارمەتی هاورێ زمانزانەکان.

جا ئێستاش کە دەگەڕێمەوە کوردستان، وەك ئەندامێك لە لێژنەی پەیوەندی نیشتمانی کوردستان کاردەکەم. ئەم لێژنەیە هەم ماهەنگی و هاوکاری گفتوگۆ لەنێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان بەڕێوە دەبات، بۆ ڕاپەڕاندنی کارو چالاکی شەهیدو زیندانیان و ئەنفال کراو خەڵکانی ڕەش و ڕوتی کوردستان. بە بەردەوامیش حزورو ڕۆڵی خۆم لە لیژنەی کۆمیتەی حزبی شیوعی - قەزای کۆیە -هەیەو دەست لە سەر سینە لە خزمەت کردن بە حزب و خاك و نەتەوە وەستاوم.

# چەند هەوارێکی کاروانی تەمەنم



www.shutterstock.com · 121881667

## هەواری یەکەم
## کۆڵنەدان

پتر لە جارێ لێیان پرسیوم :" ئەرێ قەد لە سیاسەت و حزبایەتیدا ماندوو نەبوویت؟ " نامەوێ هەڵوێست و منەتباری بەکەس بفرۆشم، بەلاَم لە ناخی ناخی دڵ و دەروون و ڕۆحمەوە ئەوپەڕی ئاسوودەیی و خۆشنوودی سەرفرازی سەراپای بوونم دادەگرێ که هەست دەکەم مرۆڤێکی خاوەن باوەڕو ئایدۆلۆژیای و بیرێکی مرۆڤ دۆستانە و ئاشتخوازو ئازادپەروەرم ، قەت هیچ کەسێك ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئیجباری نەکردووم کە ئەو ڕێگایە سەختە هەڵبژێرم، ئەوا هەر خۆمم بڕیاردەرو یەکلاکەرەوەی بڕیارەکان بووم. هەرچەند هەرچی ئەسباب و وەسیلەی ئەشکەنجە هەیە، لەسەر جەستەو دڵ و ڕۆح و دەروونم بەکارهات ، بۆ ئیجبار کردنم لە واز هێنان لەو بیروباوەرە موقەدەسەی کە ئیمانم پێیەتی، بە قەد سەری نووکە دەرزیەك ، بەقەد بچەکترین دەنکە خۆڵ ، لە ژیانمدا پەشیمان نەبوویمەوە لەو ڕێگایەی کە گرتوومەو لەو ئایدۆلۆژیایەی هەڵم بژاردوە وەك فەلسەفەیەك بۆ ژیانم و بۆکاری حزبایەتی و خزمەتکردنی خاك و نەتەوەم.

با هەموو خەڵك بزانێ ، لە هیچ ڕۆژگارێکا لە پێناو بەرژەوەندی کەسی خۆم و دەوروبەرم یان بە ئومێدی وەدەست هێنانی دەستکەوتی مادی بۆ دواڕۆژی خۆم کاری حزبیم نەکردووە.

هەر لە منالیەوە، چونکە لە خێزانێکی هەژارو لە گەرەکێکی بێ نەواو لە شارێکی هەناسە ساردا چاوم کردۆتەوە ، هەستم کرد کە بوونی من ئەو کاتە جوانە ، خەبات بکەم

بۆ ڕەش و ڕووتەڵکانی وڵاتەکەم . تاکە پەیام و ئامانج و خەونم ئەوە بوو چینی هەژارو چەوساوە لە محنەتی نەداری و کەساسی و مەزلوومیەت ڕزگارکەم. جا چەندە ئەو ئامانجەم پێکاوە یان نەپێکاوە، ئەوا ڕۆژگارو مێژوو وەڵامەکەیان هەڵگرتووە.

گەورەترین دەستکەوت ، کە وەك تاجی زێرین لەسەر سەری خۆم داناوە، قەدرو ڕێزو ئیحتیرامی خەڵکانی کوردستانە . وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ، هەرگیز تا مردن ناتوانم چاکەو دڵسۆزی ئەم جەماوەرە وەفادارە بدەمەوە، بێ شەرم دەڵێم ئیمڕۆ برادەرانی حزبەکانی تر، جا هەر لایەنێك بن، یان خەڵکانی بێلایەن، بەقەد دۆست و هاوڕێ و هەڤاڵەکانی خۆیان ڕێزم لێدەگرن. چەند خۆشە تەنانەت شێخ وسەیدو ئاغەکانیش کە لە ڕۆژگارێکا لەسەنگەرەکەی تر بوون ، ئیمرۆ دۆست وئاشنای و مەرحەبام دەکەن ڕێزم لێدەگرن.

(نەجیبە)ی هاوسەرم، دەگێڕێتەوە لەڕۆژە سەخت و پڕ ترس و مەرگەساتەکاندا ، کە دەچووە بازاری کۆیە بۆ کڕینی پێداویستیەکانی ، هەموو هەوڵ و تەقەلای ئەوە بوو کە خۆی وادابپۆشی و بگۆڕێ، کەس نەیناسێتەوە. چونکە هەر بیان ناسیبایەوە ئەوا بێ بەرامبەر شتومەکەکانیان پێدەفرۆشت و نەقدینەو دیاریشیان دەدایە، خۆ من قەت هیچ چاکەیەکی شەخسیم لەگەڵ کەسیاندا نەبووە، بەڵام ئەمە ئەمەك و جوامێری ڕۆڵە بەوەفاکانی شاری کۆیە بوون، نەك هەر بۆ من بەڵکو بۆ هەر کەسێ خەباتگێڕو تێکۆ شەر بوبێت بۆ ئەم خاك و نەتەوەیە!

## هەواری دووەم

## کێ بەرپرسە؟

هەرچەند ئەرشیفی حزبی شیوعی، ناوی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی لە دەفتەری سەربەرزی و نەمریدا تۆمار کردووە، من لێرەدا، وەك وەفایەك حەزدەکەم ناوی هەندێ لەوهاوڕێ شەهیدانەی ڕێکخراوی هەولێر بخەمە بەر دیدی ئێوەی ئازیزو سەرنجێکی خۆشم بخەمە ڕوو.

لەنێوان سالآنی ١٩٨٠-١٩٨٦ بەدەیان کادیری پلە بەرزی حزبی ئەم ڕێکخراوە چوونە ڕیزی هەمیشە زیندووەکان، هێندێ لەو ناوانەی کە لەبیرم ماوە، : سەفەر، ئەندامی لیژنەی محەلی هەولێر - ئیعدامکرا. تۆفیق حەریری - لەشەڕی دەشتی هەولێر شەهید کرا. مامۆستا کۆچەر، کە تا دوا گوللە لەماڵەکەی خۆی شەڕی کردوو دوو ئەندامی لە فاشستەکان کوشت و بەدوا گوللە خۆی بەدەستی خۆی شەهید کرد. عەبدوڵلا حاجی و مەلا ئەحمەدی ئەفەندی و ئەحمەد عوێنە، کە لە ڕووداوی جیاجیاو داستانی نەبەردیدا گیانیان بەم کوردستانە ئازیزە بەخشی.

له گەڵ ئەم کاروانە سوورەدا، دەیان هەڵۆی چاونەترسی تری حزب، سەربەرزانە هەنگاویان بەرەو مەرگ و خۆبەخشی نا ، ئەوان خوێنی خویان ئەم ڕۆژگارە ئازادانەیان بۆ نەوەی دوای خۆیان پیرۆزکرد. وەڵێ لەهەندێ هەڵوێستیشدا، حزب ڕووبەرووی ڕەخنەی تونتر دەبێتەوە، لە پەراوێزکردنی ڕێنمایی و پێشبینی ئەندام و کادیرە بە ئەزموونەکانی. وەك نمونەیەك کاتێك تاوانبار (مەمۆ)، هاتەوە (ناوزەنگ) و ویستی بێتەوە ڕێزی حزب هاوڕێ (فاتیح ڕەسووڵ) و ئەندامانی لیژنەی محەلی هەولێر قبولیان نەبوو، ئەوەبوو ڕۆیشت بۆ ئێران، کاتێ بارەگای حزب لەناوچەی بارزان بوو، ناوبراو (مەمۆ) دیسان هاتەوەو بەهەمان شێوە هاورێ (فاتیح ڕەسووڵ) و زۆر لەئەندامانی تر، ڕازی نەبوون بەوەرگرتنەوەی، کەچی بەشی هەولێر وەریگرتەوە دوای ئەوەی کە پەیوەندی پێوە کردن و ئەوانیش ناردیانە هەولێر و پۆستی حزبیشی پێبوو بۆ هاوڕێیانی شار، ئەوەبوو لەجیاتی خزمەت کردنی نەتەوەو خاك، چوو بووە پیاوی ڕژێم و پتر لە بیست هاورێی حزبی بەگرتن داو هەر هەمووشیان لەسێدارە دران شەهیدکران. ئەو ناوانەی لەبیرم ماون، ئارام و کوری عوسمان مەرزانی خوشك و برا، سەربازو زۆری تر.

دەبێ بپرسین، کێ بەرپرسی ئەو هەڵە گەورەیەیە! بۆ ڕێگادرا ئەو هەموو جوامێرانە وا بە ئاسانی شەهید بکرێن؟ بۆ ڕاو قسەی خاوەن ئەزموون پەسند نەکرا؟.....

## هـەواری سـێیەم

## بـراگـوژی

لەم هەورازو نشێوەی کاروانی تەمەنم دا، بێحەد دەردو کەسەرو هەژاری و برسیەتی و نەهامەتیم دیت، دۆستی ئازیزم کۆچیان کرد... هاوڕێی خۆشەویستم لەسێدارە دران.... دڵسۆزی ڕێگام بە زامداری سەریان نایەوەو نامراد ڕۆیشتن.....  هەرچی ناخۆشی ژیان هەیە چێشتم، وەلێ گەورەترین و سەختترین و کوشندەترین ڕۆژانی ژیانم ئەو ڕۆژگارە بوو کە ئێمەی کورد یەکتریمان دەکوشت، گەورەترین تاوان کە لەژیانمدا ڕووبەرێکی یەکجار  ڕەشی داگرتووە تاوانی شەڕی براکوژییە. هەرچی هۆکارو بیانوو پاساو و تەفسیرێك بۆ ئەوشەڕە بکرێ، بەبیری من جگە لەشەرمەزاری و ڕیسوای بوون هیچی تر هەڵناگرێ.

قەت لەهیچ ڕۆژگارێکدا ، هاندەرو پاڵپشت و ئامێری ئەو شەرە نەگریەسە نەبووم. ڕاستە حزبەکەی منیش بێ هەڵە نەبووە لەم مەیدانەدا، بەڵام خۆشحاڵم کە هەرگیز چەکی برا کوژیم نەکردۆتە شان . لە بەشەکانی تری ئەم کتێبە ئاماژەم بە هەڵوێستی دوژمنکاری خۆم بەرامبەر بەرەی نێوان حزبی بەعس و حزبە شیوعی عێراقی بە ئاشکرا بەیان کرد و لە مەحزەری حزبیدا تۆمار کراوە. جا دەنگم چەند ڕۆیشتووەو بڕی کردووە، ئەو مەسەلەیەکی ترەو دێمەوە سەری لە هەوارێکی تری ئەم کاروانە.

## هەواری چوارەم

## رەخنە

من یەکەم کەس نیم ئەم ڕەخنەیە لەحزبی شیوعی عێراقی و کوردستان بگرم، پێش ئێستا چەند هاورێیەك راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ ئاماژەیان بەوە کردووە کە مەرکەزیەت لە هەموو ئۆرگانەکانی حزب هەناسەی رەخنەگرتن و سکاڵاو ڕێنمایی ئەندام و هاورێیانی خنکاندبوو ، هەرچەندە رەخنەش بگیرابوایە مەوداو رەهەندەکەی کورت بوو, کاتێ دەگەیشتە بەردەستی کۆمیتەی ناوەندی حزب وەلاوە دەنراو هیچ بایەخێکیان پێ نەدەدرا .

لەجێگای خۆیەتی کە بڵێم تا ڕادەیەك ئێمە لەزانینی هێندێ راستی و حەقیقەت چاوبەست دەکراین ، لە کاتێکدا هەرگیز ئەوە پەیرەو و پرۆگرامی حزب نەبووە . هەر بۆ نموونە ئەو ئەندام و هاورێیانەی دەچوونە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بۆ بەشداربوونی لە کۆرس و خوولی حزبی و کارگێری و کادیری ، زۆر کەم و کوری ژیان و بارودۆخی خەڵکی ئەو وڵاتەیان دەبینی ، وەلێ لەکاتی گەڕانەویاندا قەت باسی لایەنە نیگەتیفەکانی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی یەکێتی سۆڤیەت و سیاسەتی حزبی شیوعیان بۆ نەدەکردین . خۆ ئەگەر باس بکرابوایە و رەخنەی لێبگیرابوایە ئاکامەکەی باشتر دەشکاوە بۆ ئەزموونی حزبی شیوعی لە عێراق و کوردستاندا . من خۆم کە گەیشتمە مۆسکۆ

تووشی ڕاچەڵەکین و حەپەسان بووم ، لەو بارەخراپەی کە بەچاوی خۆم بینیم . بەراستی دوو دنیای جیاوازم هاتە بەرچاو ، لەلایەك باسی دابەزینی سەرمانگ چوونە ناو بۆشایی ئاسمان و دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم و تەکنەلۆژیای سەردەم دەکەن و , لەلایەکی تر هاولاّتی بەستەزمان بۆ چەند سەلکە پەتاتەیەك سەرەیەکی دوورو درێژی لەبەردەم دوکانێکدا گرتووە . باوەڕبکەن کە لەشاری (دوما) چاویان بە نینۆکبڕی دەستی هاوسەرەکەم کەوت، زۆر سەیریان پێدەهات کە ئێمە ئەم شتەمان هەبێ .

جا وەنەبێ کە هاورێیانی بەشداربووی ئەو خوولانە ئەو ڕاستییانەیان نەزانیبێ ، بەڵکو بە قەستی لە ئێمەیان دەشاردەوە ، خوا لێخۆش بوو هاوڕێ(عەلی مەولود) بە گاڵتەجاڕیەوە ئەو حەقیقەتەی ناڕاستەوخۆ لەلای هێندێ برادەران دەدرکاند ، کاتێ لەفرۆکەخانەی مۆسکۆ بەرەو ولاّت دەگەڕێتەوە، گۆپاڵێکی بەدەستەوە دەبێ ، لێی دەپرسن ئەو گۆپاڵەت بۆ چییە ؟ ئەویش دەڵێ : " کە گەڕامەوە ، ئەم گۆپاڵەم بۆ سەری ئەو کەسانەیە کە لەحزب لادەدەن ! ئەوە مولحەقی نزامی داخیلی حزبە !"

بێگومان ئەو بەتەوسەوە ئەمەی دەگوت.

# هەواری پێنجەم
## واقیحاڵ

هەموو ئەوانەی کە زانیاری و توێژینەوەیان لەسەر چەمکی فەلسەفەی مارکس و بیروباوڕی سۆشیالیزم هەیە ، دەزانن کە ئەم فەلسەفەیە رۆح و جەستەکەی (ئابووری) یە ، جا لەسەر ئاستی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بێ، یان لەسەر ئاستی وڵاتان و دنیا .

هەموو پەیڕەوو پرۆگرامی حزبی شیوعی ، جۆرە کۆشش و خەباتێك بوو گەیشتن بە واقیعی کردن و ممارەسە کردنی ئەو فەلسەفەیە. بە بۆچونی من کەمتەرخەمی و پاشەکشێیی حیزب ، لە بەواقیعی کردنی ئەم چەمکە لەدوو خاڵەوە دەدرەوشێتەوە :یەکەم، بەدرێژایی مێژووی حزبی شیوعی لە عێراق , هەوڵێکی راستەقینەی واقیع بینانەو جدی نە بوو ، بۆ گەیشتن بە حکومکردنی وڵات. هەرنەبووایە لە رێگای پێکهێنانی جۆرە حکومەتێکی ئیتلافی دەکرا ئەم بیرۆکەیەو پرۆگرامە تەوزیف بکرێ.

دووەم ، ئێمە هەمیشە بانگەشەی خزمەتکردنی چینی کرێکارو جوتیارو کاسبکارو خوێندەوارمان دەکرد ، لە کاتێکتدا بەفیعلی نەمانتوانی دەستی هیچ لەو چینانە بگرین و باری ژیان گوزەرانیان بەرەو دۆخێکی باشتر بەرین . چونکە هیچ دەرامات و سامانی ئابووری و بوجەیەکمان لەبەردەست نەبوو . چۆن دەتوانی بەدەستی بەتاڵ و گیرفانی بەتاڵ خزمەت بە کۆمەلانی خەڵکی وڵاتەکەت بکەی !

# هەواری شەشەم
# كوردستانیی بوون

ئیمرۆ تەماشای قۆناغەكانی بەرەوپێشچوونی حزبی شیوعی دەكەم و دەیخەمە تای تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە ، لە دیدی نەتەوایەتی و كوردایەتیەوە ، پرسیارێك لە مێشكم پەنگ دەخواتەوە : بۆچی هاورێیانی كورد لەحزبی شیوعی عیراقی هەر لەسەرەتاوە ، حزبی شیوعی كورستانیان دانەمەزراندو خۆیان لە تەبەعیەتی حزبی شیوعی عێراقی رزگارنەكرد ؟

لەسەرەتای دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی، تەنها شتێك بەناوی كوردستانەوە هەبوو ، ناویان نابوو حزبی شیوعی عێراقی - لقی كوردستان . پاش بیست ساڵ ئەوجا ناوەكە گۆڕا بۆحزبی شیوعی هەرێمی كوردستان ، كە ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی وەكو سكرتێری هەرێم بەرێوەی دەبرد . نایشارمەوە كە حزبی شیوعی كوردستان وەك رێكخراوەیەكی سەربەخۆ ، لەساڵی ١٩٩٣ دەستی بەكاركرد ، زۆرلە هاورێیانی حزبی شیوعی عێراقی دلگران و لالووت بوون لێمان، تەنانەت پێش بەیانكردنی ، هەركە خەریكی داڕشتنی پەیرەو و پرۆگرامەكەی بووین ، لە ستۆكهۆلم رەخنەیان لێدەگرتین و نارەزایان نیشانداو هەڵوێستی سلبیان هەبوو . بە ڕای من ئێمەی كورد دەبوایە هەر زۆر زوو ئەم كارەمان ئەنجام دابا .

# هەواری حەوتەم

## مەرگەسات

بەدرێژایی کاروانی تەمەنم، ساڵ بە ساڵ لە گەڵ ڕووداو و پێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە رۆیشتووم . حاشا هەڵنەگرە کە خەڵکانی کوردستان و عێراق بە درێژایی ئەو سەد ساڵەی ڕابردوو ، ناخۆشترین و پڕ محنەترین ڕۆژگاریان بەسەر داهاتووە . لێرە دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێ کە ئەندام و هەڤاڵ و لایەنگرو هەوادارانی هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق پشکی شێریان لەم جەورو جەفاو عەزابە بەبەرکەوتووە ، چونکە ئەوان ڕابەرو دیارو ئاگرەخۆشکەری شۆڕش و ڕاپەرینەکان بوون . جا لێرەدا بۆ مێژوو ئەوە تۆماردەکەم ، کە لە نێوحزب و ڕێکخراوەکانیشدا، حزبی شیوعی عێراقی و کوردستانی گەورەترین زەبرو مەزنترین مەرگەسات و نەهامات و نەگبەتی بە دەست ڕژێمە خوێناویەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق بەسەرداهاتووە . لێرەدا هەر ئەوەندەم لەدەست دێ ، کە سەری ڕیزو نەوازش بۆ هەموو تێکۆشەرانی کوردستان و عێراق دابنوێنم و قەدرزانی هەموو قوربانییەکانی نیشتمانەکەم بم و هەمیشە بە تەقدیسەوە کرنۆشیان بۆ بەرم .

## هـەواری هەشـتـەم

## هـاوسـەرەکـەم

بەدەیان ، بەسەدان دڵسۆزو ئەمەکدارو مرۆڤدۆستانی ئەم کوردستانە ئازیزە ، جەسوورانەو جوامێرانە ، لە ڕۆژانی سەخت و تاریك و ترسناکدا وەك براو هاوڕێو ئازیز باوەشیان بۆ کردوومەوە . لەگەڵ ماڵ و منداڵیان لە ژووره بچووك و خانووه قوڕەکاندا منیان شاردۆتەوە ، بە ئۆتۆمبیل و تراکتۆرو لەسەرپشتی ئێسترو گوێدرێژ ئەو شارو ئەوشار رۆحی خۆیان خستۆتە سەر دەست و بێباکانە منیان گەیاندووتە شوێنی مەبەست . بەدەیان جار بەدزیەوەو بە بیانۆو پاساوی جیاجیا نان و خواردن و دەرمان و پێداویستیان بۆ هێناوم ، نامەیان بۆ گەیاندووم و ئەوەی لێم داواکردین تەقسیریان نەکردووەو هەمیشە بێ بەرانبەریش .

لێرەدا دەمەوێ سوپاسێکی بێسنوور پێشکەش بە هاوسەرە خەمخۆرەکەم بکەم . راستە نەجیبەی هاوسەرم لەبنەماڵەیەکی شیوعی گەورەبووەو لە دڵ و روحەوە خۆی وەك فیداکارییەکی حزب نیشانداوەو خەباتیشی بۆ کردووە ، وەڵێ ڕاوەستان و پشتگیری کردن و هاوکاریکردنی ئەم هەم بۆ خودی من و هەم بۆحزبی شیوعی کەم وێنە بووە . ئەوەجگەلە خەمی تاقە برا شەهیدەکەی (ئیبراهیم ) ، دەتوانم بڵێم ئەو خێزان بەخێوکەرو دایك و باوك بووە بۆ (بەیان)ی تاقانە کچم . رەنگ بێ ئازار و موعاناتی من لە شاخ و داخدا زۆرکەمتر بووبێ لە هی ئەو ، چونکە من ئازادبووم ، وەڵێ ئەو هەمیشە ترسی ئەوەی

هەبووە ئێستا نا ئێستا پیاوانی ڕژێم بەسەری دادەدەن و بیخەنە  کونجی زیندان و ئەشکەنجەدانەوە . لەو باوەڕەدام،  ئەگەر ئەویش یادەوەرەکانی خۆی تۆماربکات و بە

وردی ڕووداوەکان بنووسێتەوە،  رۆمانێکی پوختی لێدەردەچێ . دیسان هەزاران جار سوپاس و خۆشەویستیم بۆ نەجیبەی هاوسەرم و بەیانی ماندوونەناسی کچم و داوای لێبوردنیان لێدەکەم کە بە هۆی منەوە زۆر ئازاریان چێشت .

...کۆتـایی...

***حەسەن کاکەی هاوڕێ  و خۆڕاگر***

***لە ڕۆژنامەی( ڕێگای  کوردستان) وەرگیراوە***

***ئامادەکردنی / باوکی ڕەسەن***

پاییزە ئێوارەیەکی درەنگ وەختی ساڵی (١٩٣٥) هەیبەسوڵتان شەدەی سەری خۆی راوەشاند و موژدەی لە دایکبوونی بەچکە خۆرێکی بەشاری (کۆیە) بەخشی و کوردستانی هێنایە خرۆشاندن . ئەو ئێوارەیە (حەسەن کاکەی) بێ ناز و خێر لە خۆ نەدیوو میرخاسانە ، هەڵسایە سەر پێ و وەك هەور بەرووی تەخت و بەختی پاشایەتی ئەو سەردەمە کەوتە گرمە گرم و تریشق و هۆڕ . راستە تەمەنی شەست ساڵەی خوێ ، خۆێندنی سەرەتای نە منالّی تێدابوو ، نە ماچ و نە خۆشەویستی ، نە نان و نێرکە پیواز ، بەڵام پڕ بوو لە نیاز و خەون و موژدەی زەردو سوور .

ئەو تازە خەتی سمێلی ، لە گەڵ وەنەوشەو نێرگزی دەستی هاموون ، ڕاز و نیازی بوو ، کە بوو بە ئەندامی حزبی شیوعی ، ساڵی ١٩٥٤ دووەم ڕۆژی لە دایك بوونەوەی ئەو بوو ، چونکە ئەو بووە سەرقافڵەچی خۆپیشاندانەکەی بەردەرکی سەرای کۆیە و هەرای دژی حلفی بەغداو مانگرتنی لەگەڵ ڕەش و رووتە بێ نەواکانی بن دیوارانی ئەو سەردەمە ، لە پێش (مام ئەسعەدی کفن لەبەر) خۆ بۆ شەهیدبوون رەپێش دەکرد . لە ڕۆژانی هەڵبژارندنی ساختەی پەرلەمانی ئەو وەختی ، لەگەڵ هاوڕێ(محمەد حەیدەری) برینداریش لە خۆپیشاندانی دژی ئیستعمار ، زامی بریندارانی دەپێچایەوە . کە ساڵی (١٩٦٣) بەعسی ڕوو ڕەش ویستی کوردستان ڕەش و خۆڵ پۆش بکات , (حەسەن کاکە) ڕووی شاخی گرت و سەنگەری لێگرتن ، کە گەڕاوە ناو شاریش هەر خۆی لێژنەو ڕێکخەری شار بوو و کە دیسان لەشکری شەڕیان بەرەو کوردستان وەرێ خست ، لە ساڵی (١٩٦٦) دیسان قوڵی شاخ و داروبەردی کردە ئاگری بەڕووی دوژمنانی کورد ، هەرچەند ئەو وایدەزانی سەردەمی کۆماری خەونەکانی ئەو دەهێنێتە دی ، بەڵام یەك چرکە ، سڵی نەکردووە کاتێك دوژمنانی خاك و خۆر و گوڵ ویستیان هەر هەموو شتە جوانەکانی وڵاتەکەی بسوتێنن ، بخنکێنن . بەیاننامەی یانزەی ئازاری (١٩٧٠) ئەوی هێناوە ناو باژێری شارەکانی کوردستان و ماندوو نەناسانە کەوتە کار ، بەڵام کاتێ گەلە گورگی بەعس پەلاماری ئەم میللەتە ستەمدیدەی دایەوە ، ئەو دیسان تفەنگی شەرەفی کردەوە شان و چۆوە باوەش کونەیاری خۆی ، شاخە سەرکەشەکانی وڵات .

دوژمنان چ فرت و فێڵ و تەلەکەبازییەك نەما ، بۆ ئەم پێشمەرگە بە ئەمەکەی نەنێنەوە ، تا لە (١٩٨٦/٧/٢٠) لە گوندی قەرەنیاغا بە پلانێکی نامەردانە ، یەخسیر دەکرێ و رادەکێشرێتەوە ژووری ئینفرادی زیندانییەکانی ئیستخباراتی سەربازی هەولێر , دوای (١١) مانگ لە تەعزیب و دارکاری کردن لە نێوان فەرمانگەی ئیستخباراتی بەغداو ئەمنی عامەی بێ نامووس و مەحکەمەی ناعادلی ئەو گورگ و چەقەلانە حوکمی ئەبەدی بۆ بڕایەوە ، ئەو زیندانیە خۆڕاگرە قاچیان دەشکاند ، ئوتوی سوورکراوەیان بەشان و پشتیا دادەهێنا ، بەدەفرو جامان تیزابیان بەدەست و قاچی دادەکرد ، دەیان هاوڕیان لەبەر چاو هەڵواسی تەعزیب لە ژێر دارکاری شەهیدیان کردن ، بەلام ئەو هەر بەخەبەر و خۆراگر مایەوە ، کە لە ساڵی (١٩٨٨) عەفوی عام درا ، ئەو هێندە بێ کەڵك بوو بوو . هەر وەك سێبەرێکی باریك بەسەر زەویەوە دەسوڕایەوە ، بۆیە حیزب بڕیاری دا کە بینێرێت بۆ مۆسکۆ بەمەبەستی چارەسەر، لە رێگا فارسەکان پتر لە پەنجا شەو زیندانی دەکەن و ئازاری دەدەن کە گەیشتە مۆسکۆ ، دواتریش لە ولاتی سوید وەك کەم

ئەندامێکی ژێر چاودێری تەندروست خراپ مایەوە . ئەندامی لێژنەی هەولێر بووە ، هەر لە شاری کۆیە خزمەتی نەپساوی خۆی بە کورد و نیشتمان و حزبەکەی دەکات ، لە ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٣١) حەسەن کاکە لەگەڵ یانزە کەسایەتی تری شاری کۆیە ، خەلاتی سید ئیبراهیمی پێبەخشرا وەك وەفاداریەك بۆ ئەو هەموو خەبات و ئازار و شەو نخونییەی کە لەپێناوی دا ڕۆژێکی پرشنگدار بۆ کورد و کوردستان چێشتوویەتی خەلاتی سید ئیبراهیم سالانە لە لایەن بنەماڵەیەکەیەوە پێشکەش دەکرێ بە چەند ئەدیب و هەنەرمەند و کەسایەتیەکی شاری کۆیە ، بۆ ئەم ساڵیش ئەم خەلاتە بەخشاریە مامۆستا وریا ئەحمەد ، زاهیر محمەد ، ئازاد دڵزار ، فازیل شەورۆ ، عەبولخالق عەلائەدین ، ناهیدی حوسینی ، هێرش بەگیخانی ، نەزدەی بەگیخانی ، جانا تۆماس و حەسەن کاکە.

ئەرشیفی

وێنەکان

چونکە زۆربەی ڕۆژانی تەمەنم دەربەدەری و ئاوەرەیی بووە ، نەمتوانیوە وێنەو بیرەوەرییەکانم هەلگرم و بیانپارێزم. سوپاسی ئەو ئازیزانە دەکەم کە بە هێندێك لە وێنەکان هاوکاریان کردم و بۆیان ناردمەوە.

## پڕۆفایلی شاعیر (فازیل شەوڕۆ)



- (فازیل شەوڕۆ) لە شاری کۆیە لە ساڵی (١٩٥١) لە دایکبووە.
- (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- (١٩٧٢) یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە.
- (١٩٨٢ – ١٩٩١) هەشت پێشەنگای هونەری و فۆلکلۆری لە شارەکانی کوردستاندا کردۆتەوە.
- (٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆگەریی (شەهید)ی لە شاری (سرت) لە (لیبیا) پێبەخشرا.
- (٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دبلن)ی خزمەتگوزاری لە (کۆماری ئایرلەندای خوارو) پێدرا.
- (٢٠١٠) خەڵاتی (سەید برایم)ی پێبەخشرا.
- (٢٠١١) خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیەی پێدرا

- (٢٠١٣) خەڵاتی (فیستیڤاڵی شیعری نەتەوەیی کوردی)ی لە هەولێر پێدرا.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- چالاکە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و

پەروەردەکاری و کۆمەڵناسی و گێڕانی کۆڕ و سیمینارردا .

- بەرهەمی چاپکراو:

  - (کۆترێك لە ئاگر) شیعر. (٢٠١١). چاپخانەی شەهاب - هەولێر.
  - (دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا) لێکۆڵینەوە (٢٠١٢). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.
  - ( هەورازەکانی کاروانی تەمەنم- حەسەن کاکە) دارِشتنەوە (٢٠١٣) . چاپخانەی شەهاب - هەولێر.
  - (دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) لێکۆڵینەوە (٢٠١٣). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.
  - (رەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا) لێکۆڵینەوە. (٢٠١٤). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.
  - ( سەدای شیعر) بەرهەمی هاوبەشی نۆ شاعیر. (٢٠١٤). خانەی چاپی ئەربیل – هەولێر.
  - ( ماچەکانی ئێوارە کازیووە) شیعر. (٢٠١٤). چاپخانەی شەهاب – هەولێر.

# پێرســـت